شەبەنگی
زوانی کوردی هۆرامی
لە کاساکان تا ...

کۆمەڵە وتار:
مێژوویی / زوانەوانی

نووسین و لێتۆژینەوە:
عادڵ محەمەدپوور

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

شەبەنگی
زوانی کوردی هۆرامی
لە گاساکان تا ...

کۆمەڵە وتار:

مێژوویی/ زوانەوانی

نووسین و لێتۆژینەوە:

عادڵ محەمەد پوور

لەسەر ئەرکی بەڕێز جەمیل هەورامی لە چاپدراوە

لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی رۆشنبیریی هەورامان

ژمارەی سپاردنی (١٤٣٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ ی وەزارەتی رۆشنبیریی پێدراوە

چاپ: چاپخانەی بابان

تیراژ: ٥٠٠ دانە

قیمت : ١٥٠٠ تمەن

کوردی هورامی سامانێکی بە پێز بۆ زوانی ستانداردی کوردی ٧
ئاخێزگەی جوغرافیایی/مێژوویی زوانی کوردی و پێوەندی ٤١
ئۆرۆمۆن (هۆرامان) لە توێژاڵی دەمقاڵەوە بۆ مەدلوولی راستەکی . ٦١
کوردستان، هۆرامان، پیرشالیار ٧٥
هورمزگان سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری نویساری کوردی ١٠٣
لێکۆڵینەوەیەکی زوانەوانی لە سەر دەستەواژەی مەریوان ١١١
مێژوو، کورد، نزامی گەنجەیی ١١٩

چەند پەیڤێك بۆ پێشەكی

خوێنەرانی ئازیز- ئەم كتێبەی لە بەردەستتدایە یەكێكە لە بەرهەمەكانی نووسەر و توێژەر (عادل محەممەد پوور)، ئەم كەسە ناوێكی نەناسراو نییە هەتاكو من بە ئێوەی بناسێنم، لەوەش گەوترە پێناسەیبكەم، چونكە چەندین ساڵە وەك رۆشنبیرێكی دیار و دەركەوتووی ناو هەورامی زمانان ناسنامەی رۆشنبیری خۆی هەڵگرتووە.

وەك خۆم بە چەند بەرهەمێكی دیدەمەست بووم، لە خوێندنەوەیانەوە هەر زوو بۆمدەركەوتووە، بەرهەمی كەسێك دەخوێنمەوە نەوەك هەر خاڵی نییە، بەڵكو بە رادەی لێوان لێو پڕە و هەندێكجاریش لێیدەڕژێت، لەوەش دڵنیابووم هەر خوێنەرێك نووسینەكانی بخوێنێتەوە هەمان هەستی لا دروستدەبێت، (محەممەد پوور) ئەو كەسە نییە لە ناو سروشت و سوننەتدا بژی ونووسنەكانی لە سەر تەنها مۆدێلێكی چەقبەستوو لە قاڵبدات، ئەم دەیەوێت بە دنیایەك لە سەلیقە و ژیرییەوە سروشت و سوونەت بخوێنێتەوە و پەیامی وردوخاشكردنی قاڵبە دارێژراوەكانی پێیە، ناخوازێت بۆ لای خوێنەر بێتە خوارەوە، بەڵكو مەبەستییەتی دەستی خوێنەرەكەی بگرێت و بەوردەكارانە لە خۆی نزیكبكاتەوە،

هەرچەندە زۆر چاك لەوەش ئاگادارە كە ئەمە ئەركێكی گرانە، بەلآم پێماندەڵێت پێویستە جێبەجێبكرێت.
لەم كۆمەڵە وتارەدا كە بە ناونیشانی (شەبەنگی زوانی كوردی هـۆرامی لـە گاسـاكان تـا..) بلآودەكرێنـەوە، كاكـە (عـادل) شـانیداوەتە بـەر بـارێكی قـورس كـە ئـەویش خـەمی (مێـژوو، دیالێكت و كولتوور)ی پێكهاتەیەكی كۆمەلآیەتیی گەورەیە كە دەتـوانین بڵـێین بـە رەسـەنترین پێكهاتـەی نـاو كۆمـەڵی كـوردەواری لـە قەڵەمـدەدرێت، خەمەكـەی خـەمی هـەموو مرۆیەكی دڵسۆز و خاوەن ئەقڵێكی كراوەیە كە مەبەستی بێت هەموو چەمكە جیاوازەكان بە شێوازێكی نویٚ بخوێنێتەوە و تـەپوتۆزی زەمانـەیان بەسـەرەوە بتـەكێنێت و لـە ژێـر داروپـەردووی داڕزاوەكاندا بیانهێنێتـە دەرەوە، هـەتا بیانكاتـە چەپكە گوڵی نێو گوڵدانی كولتووری كوردی.
هەر لێرەشەوە دەیەوێت پێمانبڵێت دیالێكت و كولتووری ئێمە هەر ئەوە نین لە چەند شوێنێكی لە یەكدابڕاودا بەرهەمهێنرابن و خـەڵكان پێیانـەوە وابەسـتەبن لـە ئێسـتاشدا نـرخ و بـەهایان نـەمابێت، بەڵكو ئەمانە شتگەلێكی گـەورەن و ناكرێت هـەوڵی كاڵبوونـەوەو بـچووككردنەوەیان بـدرێت، چـونكە هـەرگیزا و هـەرگیز بـەردی رۆخانـە نابێتـە بڵقـی سـەر ئـاو، بۆیـە زۆر بـە بابەتییانـە دێتـە مەیـدان، هـەتاكو ئاسـتێكی تاقـەتپڕووكێن

ئـــەودالّی کۆکردنـــەوە و تـــاوتوێکردنی سەرچـــاوەکانیەتی، هەتاکو بتوانێت بەرهەمەکانی بە نایابی بخاتە پێشچاو.
ئەگەرچـی بەرسـیلە و مێـووژ هـەر یەکـە و شـتێك لـە چـێژی تریێـان تێدایـە، بـەلاّم پێموایـە هـەرگیز قـەرەبووی تاموچـێژی ترێیـەکی بـە تـام ناکەنـەوە، بـە خوێندنـەوەی نووسـینەکانی (کاکـە عـادل) ترێیـەك چـێژدەکەیت کـە هـەرگیز ناهێڵێـت تەنانـەت لـە ئەندێـشەشدا ئـارەزووی بەرسـیلە و مێوژبکـەیت، چونکە نە بە کاڵی دەستی بۆ بردوون و نـە هێشتویەتی رەق و پەزێرە ببنەوە.
هەرچـەندە لـە مێـژەوە وتـراوە دیـاری شـوان شـنگ، یـان هاڵەکۆکـە. بـەلاّم ئەگـەر ئـەرکی زۆر و جـەنجاڵی نەبوایـە لەوانەبوو بمتوانیایە پەیڤەکانم بۆ ئەم کتێبە جوانتربکەم.

ئەیوب رۆستەم

سلێمانی- ١٥ /٦ /٢٠٠٨

کوردی هۆرامی، سامانێکی بە پێز بۆ زوانی ستانداردی کوردی

بە وتەی (ئادرین ریچ) نووسەری ئامریکایی: «زوان دەسەڵاتە و وەك پرەنسیپێکی کاریگەر دەبێتە هۆی ئاڵ و گۆڕ». لە سەر رافـەی واتـایی ئـەم وتـە دەتـوانین بڵـێین پێناسەی ناسنامەی فەرهەنگی هەر نەتەوەیەك پەیوەستە بە رۆڵـی سـەرەکی زوانـەوە. بەڵام کورد سەرەڕای ئەمە کە خاوەن بنچینەی زوانی خۆیەتی، کەچی هەر ئەم زوانـە بوتە قەیرانێکی مەزن بۆ ئەم نەتەوە.

کێشەکان و قەیرانی زوانی کوردی:

الف: کورد وەك خاوەن فەرهەنگێکی رەسەن و مێژینەمەند و بـەربڵاو و یاگـە و پێگەدار، هێشتا نەیتوانیوە زوانێکی یـەکگرتووی هەمـە لایەنـەی لـە سـەر پرەنـسیپی هەڵبژاردن و نورمی ئاسایی زوان و رێکەوتنی فەرهەنگی و هاوسەنگی نەتـەوەیی بـیێ. چوونکای بە شێوەی ئاکادێمی و زانستی و بونیاتی زوانەوانی بـاس لەسـەر پێکهاتـەی زوانی ئێستانداردی کوردی نەکراوە. ئەویش بۆ خۆی هۆکـارێتی مێـژوویی، سیاسـی، کۆمەڵایەتی، رێبردی و... هەیە کە لـە خاڵی «ب» دا ئامـاژەی پێدەدرێ. کوا کـۆڕی زانیاری و ئەنستیتۆی زوانەوانی کە تیشکۆی رێـزوان و رێـسای واتـایی و کـاربردی شێوە زوانەکانی تری لـە خۆوە گرتبێت؟ کوا کۆکراوەی فەرهـەنگی فۆلکلـۆریکی و شەقامی لـە سەر گەنجینەی هەموو زاراوەکان کـە ببێتـە بەڵگـەی چەسـپاندنی زوانـی

یەکگرتووی کوردی؟ ئەو زوانەی کە ئێستا بە زوانی یەکگرتووی کوردی دەناسرێ، تەنیا هی ناوچەیێکی کوردستانە و ناتوانێ، پێکهاتەی واقیعی کوردستانی یەکپارچە بێت. لەم شێوە زوانەدا بە پێی ئارکئۆلۆژی و مێژووی زوانی رەسەنی کوردی لە پێکهاتەی زوانەوانیدا هەندێ رێسا، رەچاو نەکراوە، وەك کەلێن و بۆشایی تیادا دەبینرێ، ئەبێ بە وەرگرتن و موماڕەسە و هەڵێنجاندنی فێرکاری، لە شێوە زوانیەکانی تردا، ئەم کەلێنانە پڕبکرێتەوە و ئەنجا واقیعی ئێستراکچێری زوانی یەکگرتووی پێوە بلکێنین ئەمە ئاکادیمی تر و ئارۆیانەترە لە رووکردی زوانەوانیدا.

ب: جگە لە کوردستانی باشوور – کە ئێستا هەلی بۆ رەخساوە و خەریکە ئۆکسیژنی ئازادی هەڵدەمژێ، ئەویش هێشتا هەندێ کەلێن و بۆشایی وەك: کێشەی زەوی و جوغرافیا لە فرە لایەنەوە لە ژێر شیمانە و پرسی نەیاراندایە و ساغ نەکراوەتەوە. جگ لەم پارچە، کورد خاوەنی دەسەڵات نییە و نەبووە، نەیتوانیوە لە بارگەی سیاسییەوە، رەوتی زاڵبوونی فەرهەنگی و فیکری و دێمۆکراسی و... خۆی بچەسپێنێ بە پێی رووکردی دێمۆکراتیکیانە و هەڵبژاردن و رێکەوتنی هاوڵاتیان و شارۆمەندان لەسەر فرەدەنگی و پێکەوە گونجانی فەرهەنگی، تا کوو شێوەزمانێك لە پێکهاتەی زمانی کوردی بە گوڕ و وزەی دیالێکتەکانی تر، زاڵ بێ و بێ بە بەردی بنەڕەتی و نەتەوەی کورد وەك باقی وڵاتانی تری جیهان، زوانی ئێستاندارد (یەکگرتوو) یان هەبێ. بەڕای نووسەر ئەبێ ئەم خاڵە بنەڕەتیانە لە داهاتوودا بۆ کورد بچەسپێ تاوەکوو خاوەنی دیاردەی زمانی یەکگرتوو بێ. لە هەر دوو حاڵەتدا، چە زمانی یەکگرتوومان بێ و چە نەمانبێ لە رووکردی زوانەوانی ئێستاییدا، واقیعی زوان داناشاردرێ، زوان هەر زوانە و دابەشکردن لە پەیلوای سیاسیدا بە زوان و نیمچە زوان و شێوەزوان و... هیچێك لە بایەخی واقعی زوان و... چەمکی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری و کوردپەروەری مرۆڤەکان لەو گلێرگەدا کەم ناکاتەوە. فەرهەنگ ئاخێزگەی زوانە، هەر جەماوەرێك خاوەن دیاردەی فەرهەنگی بێ – جیاواز لە ئاستی شارستانیەت/ مەدەنیەت و دواکەوتوو/ پێشکەوتوو – بێگومان

خاوەنی زوانیش هەیە. هەروەها کە کورد خاوەنی فەرهەنگ و زوانە بەڵام نە چەقدابەستن لە سەر شێوەزوانێك وەلاخستنی ئەوانیتر.

ج: لەم وتارەدا بە بێ مەبەستێکی تایبەتی و بەبێ ئاڵۆز و تەماوی کردنی کێشەی زوان، ئەز لە دوو گۆشەنیگاوە دەڕوانمە زوان، یەکەم: پێوەندی دیالێکتیکی/عەقڵانی و واقیعی/لۆژیکی زوان لە گەڵ فەرهەنگدا (باسی زانستی – ئاکادێمی زوان). دووەم: پێوەندی زوان و دەسەڵات (باسی زوانی پێوەر – سیاسی) کە بەرهەمی سەرکەوتنی سیاسی نەتەوەیەکە و وەگەڕخستنی دەسەڵاتی سیاسییە بۆ ئەو نەتەوە. هەر دووی ئەمانە باسێکی زانستی زوانەوانی ئێستایی و هەنووکەیی زوانەوانەکانی ئامریکاییە کە شیکاری زوان و فەرهەنگ و دەسەڵات و جیهانبینی وتەبێژانی زوان (ئەنترۆپۆلۆژی) بەڕووکردی زانستی، دەخاتەڕوو، بەتایبەت بۆچوونە زوانەوانیەکانی: «ئێدوارد ساپێر»، (١٩٢١ز) زمانەوانی مرۆڤ ناس و «بنیامین وۆرف»، ١٩٥٦، زمانەوان و شاگرد و ژێردەستی ساپێر و توێژکاری زوانی سوورپێستەکان و «رابێرت ا. هاڵ» زوانەوانی ئامریکایی کە کتێبی «زمان و زمانەوانی» نووسی بۆخەڵکی شەقام لەسەر جەبرگەرایی زمان (Linguistic determinism) و هەر وەها بۆچوونەکانی دوکتور کورشی سەفەوی، مامۆستای زمانەوانی لە ئێران ئەنجا وروژاندنی باسی مێژووی زوان. (١)

د: پشت بەستن بە رووکردی زوانەوانی، چەمکی زوان بۆ بابەتی ئەم نویسارە بەکار دەهێنم، هیوادارم خوێنەری کورد بەچاوی واقیعی زوانەوانی سەیری ئەم باسە بکات، نە روانینی هەڕەمەکی ناوچەگەری و پەیلوای ساویلکانەی سیاسی لە سەر پرەنسیپی دەسەڵات و توتالیتەی زوان، چوونکای خەریکم لە سەر واقێعی زوانێ قسە ئەکەم نە ئاراستەیەکی تری زوان. رۆچوون بەسەر مێژینەی زوانەکەمان بە شێوەی زانستی و فرەسینگی، دەتوانێ بۆشاییەکان و کەلێنە نادیارەکانی ناسنامەی نەتەوەی کوردمان بۆ پێناسە بکات و لە دەلاقەی واقیعبینیەوە، بڕوانینە نیازە سەرەکیەکانی سەردەم و داهاتوو و هەندێ نیازی رێبردی و رەوانی و پسیکۆلۆژیای زوانەوانیمان

چارەسەر بکەین و بەواتایەکی تر کاربکەین، تا لە ڕێگای پێناسەی چەمکی زوانەوە کە هەمان پێناسەی نەتەوەییە" بگەینە شاکێڵەی بەرزی دۆزە ڕەوا و مێژووییەکانمان و بە وشیاری گشتییەوە لە دەلاقەی داهاتوودا، بە شێوەی دیمۆکراتیك و فرەدەنگی و پلۆرالیزمی زوانی، زەمینە بۆ پێکهاتەی زوانی یەکگرتوو - پێوەری پتەو و دەوڵەمەند، فەراهەم بکەین. قۆناغێکیتری ئەم وتارە، کە باسی ڕەوتی مێژوویی زوانی کوردی هۆرامییە" بەراوردکارییەك نێوان زمانەکۆن و ناوین و ئێستاییە ئێرانیەکان و نواندنی هەندێ بەڵگەی نڤیساری بۆ چەسپاندنی مێژینەمەندی کوردی هۆرامی و هاتنەگۆڕی ژانری شێعر، وەك یەکەی نڤیساری زوانی کوردی بە تایبەت شێوەزاری هۆرامی.

الف: پێوەندی فەرهەنگ و زمان:

چەمکی فەرهەنگ یان هاوسەنگە ئینگلیزیەکەی culture کە تایلر (١٨٧١) کە بۆ هەوەڵین جار لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، سازی کرد، بوو بە تەنها یەکەی جیا کەرەوەی مرۆڤ و ئاژەڵ.

فەرهەنگ لەم ڕوانگەدا یانێ ڕێ و ڕەسمی ژیانی گلێرگەیەك. لەم ڕووکردەدا دەبێ تاك، زانیارێکی ئەوتۆ لە بارەی «چۆنبوون» و «چۆن ڕەفتارکردن» کە لەو کۆمەڵگەدا ئەژی بەدەست بێنێ، بە پشت بەستن بەم ئاکارە، ژیانی سۆسیایی خۆی بەڕێوە ببات و بیکاتە هەڵس وکەوت لە گەڵ تاکەکانی تردا، لەم ڕەهەندەشدا بێگۆمان پێویستی بە هەندێ چەمکی فەرهەنگی وەك هونەر، ئەدەبیات، مۆسیقی و... هەیە. ئەم هەڵس و کەوت و مۆراڵە کۆمەڵایەتیانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی لە ڕێگەی زمانەوە، ڕاگوێز دەکرێ کە بۆ خۆی دابینکەری تایبەتمەندی نەخشی فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگەتە. چەشنی ڕووکردی فەرهەنگی هەر کۆمەڵگەیەك، واتە ئاستی پێکهاتەی ڕێکخراوە فەرهەنگیەکان، تەنیا فاکتێکە بۆ هەڵاواردنی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو لە کۆمەڵگەی دواکەوتوو و سەرەتایی. کۆمەڵگەی پێشکەوتووی سەردەم بۆ ئەوەی خاوەنی هەندێ دام و دەزگا و ڕێکخراوەی فەرهەنگی و مەدەنی و

کۆمەڵایەتی و رامیارییە، وێڕای هەڵگری فەرهەنگی رەسەن، خاوەنی ئەم فاکتە مودێرنانەتە کە ئەوانیش لەسەر هەندێ بنەمای نەتەوایەتی و ئاینی و کۆمەڵایەتی بونیات نراون.

لە دنیای پێشکەوتووی فرە فەرهەنگی ئێستادا لە سەر تەماسی ژیار و عەقڵانییەتی مۆدێرن، لە گلێرگەیەکدا کە بێگومان خۆیان بە یەك نەتەوە و سەر بە یەك وڵات دەزانن، زوانەکەشیان جۆراوجۆرە. بە پێچەوانەش فرە زوانەش لەم چەشنە کۆمەڵگانەدا، هەمان رەنگدانەوەی فرە فەرهەنگییە، لە هەمان کاتدا قەیران و لە ناوچوونی فرە زوانی بێ یەك و دوو دەبێتە هۆی توانەوەی وزەی فرە فەرهەنگیش. تواندنەوەی زوانێك، دەبێتە هۆی دابڕانی پێوەندی فەرهەنگی ئەو نەتەوە و شێوازی ژیانەکەیان و کوژانەوەی رووناهی نبووغی کۆمایی ئەو گەلە و تەنانەت لە ناوچوونی قابلییەت و توانستی بەشێك لە مێشکی مرۆڤەکان، بیرمەندان پێیانوایە لە گەڵ تیاچوونی هەر زوانێك پاژێك لە دەفتەری مێژووی مرۆڤایەتیش دەبەسترێ. بەڵام رسکاندن و فراژوێ کردنی زوانێ دەبێتە هۆی ئەکتیو کردنی پێوەندییە سۆسیاییەکان و هاوژینێکی هاوتەبایانە لە نێویاندا. ئەم دیاردەیشە لە سەر پرۆسەی فێرکاری و هاریکاری نێونەتەوەیی و دان نان بە (ئەویدی، دیگری) دێتە ئارا و پراکتیزە کرن. نموونەی وڵاتی هیندوستانە کە خاوەنی پرۆژەیەکی فەرهەنگییە بە ناو «پلۆرالیزمی زوانی». بە حەشیمەتێکی یەك میلیارد کەسی، سەرچەشنێکە (ئولگوو) بۆ عەقڵانییەتی ژیانی ئێستایی لە نێو وڵاتێکی سەربەخۆی فرەزوان و فرە فەرهەنگ ئەویش لە رۆژهەڵاتدا. لە یاسای بنەڕەتی ئەم وڵاتەدا، «هیندی و ئینگلیزی» دوو زوانی فەرمی و رەسمین، ١٨ زوانی سەرەکی و ٤١٨ زوانیتر، واقیعیان هەیە و رەنگەش ئەم پاژە زوانانە هەر کام تەنیا ١٠٠٠ کەسی قسەکەریان هەبێ. بە شێوازێ یاسای ئەم وڵاتە چێکراوە هەر تاکەکەس و شارۆمەندێکەو مافی هەیە بە زوانەکەی خۆی گۆ بکات و پارێزگاری لێوە بکاتن. دەسەڵات کە هەڵبژاردە و نوێنەری یاسایی ئەو خەڵکانەتە، بە ئەرکی خۆی دەزانێ لەم پرۆسە فەرهەنگییە بە باشی بە ئامێری

فێرکاری و ڕاگەیاندن ئەم هەرێمە زوانییە فەربەتر (قەڵەوتر) بکات.

لە نێو ئاوا کۆمەڵگەیەکی فرە زوانیدا، کە تەبعەن خاوەنی فرە فەرهەنگیشن، لە سەر رووکردی هەڵبژاردن و تەبابوون، ئیتر چەشنی زوان و رەچەڵەك و رەنگی پێست و ئایین و... باوی نامێنێ و دەتوێنەوە، توێژی رەسەن و باڵا و مامناوەندی و پلەنزم و کاتی و... رێکەوتن دەکەن و پرۆسەیێك بە ناو «هاو فەرهەنگی» لەو کۆمەڵگەدا، ساز دەکەن. خاڵی گرێدەری ئەم هاو فەرهەنگیە و ئەم رووکردە دێمۆکراتیکیەش، بێ گومان چەمکی زوانە. زوانە کە دەتوانێ لە عەینی جیاوازی و فرە رەهەندی، گلیرگەیەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو بە دوور لە دەمارگرژی و دژکاری تەنیا بە دەنگدان، پێکبهێنێ. ئەم هەوڵە ئیستایی و پێشبەرە دەبێتە هۆی ئەوە پێوەندی زمان و فەرهەنگ لە ئەنترۆپۆلۆژییەوە (مردم شناسی) بگوێزرێتەوە بۆ پانتایی «زمانەوانی». رووکردی ئاشتەوایی (زمان و فەرهەنگ) بوو بە هۆی گۆڕانکارییەك لە چەشنی روانینی زمانەوانانا. لە نیوەی هەوەڵی سەدەی بیستەم دا لە بۆچوونەکانی «ئێدوارد ساپیر» - ١٩٢١ - و بنیامین وورف - ١٩٥٦ - دا بە خەستی رەنگی دایەوە و بوو بە گریمانەیەکی زمانەوانی بە ناو «جەبرگەرایی زمانی» (Linguistic determinism).

«ئیدوارد ساپیر» پێی وابوو: (٢)

«زوانی هەر نەتەوەیەك، ئەگەریش ئەو زوانە هەرچەندە لە روانگەی مەردوم شناسیەوە، دواکەوتووبێ، لە ئاستی خۆیدا کامڵ و بێ گرێیە. تەنیا جیاوازی نێوان زوانەکان، بۆ چەمك گەلێك دەگەڕێتەوە کە ئەو برپارە، بەو زوانە دەری برێ». تەنیا جیاوازی زوان وا لە شێوەی دەربڕین و تەرزی پەیلوای جیهانبینی واچەرەکاندا (بێژەر).

بۆ نموونە، «رابێرت. ا هاڵ لە کتێبی زوان و زوانەوانیدا» دەڵێ: «زوانی (ئیسکیموو) کان و (هاتن تات) ەکان و (هۆپیە سوورپێست) ەکان و (زاپارۆ) و

(شوارا) که تەنیا خاوەنی سیستەمی عـاداتی گوتـارین، بـێ ئـەوەی پێوەنـدیێك نێـوان پێکهاتەی زوان و شارستانیەتدا هەبێت، وەك زوانی ئینگلیزی و فەرانسەوی کە زوانی دوو وڵاتی پێشکەوتووی جیهانن، بەرابەرن و هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نیـە». تـەنیا جیاوازی نێوان زوانەکان، بۆ چەشنی روانین و فەهمی وتە بێژانی ئەو زمانە بۆ جیهـانی ئۆبژەی دەورووبەر دەگەڕێتەوە (ئاستی ڕێژەیی زمان) . لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیستەم، مادە ٢ی جاڕنامەی ماڤی مرۆڤ بـۆ دۆزی مـاڤی زوان تایبـەتکراوە و هەنـدێ چەمك لـەم دەقەدا بۆ دابینکردنی ئەم دۆزە گونجاوە.

زمان دابینکەری چەشنی جیهان بینی مرۆڤە. لـە رووی رووکـردی زمانـەوە ئێمـە پەی بە هەندێ فاکتی فەرهـەنگی و رادەی فـەهم و دەرکـی نەتەوەیـەك دەبـەین: بـۆ نموونە بە قەولی د. کورۆش سەفەوی: ئێرانی بە گشتی و – کورد بە تایبەت، جەخت لە نووسەری ئەم وتارەیە – لـە هەر دە رستەدا، حـەوت کـەڕەت سـوێند دەخـوات، مەردوم شناسەکان دەڵێن: ئەمە یانێ ئەو کۆمەڵگە زۆربەیان درۆزنن، یان جنێـودان و تۆقاندن و دوعا و نزا، نیشانەی فەرهەنگی خشوونەت و توندوتیژییە».

یان بە کار هێنانی دەستەواژەی خزمایەتی وەکوو: کـچە ئـامۆزا، کـوڕە ئـامۆزا، پوورزا، میمکەزا، خاڵۆزا و... (دختر عمو، پسر عمو، دختر خالە، دختر دایی، پـسر دایی، دختر عمـە و پـسر عمـە) لـە لایـەن (کـورد) و فارسـەوە نیـشانەی پابەنـدی فەرهەنگی خزمایەتی و عەشیرەتی ئەم دوو نەتەوەتە، لـە حاڵێکـدا: بـۆ ئـەم هەشـت وشە، لـە ئینگلیسی دا تەنها «Cousin» بە کار دەبەن، یانێ خەڵکی بەریتانیا چـەندان دەرەوەستی پەیمانی خزمایەتی نین. ئەمە یـانێ جیـاوازی فەرهـەنگی کـە پەیوەسـتە بـە چەشنی ئاخێزگەی واچەکان و تەرزی دەربڕینی زوان.

لایەنێکتر کە زمانەوانەکان (بەتایبەت رابێـرت ا. هـاڵ) بـۆ چەسـپاندنی چـەمکی زمان پێداگری دەکەن، گرنگایەتی زمانی گوتارە بەسەر زمانی نڤیـساردا، بـە بـاوەڕی ئەوان:

«زمان یانێ گوتار و عاداتی گوتاری و ئاخافتن. نویسار، پێکهاتە و رەنگدانـەوەی

وتاره، لانی کەم مرۆڤ لە پانسەد هەزار تا یەك ملوێن ساڵ خاوەنی زمانی گوتار بـووە، کەچی تەنیا چەند هەزار ساڵە کە دەستی بە زمانی نویسار کـردووە. لەوکاتـەوە کـە نووسین سەریهەڵداوە».

لـەم باوەڕەدا، «نویسار، بریتییە لـە گروویێك لـە نیشانەکان کە بە دەستی خۆمـان پێکیان دەهێنین، دەتوانین بلێین دەستکردین، بەڵام زمانی گوتار، گروویێك دەنگـە کـە بە ئەندامە دەنگییەکان دەریان دەبـڕین، بـەڵام هـەر دوکیـان یـەك مەبەسـتیان هەیـە، ئەویش پێوەندی لەگەڵ دیتژانە، بەڵام کاربەخشی هەردوو، یەکسان نیە، گوتـار زاتـی زمانە و نویسار ئامرازێك بۆ تۆماری گوتار».

وەك دەزانین هۆرامی خاوەنی هەندێ پتانسیەل و توخمگەل و ڕەگەزگەلی زوانیـە، خاوەنی هەندێ ئیمکانات و وزەی گوتارییە، بەڵام بەهۆکارگەلێکی جۆراوجۆرەوە لـە ڕەوتی مێژوودا بە باشی نەنووسراوەتەوە و مومارەسەی نویساری لەسەر نەکراوە، ئەم چەشـنە هێـزە وەك: زەخـیرەی زوانـی لــە نەسـتدا ماوەتـەوە و نەیۆتـە ژێرپێـی دەسـەڵاتدارانی سیاسـی یـان ئوتوریتـەی زوانـی زاڵ. کەچـی دەبیـنین لــە ئاخـافتن و پێوەندیـیە واچـییەکاندا، بەباشـی ڕێـژەی بـەرزی فرەکانـسی نەغمــە (کرکـە) ی دەنگەکانی، دەبیسین. بێگومان، ئەم پڕەنسیپە لەزمانی هۆرامیدا بـە تایبـەت لـەژانری شێعردا، هەر لـە «گاتەکان» ی ئەوێـستاوە بیگـرە تـا شـێعری «هورمزگـان» (٣) تـا «ئورامەنەکان» (٤) و تا بێسارانی و مەولەوی و تەنانەت شێعری هاوچەرخ، گـاڤ بـە گاڤ، پارێزراوە و بوەتە هۆی ئەوە شێعری هۆرامی نەکەوێتە ژێر کاردانەوەی ئوسلوبی هەندەران، دەبێ وەك خاڵێکی پۆزەتیڤ سەیری ئـەم دیـاردە زمانیـە بکـرێ، مامۆسـتا گۆرانیش لـەسەر ئەم دابە هونەریەزمانیـە بـوو کـە گەڕایـەوە بـۆ «نەغمـەی شـێعری هیجایی». ئەمە نیشانەی ئەوە نیە کە چوون تەواو ژانرەکانی پێ بنووس نەکراوە، ئـیتر لە واقیعدا زمان نیە و زاراوەیە. (٥)

لایەنێکتر کە زمانەوان – ڕابێرت ا. هاڵ لـە کتێبی زمان و زمانەوانیـدا – جـەختی لـەسەر دەکا، لایەنی سیستەم (نزام) ی زمانە. هەر زوانێك، لـەعاداتی گوتـار (واچـە)

دا خاوەنیّ ڕیّساگەلیّکی جۆراوجۆرە، کە لە توخمە زمانیەکاندا – لەدەنگەوە بیگرە تا مۆرفیّم و واژە و دەستەواژە و لیّکدراوە و ڕستە و بەیاندا، خۆی دەنویّنیّ.

وەك ڕیّساگەلی: واچەشناسی (فۆنۆلۆژی)، ڕیّسای هاونشینی، ڕیّسای ڕیّزمانی (سەرف و نەحو)، ڕیّسای سیمانتیك (واتاناسی)، ڕیّسای کاربردی زمان.

بۆ نموونە لەخشتەی ژیّرەوە، لە زاری زاڕۆیەکەوە، باری فۆنۆلۆژی، واتایی، هاونشینی و کاربرد، بە ڕاناندن، سیّ ڕستەی هاوسەنگ: هۆرامی و سۆران و فارسی دەخەینە بەرچاو، بزانین پرۆسەی ڕیّژەی فرەکانسی کرکەکان و دینامیکییەت و بزاوتوویی کامیان بەرزتر و ئەکتیوترە:

هۆرامی: ئەدالیّ گیان، کاکەلیّم پەی کۆیّ لوا ؟
edale giyan kakelem pey koy liwa?

سۆرانی: دایە گیان، کاکم بۆ کویّ چوو ؟
daye giyan kakem bo kiwe Çu?
فارسی: مادر جان، داداشم کجا رفت ؟
mader gan dadaŝem kuga reft?

بەراوردی ڕیّژەی لاتینی دەنگەکان لەم خشتەدا:

واج (واچە)	هۆرامی	سۆرانی	فارسی
ژمارە	٢٧	٢٢	٢٣
بزویّن	١٢	١٠	٩
دریّژ	٧	٦	٥
بیّ دەنگ	١٥	١٢	١٣

١ – لە هەردوو شیّوە زوانی هۆرامی و سۆرانی لە شەش واچە (واژە، وشە) کەلّك وەرگیراوە.

٢ – بۆمان دەردەکەوێ کە رستە هۆرامیەکە هەم لە دەنگی زۆرتر کەڵکی وەرگرتووە و هەمیش رێژەی بزوێنەکانی زۆرترە و خاوەنی توخمی خێرایی دەنگ، شدت صوت(کرکە) (intensite) یە کە توخمێکی زوانی ئەڤێستا و سەنسکریتە. واتە توخمە زوانیەکانی هۆرامی لە هەردوو زوانەکە بزاوتووترە. پاشان رستە سۆرانیەکە، رێژەی بزاوتوویی لە فارسیەکە پترە.

٣ – باری هەستیاری و هێڵی دەلالی پەیام نێوان نێرەر و وەرگر لە شێوە زوانی هۆرامیدا لە هەر دوو رستەکە، قەڵەوتر و دەرکەوتووترە.

٤ – بەهۆی خسڵەتی هەوێنی دەنگەکان، رستە هۆرامیەکە، باشتر دەتوانێ مشت و ماڵ بکرێ.

٥ – رێسای هاونشینی و پێکەوە گونجانی تاکواچ و واچە و دەستەواچە و لێکدراوی لیریکای هۆرامی لە نەفسدا، خاوەنی ئامیان (هەوێن) ی رەگەزی زوانی (کرکە) یە کە زۆر و زەبەندەیە، کە لە کردە وتەکانیدا، بە هۆی هۆکاری قەتیس مانەوە لە جوگرافیاییەکی بەرتەسکی سۆسیایی و ئایینیدا، نەیتوانیوە لە ئیمکاناتی ناوەکی خۆی کەڵك وەرگرێ. زوانی هۆرامی تەنیا لە ئاخاوتنی رۆژانەدا و تا رادەیەکیش لایەنی نویساری شێعر، توانیویە لانیکەمی وزەکانی بنوێنێ. بەڵام سەدان سەد وزەیتری هێشتا، لە ناخدا ماوەتەوە و پێناسە و پراکتیزە نەکراوە. لە بەشی رەوتی مێژوویی زمانی هۆرامی هەر لەم وتارەدا ئاماژە دەدرێ بەم خاڵە.

٦– «کرکە» یان نەغمە ئەو هاماوە دەنگ یان ئەو هێشوە دەنگانەتە کە لە پێکهاتەی مورفێم و هێجادا، چڕی دەنگ و مۆسیقا، درووست دەکات و پێکەوە نەگونجانی برگە کورت و درێژەکان ئەشارێتەوە و خۆی لەگەڵ کێش ناسی عەرووزدا، جیا دەکاتەوە و دەبێتە «کمپۆزیسیۆنی شێعر» یان «ریتم» لە شیعردا و زەمینە بۆ رەخساندنی هەستیاری لیریکا ئامادە دەکات . لێرەدا لە مۆسیقارە ئاوازدانەرەکان دەخوازم، وەك پێشنیاز، ئەم توخمە بکەنە بەردی بنەڕەت و هەوێن بۆ دانانی دەزگاکانی مۆسیقای کوردی، وەك «گاه» لە هونەر

و مۆسیقای فارسی، یەکەی پرۆسەکە ببێتە «کرکـە» و نوتـەکان، گڵاڵەرێـژی هونەری بکەن.

چەند فاکت بۆ رێسای زوان وەك جەوهەری رێزمان نێوان زوانی کۆنی ئاوێستا و رەوتی زوانی هۆرامی:

- گەرداندنی هەرمانەکان و ناوەکان و جێ ناوەکان بە پێی تـاك و کـۆ و نێـر و مێ، هەڵگری باری دۆخە سینتاکسیەکانی زمانـە کۆنـە ئارییەکانـە. هەرلـەم وتـارەدا ئاماژە دەدرێ بەم خاڵە.

- رێسای واتایی (سیمانتیك) بۆسـازاندنی واتـا: لـە سـازە زوانییـەکان بـە پێـی هەڵویستی نێرەر و وەرگرتنی وەرگری پەیام و دۆخێکی تایبەت بە هۆرامی.

- رێسای کاربردی: دەنگ لە رێچکەی رستە بۆ ئاستی پەیام و واتا: کـە ئەمانـە بۆ خۆیان باسگەلێکی تایبەتی هەڵدەگرن کە پێویستە، دوایی باسیان لەسەر بکرێ.

- رێسای فۆنۆلۆژی: سیستەمی دەنگ لە هۆرامیدا، کە وەرگرتەیە لە سیستەمی دەنگ لە گاتاکان، تایبەتمەندییێکی خۆی هەیە کە هەم لە شێعردا هەر لە هورمزگان تا باباتایەر و یارسان و بێسارانی و مەولەوی و سـەیدی و شـێعری هاوچـەرخ، رەنگـی داوەتەوە و هەمیش لە ناخی ئاخافتندا حزووری هەیە، من ئەم توخمەم بە ناو «کرکـە» کە پرۆسەکەی لە سەر «خێرایی دەنگ، Intensite و تەکیـە، Accent» چـێکراوە، نێودێر کردوە و لە نووسینەکاندا باسم لە سەر کردوە. ئـەم توخمـە لـە فـرە شـوێندا زوانی کوردی هـۆرامی لـە فارسـی و عـەرەبی تەنانـەت لـە کـوردی سـۆرانی جیـا دەکاتەوە.

ب: پێوەندی زوان و دەسەڵات:

سیمای هیچ زوانێك یەك جۆر و یەك دانگ نامێنێتەوە، لە پێکهاتەی زواندا ئاڵ و گـۆڕ لـە دەنـگ و رواڵـەت دا، روو ئـەدات. تەنانـەت ئـەم ئـاڵ و گـۆڕە لەتوخمـە زوانیەکاندا، دەبێتە هۆی گۆڕانکاری. بـە پێـی هـەل و مـەرجی رووکـردی سیاسـی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەوە لە کۆمەڵگەیەکدا کە پێشتر ئامـاژەم کـرد، بـە

ئاڵ و گۆڕی چەمکی زوان، فەرایەندی فرە فەرهەنگی و فرە زوانی ساز دەبێ (دێمۆکراسی زوان، نموودی دەسەڵاتی خەڵکی). بە چاوکردن لەم باسە، لەم پرۆسەیەدا بە پەیلوای من لە دوو رەهەندەوە (زوانی یەکگرتووی - پێوەری) درووست دەبێ: یەکەم لە بەستێنەی دێمۆکراسی: دانووستاندن و مشت و ماڵ و فێرکاری و تەماس و دەنگی گشتی و رووکردی دیمۆکراتیانە بە پێی ئاستی تێگەیشتن و رێزگرتن لە هەرێمی زوانی ئەویدی، زوانێك کە وەرگرتەی دیالێکتەکانیترە لە ئاوا بەکگراوندێکدا، گەشە و نەشە دەکات و پەرە دەسێنێ و سەرەنجام دەبێتە زوانێکی زاڵ و دەسەڵاتدار. دووەم: لەرێگەی تۆتالیتاریزمی سیاسی و رووکردی پاوەنخوازی و دیکتاتۆری دەسەڵاتەوە، کە هەموو کەرەسەیەکی مێدیایی و راگەیاندن وا لە ژێر رکێفیدا، شێوەزوانەکەی خۆی سەر دەخات و دەیکاتە زوانی پێوەر، رەنگەش دەست بکا بە سەرکوتی دیالێکتەکانیتر، یان ئێهتێمایان پێنەدا. لە هەر دوو حاڵەتدا، زوانی یەکگرتوو، دروست دەبێ و پەیوەندی بە دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی، پیشەیی و مێدیایی و راگەیاندنەییوە و... هەیە. ئەنجامی پرۆسەی زوانی یەکگرتوو - پێوەری لەم گوزارەدا ئاوا خۆی دەبینێتەوە:

- زوان + دەسەڵات (فەرهەنگی، ئابووری، سیاسی، راگەیاندن، و...) دموکراتیك لە سەر پرەنسیپی دیالۆگ و یاسای دێمۆکراسی و فرەدەنگی و چەند فەرهەنگی و هەڵبژاردە - یان داسەپاو و توتالیتە و پاوەنخواز و تاکدەنگە و ناهەڵبژاردە و... - ← زمانی یەکگرتوو.

رەنگە پرسیار بکرێ، چۆن ئەکرێ کورد یەك نەتەوە بێ و چەن زوانی هەبێ ئەی چارەنووسی پرۆسەی زوانی پێوەر - یەکگرتوو بە کام ئاراستەدا دەڕوا؟

١ - بایەخی ئەم باسانە تەنیا بە مەبەستی تەیارکردنی زەمینەیە بۆ باری زانستی زوان و پێناسەی تەوەرەکانی بۆ دەوڵەمەندکردنی شێوەزوانەکانە کە چمان کەمپێکن بۆ بە گوڕ کردن و وزەبەخشی و قەڵەوکردنی فۆڕماسیۆن (تان و پۆ) ی زوانی یەکگرتوو. پێش لە کایە سیاسییەکان، فاکتۆرێك و تیشکهاوێژێك بۆ دەوڵەتی

نەتەوەیی.

٢ – مادام پێداگری زوانەوان لە سەر پاراستنی واقیعی سەربەخۆیی زوانە، زوانیش پێوەندیەکی عەقڵانی لەگەڵ فەرهەنگی مرۆڤ و چەمکی مرۆڤ ناسی و زوانی ئاخافتن دا هەیە، هەر زوانێکیش خاوەنی سیستەمی زوانەوانی تایبەتە و مافی هەبوونی سەربەخۆییشی بەو بەڵگانە کە ئاماژەم پێدا، پارێزراوە. زاڵبوونی چەمکی دەسەڵات – چ داسەپاو و توتالیتە بێت، چ هەڵبژاردە و یەکبوون و تەبایی – کە زوانی زاڵ (غالب) یان بڵێین (یەکگرتوو) درووست دەبێ، سینگەکان کراوەن، ئیتر نیازی بە دەمارگرژی و دڕدونگی و شیمانەکردن و ئاڵۆزکردن و پاشاگەردانی زوانی و تەماوی کردنی نیشتمانپەروەری و ئاژاوەی کۆمەڵایەتی و چەواشەکاری سیاسی نییە. لە جیهاندا نموونەی بەرچاو هێندوستانە کە باسمان لە سەر کرد یان دێمۆکراسیێتی زوان لە وڵاتی سویسرا. رابێرت. ا. هاڵ لە کتێبی زوان و زوانەوانیدا، لەم بارەوە دەڵێ: «سویس وڵاتێکە کە هاوڵاتیان و خەڵکی شەقام وەك باقی خەڵکانی وڵاتانی تر، نیشتمانەکەی خۆیان، خۆش دەوێ، لە هەمان کاتدا بە چوار شێوازی جۆراوجۆر، دەئەخافێن، بێ ئەوەی دژبەری نەتەوایەتی سازبکات. رەنگە لەم وڵاتەدا ئەمە تاکە بەڵگەیەك بێ بۆ چەسپاندنی نیشتمانپەروەری و پاراستنی شاکێلەی زوانەکەیان». ئەمە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا یانێ: دێمۆکراسی زوانی

لێرەدا من ناڵێم هۆرامی و کرمانجی (خوار و ژوور) و... دوو یا چەند نەتەوەن، بەڵام رام ئەوەیە کە بە پێی ئەو فاکتە زوانەوانیانە کە دەرم خست، بێ ئەوەی گومان و دڕدونگی لە دژبەری نەتەوەیی بکرێت، هۆرامی لە (سەرخان) ی زوانەکەدا، چ لە باری زانستی واقیعی زوانەوانی سەردەمەوە و چ لە باری مێژوویی و رەچەڵکناسییەوە (زبان تاریخی) چ لە باری رێزمانی و پێکهاتەی رەگناسی هەندێ لە توخمەزمانیەکان، کە پاشماوەی وتارەکە لەم تەوەرە دەدوێین، لە گەڵ سۆرانیدا جیاوازە – بۆ وێنە لە رێزمانی سۆرانیدا، ناوەکان و راناوەکان و کردارەکان، بە پێ نێر و مێیان، گەردانە ناکرێن، هەندێ دەنگ لە هۆرامیدا هەیە بەڵام هاوسەنگەکەی لە سۆرانیدا

بەرچاوناکەویٚ: (ڵ) لە وشەی: ئەڵا، ئەیا (دایك) و گەڵیٚ (گەدە) یان رەگناسی توخمی وشەگەلی «مەتیە، مازی، کەرگە، هەشە، تاتە، ژەرەژ، مووسای مووسوو، ماڕای، هەوەڕ، هەرمان و رەنگە سەدها نموونەی تریش ...» لە گەڵ هاوسەنگە سۆرانیەکەی «پوور، پشت، مریشك، ورچ، باوك، کەو، ئەخەوم، شکاندن، کاسەوکەوچك، کار و...» بە کام ڕێسای زمانەوانی، دەنگ و توخمی ئەم واچە و دەسە واچەگەلە لێك نزیك بکەینەوە، کە لە یەك تەبار و لە یەك رەچەڵەك و لە یەك رەگەز بچن - رەنگە لە داهاتوودا توخمگەلێکی زوانی پێناسە بکرێن و جەخت بکەنە سەر هاوتەباری ئەم شێوەزوانانە و ئەم گریمانەی ئێمە رەت بکاتەوە -. ئەڵبەت من لە (ژێرخان) ی زوانەکەدا کە بریتییە لە ناخوداگای کۆیی و نەتەوەیی، هاومالّی و هاوخێزانی ئەندامانی بنەماڵەی کورد بە گۆران و سۆران و کورمانج و زازا و چیترەوە ... نکولی و حاشا ناکەم. بەڵام سەرەڕای ئەمانە وەك واقع کە لە گەڵ ئەم زوانە هەنووکەییەدا ئەژین دەبینین لە فرە ڕێسای زوانەوانیدا جیاوازن، دەبیا هەوڵبدرێ بۆ پێناسەکردنی رەهەندە مێژووییەکانیان، هەوڵ بدرێت بۆ کۆکردنەوەی توخمە هاوبەشەکانیان، بۆ دارِشتنی تیشکۆی هەمە لایەنەی هەیکەلی هندێسی زوانی کوردی لە سەر قەوارەیەکی یەکگرتووی جوغرافیایی و... هاوفەرهەنگی (ئارەزووشارێك بۆ کورد).

ج: رەوتی مێژوویی زوانی کوردی هۆرامی:

١ - پێش ئیسلام:

نزیك بە ١٠ تا ١٥ هەزار ساڵ بەر لە زایین، لە سەر زەمینی (ئاری) کاندا، ئاڵ و گۆڕی کەش و هەوایی روویداوە. لەو چاخەدا، کاتی سەهۆڵبەندان و تەنانەت کاتی لێزمە بارانە بە گوژمەکان کە ونەاری نەدەدا کۆتایی پێدیٚ، دۆخی وشکێتی دێتە پێشەوە کە تا ئێستاش بەردەوامە. لە ئاکامی کەم بوونەوەی باران ئاوی رووبارەکان و چۆمەکان، ئاسایی بوونەوە. مرۆڤی بەر لە مێژوو کە لە ئەشکەوتەکاندا، پەنای گرتبوو، هاتە پێدەشتەکان و سەرپەنای بۆ خۆی درووست کرد. هەڵکۆڵینی

ئەشکەوتەکانی «پیدە» لە کێوەکانی بەختیاری لە باکووری رۆژئاوای شووشتەر ئەم وتەیە دەچەسپێنێ. ئەگەرچی هێشتا بە شێوەی عەمەلی و بەربڵاو کاری هەڵکۆڵینی کۆنینەناسی لە هۆرامان نەکراوە، شوێنە مێژووییەکان زۆربەیان دەسنەخواردە ماونەتەوە، بەڵام بە پێی هەندێ وتەی مێژووناسان، هەر ئەو کارانەی کە کراوە دەتوانێ، جەخت بکاتە سەر هەوەڵین دیاردەی یەك جێ نشینی و گیرسانەوە، و سەرپەنا دروستکردن و دەست بردن بۆ سروشت و دروستکردنی کەرەسە لە بەرد و... دەسپێکی هەوەڵین ئاسۆی ژیان و ژیار و شارستانیەت، لە هۆرامان.

ئەو بەڵگانەی کە لە چاخی پێش مێژوو لە ئاقاری هۆراماندا بە جێماون چەند ئاسەواری مێژووییە کە ئەویش زادەی ئەو هەوڵە توێژەوانیانەتە کە تا رادەیەك لە زەمینەی کۆنینە ناسی ناوچەکە کراوە. تەپۆڵکەی (تیانە) لە ٢٦ کیلۆمەتری رۆژاوای کامیاران بە هۆی کەشفی پارچە سوفاڵی نەخشکراوی پێش لە مێژوو دەتوانێ بایەخێکی هەرە زۆری هەبێ بۆ ناسینی باری ئارکیئۆلۆژی هۆرامان و ناوچەکە. مێژووی ئەم پارچە سۆفاڵگەلە دەگەرێتەوە بۆ هەزارەی چوارەم و کۆتاییەکانی هەزارەی پێنجەمی پێش زایین، یانێ حەوت هەزار ساڵ بەر لە ئێستا. هەروەها تەپەی (توبرەریزە) لە یەك کیلۆمەتری باشووری کامیاران بۆ ناساندنی چاخی (مس)، یان نووسراوەی (کەتیبە) ی (تەنگیوەر) لە ٥٠٠ مەتری گوندی تەنگیوەر هەر لە ناوچەی کامیاران کە سەر بە هۆرامانە، ئەم نووسراوە بە خەتی مێخی و زوانی ئاشووری نووسراوە و شەرحی یادگارانەکانی پاشاکانی ئاشوورە کە پەیتا پەیتا هێرشیان کردۆتە سەر هۆرامان، لە وتاری لێکدانەوەی (ئورومون) ئاماژەم داوەتە ئەم کارەساتە. قەباڵە (بنچاخ) ەکانی هۆرامان پاشماوەی چاخی ئەشکەکان کە بایەخێکی ئەوتۆیان هەیە بۆ روونکردنەوە هەندێ چەمکی زوانەوانی و باری بزاڤی نووسین و ژیار لە هۆرامان هەر لەم وتارەدا ئاماژەیەکیان ئەدەینێ.

ئەشکەوتی (شانەدەری) کۆنترین ئاسەواری بە جێماوی نیشتەجێبوون و روونکەرەوەی فەرهەنگ و شارستانییەتی ئەو مرۆڤانەتە کە لەوێدا ژیاون، بە گشتی

بۆ شارستانێتی کورد.

بە گوێرەی ناوەڕۆکی ئەم ئاسەوارانە مێژویی و کۆنینە ناسییە، لەم چاخەدایە کە مرۆڤ پێدەنێتە چاخێکی ژیانی ترەوە، بە تایبەت ئەو شوێنەی کە بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوی دەرکردووە، هەر لە سەرەتاوە، جێگای لانکەو سەر هەڵدانی زۆربەی شارستانیەتەکان بووە وەك: بابلییەکان، ئاشوورییەکان و ئوورییەکان، عیلامییەکان، مادەکان و گووتیەکان و لوولوویەکان، ماننایەکان و...» (٦) کە بێگومان ئەم پێنج شارستانیەتەی دوایی، کورد بوون و هۆرامانیش بێشکەی شارستانێتی کوردستان بووە.

بە وتەی مێژوو نووسان، «تا سەرەتای هەزارەی بەر لە زایین لە رۆژئاوای ئێران (کوردستان) بە عیلامی قسەیان دەکرد. لە بارەی مێژووی زمانی مادەکانەوە، بە داخەوە جگە لە چەن هەڵکۆڵین، لە تەپەی حەسار (نزیك دامغان) و تەپەی «گیان» نزیك نەهاوەند، تەپەی سیلك نزیك کاشان و گوێ تەپە نزیکی ورمێ، بەڵگە گەلێکی تر بەدی ناکرێ» . (٧)

کۆنترین ئاماژەگەلێکی مێژوویی بە دوو نەتەوەی ماد و پارس، لە ساڵنامەکانی یەکێك لە شاکانی ئاشووردا هاتووە کە لە سەفەرە جەنگییەکانی خۆی لە ناوچەی «زاگرۆس» لەگەڵ مادەکان، تێك هەڵچووە. (٨)

لە ساڵەکانی ٨٤٤ و ٨٣٦ پ. ز، بەم دوو نەتەوە «پارسوا» و «مادای» وتراوە. پارسەکان و مادەکان خزمایەتییان پێکەوە بووە «لەسەدەکانی حەوت و هەشتی پ. ز بە پێی گەشەی جوغرافیایی، هەرێمی زمانی مادیش پەرەی سەند. هەر ئەم خاڵە بوو بە هۆی یەکگرتنەوەی خێڵەکانی مادەکان». (٩)

مورتەزا راوەندی لە مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران بەرگی یەکەمدا، لە بارەی (دەوڵەتی منناکانەوە) دەڵێ: «قەومی mannا کە ناوەندی حکوومەتەکەیان، کوردستان یان لە پێدەشتی باشووری گۆمی ورمێ بووە».

«ریچارد فرای» بە چاو کردن لەو سەرچاوە ئاشوورییەکان، لە بارەی

ماننا کانەوە دەڵێ:

«ماننا، نەتەوەیەك یان پێکهاتە لە چەند نەتەوە و هۆز و خێڵ بووە، کە لە نووسراوە و هەڵکنراوەکانی «ئۆرارتۆ» بە یەك دەوڵەت یا پادشا دەیان ناسن. زمانەکەشیان رەنگە بە عیلامی بووبێ بەڵام هێشتا روون نەکراوەتەوە».

لە شتوومەك و کەل و پەلێك کە لە ئاسەواری کۆنینەی سەقزدا بە دەست هاتووە، پیشاندەری ئەم خاڵەتە کە فەرهەنگ و شارستانیەتیی مادی دەوڵەتی ماننا لە ئاستی شارستانییەتی «ئۆرارتۆ» دا بووە، کە لە باکووری و لە ئەرمەنستانی ئەمڕۆ، حکوومەتیان کردووە. ماننایەکان بە یەکگرتوویی لەگەڵ هۆزەکانی تری مادی کە هەموویان کورد بوون، لە تواندنەوەی ئاشووریەکان و گرتنی «نەینەوا» رۆڵێکی تایبەتییان بووە.

«گەزنفوون نووسەری یۆنانی لە کتێبەکەی خۆیدا (گەڕانەوەی دە هەزار یۆنانی) دا ناوی لە کورد بردووە، لە کەتیبەکانی ئاشوورییەکانیشدا ناوێك لە «کورد، کوردۆ» براوە. لە کتێبی پەهلەوی «شارەکانی ئێران» یش ناوێك لە «کوهیارانی کوردۆ» کە هەر بە کوردان ئەوترێ، براوە. (تەبەری) دەڵێ: «ئەردەشیری پاپەکان لە کوردانی «بارزنگی یان بەرزنجی بووە و کوردەکانی بارزنگی یا بارزنجیان و بیزەنجان کە بە رواڵەت یەك زاراوەیە تا ماوەیەکی زۆر پاش ئیسلام لە دەڤەری «فارس» دا نیشتەجێ بوون». (١٠)

و هەر وەها «ابن خرداد بە» و «ئیستەخری» یش بە تەسەل باسیان لە سەر کردووە. «کوردۆ» بە زمانی ئاشووری بە مانای ئازا و لێهاتوو هاتووە و لە یەکێك لە کەتێبەکانی سرجون ملك ئاشوور کە بە خەتی بزماری ئاشووری وشەی «کوردۆ» یان «کاردۆ» هەر بەو مانا هاتووە و دووریش نیە کە وشەی «گورد» بە مانای پاڵەوان و لێهاتوو هەر لەم رەگە بێ». (١١)

لە پێشەکی لوغەت نامەی دێهخودا دا، (زبانها و لهجەهای ایرانی)، دکتر احسان یارشاتر دەڵێ:

«زوانە کۆنە ئێرانییەکان، گرووپێك لە زمانە هیند و ئورووپاییەکانن کە لەگەڵ ویدا خزمایەتیان هەیە، رەگی ئەم زمانانە زمانێکە کە بە زمانی کۆنی هیندییەکان نزیکایەتی هەیە. زمانە هیند و ئورووپاییەکان بریتین لە: هیتی، هیند و ئێرانی، ئەرمەنی، بالتی، ئیسلاوی، ئەڵبانی، یۆنانی، تراکییەیی، سەلتی، لاتینی، تەخاری، ژرمەنی و...»

.

زوانە هیند و ئورووپاییەکان کە «ئاریایی» یشیان پێ دەوترێ، زمانێکە کە نێوان رەچەڵەکی ئێرانی و هیندی هاوبەشە، دوو بەشی سەرەکی هەیە: زمانە هیندییەکان و زمانە ئێرانییەکان.» (١٢)

زوانە ئێرانییەکان، لە ناوچەیەکی بەربڵاو لە باشوور بە کەنداوی فارس و دەریای عەمان و لە رۆژئاوا بە نێوان چۆمان (بين النهرين) و ئەرمەنستان و لە باکوور بە کێوگەلی قەفقاز و سارای ئاسیای ناوەندی، پێکهاتووە. لە رۆژ هەڵاتیشەوە سەراسەری ئەفغانستان و بەشێك فەلاتی پامیر تا نزیکی چۆمی سەند.

زوان و زاراوە ئێرانییەکان ئاوا پولێن دەکرێن:

- زوانە کۆنە ئێرانییەکان
- زوانە ناوینە ئێرانییەکان
- زوانە ئێستاییە ئێرانییەکان

١ - زوانە کۆنە ئێرانییەکان:

الف) پارسی باستان: بەڵگە، کەتیبەکانی شاهانی هەخامنشی (٣٤ - ٥٥٩ پ ز) کۆنترین (ئاریارمەنە) باوەگەورەی داریووشی گەورە (٥٨ - ٦١٠ پ ز) و تازەترین ئەو کەتیبانە: لە ئەردەشیری سێهەم (٣٣٨ - ٣٥٨ پ ز) کەتیبەی داریوشی گەورە لە بێستوون (نێوان هەمەدان و کرماشان) بە خەتی بزماری.

ب) زوانی ئاڤێستا:

زوانی ئاڤێستا، زوان و خەتی کتێبی ئاڤێستا، ئاخێزگەکەی رۆژئاوا یان رۆژ هەڵاتی ئێرانە! ؟ - رۆژهەڵاتی یان رۆژاوایی بوونی ئەم زوانە باسی زۆری لە سەرە،

هەندێ پێیان وایە لە ڕۆژهەڵاتی ئێران واتە خوراسان، سەریهەڵداوە و هەندێکیش ئەم پەیلوایە ڕەتدەکەنەوە، بەڵام گرنگ بۆ ئێمەی کورد پێکهاتە و تان و پۆی زوانەکەیە کە بە پێی توێژینەوەی زوانەوانە بێ لایەنەکان بە بەراوردی توخمە زوانییەکانی ئێستای زوانی هۆرامی لە گەڵ دەقی ئەوێستادا چەسپاوە کە زوانی کوردی هۆرامی پاشماوەی ئەم زوانەتە، کە واتە لانکەی ئاڤێستا و زەرتەشت بێ گومان، دەبێتە ڕۆژاوای ئێران یانێ کوردستان، بە بەڵگەی مێژوویی و زوانەوانی روونیش کرایەوە کە جوگرافیای مادستان هەمان کوردستانی ئێستا دەگرێتەوە، بۆیەکانێ هەندێك لە زوانەوانەکان پێیان وایە زوانی مادی هەمان زوانی ئاوێستایە و لە خوارەوە ئاماژە ئەدەینە ئەم پەیلوایە.

ئاڤێستا کتێبی ئایینی زەردەشت، سەرەتای دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە هەزار ساڵ پێش لە زایین، کە لە پێنج (نەسك) یان بەش پێکهاتووە:

١ – یەسنا ٢ – یەشتەکان ٣ – وردە ئاڤێستا ٤ – وایسپەرد ٥ – وەندیوداد

یەسنا: لە قامووسدا بە مانای سروودی ستایش و ئاهەنگی جەژن و شادی هاتووە و لە دێر زەماندا، گاتاکان بەشێك بوون لە یەسنای ئەوێستا و لە هۆرامیدا کرکەی «یەسە یەسە، یەزن یەزن» گۆرانییەکە کە دەوترێتەوە و بیرهێنانەوەی هەمان دروود و ستایش و شادی ژیانە. ئەگەرچی بە چەشنێکی شاد و چەپڵەرێزان ئەم نەزمە لە لایەن گۆرانیبێژانەوە دەوترێتەوە، بەڵام لە بنەمادا گرێدراوە بە هەمان دەربڕینی سۆز و شادی (توخمی کرکە) و راز و نیازی ئایینی زەردەشتەوە و وەك تۆرە، میرات و کەلەپوور لەم کەلتوورەدا ماوەتەوە و پارێزراوە.

سروودی گاسەکان (گازە) سروودگەلێکی ئاهەنگدارن، لە سەر فۆرماسیۆن و پێکهاتەی شێعری هێجایی، کە لە واقیعدا دەبنە کۆنترین و رەسەنترین پاژێك لە یەسنای ئەوێستا، بەر لە نووسینەوەیان و گلاڵەبوونیان لە ئەوێستادا، لە لایەن گۆرانیبێژان و ستڕانچڕانەوە «گوسان»ەکان، وتراونەتەوە و دەماودەم و سینگ بە سینگ گەیشتوونەتە نەوەی دوارۆژ تا دەگاتە ئەم نەوەیە کە ئێستایش لەسەر زاران

گۆدەکرێن، بەڵام ناوونیشان و شمەکێکی تریان بۆ دیاری کراوە و بە «هۆرە» و «سیاوچەمانە» و «لاوژە» و «لاوك» و... نێوزەدکراون و ئێستایش لە قامووسدا پارێزەری هەمان واتا و هەمان پەیامی کۆنن.

یەسنا بریتیە لە ٧٢ بەش (فەسڵ) کە بە هەر فەسلێکیش پێدەوترێ «هات». ١٧ هات لەم کۆمەڵە، گاسەکان پێکدێنن لەم پێنج بەشەدا:

الف) هاتی ٢٨ تا ٣٤ ب) هاتی ٤٣ تا ٤٦

ج) هاتی ٤٧ تا ٥٠ د) هاتی ٥١ هـ) هاتی ٥٢

کە ئەم هاتگەلە بە شێوەی خوارەوە ریزبەند دەکرێن:

١ - اهونودگات ٢ - اشتودگات٣ - سپنتمدگات٤ - هوخشترگات٥ - وهیشتوایشت گات

«سروودگەلی پەنجگانەی گاتا بە شێوەیەکی رەوشمەند، گلاڵە کراون کە لە دەقە وەرگێڕاوەکاندا، وێڕای گلاڵە بوونی لەسەر یەك رەوش، باس لە فرە چەشنی واتایی و هەڵسووکەوتی زەردەشت دەکات. جار هەیە زەردەشت لە حاڵی بانگهێشت و مۆچیاری خەڵکدا، دەنوێندرێ. جاریش هەیە لە حاڵی نزا و پاڕانەوە و نوێژ کردندا. یان بەتوانج و لۆمە، بۆ نەیاران. لەحنی سروودەکان، جار هەیە، مۆچیاریکەرانە و فێرکارانەیە و جاریش هەیە حەماسی و پەلاماردەر. بەڵام لەهەر حاڵدا، خاوەنی ریتمێکی موچیارکەر و وشیارکەرەوەیە.

ج) زوانی مادی:

زوانی رۆژئاوای ئێران و کوردەکان و بنەماڵەی مادەکانە، لە ساڵی (٨٣٥ پ. ز) لە کەتیبەکانی ئاشوور ناو لە زوانی مادی براوە، وشەگەلێك لەم زوانە لە نێو زوانی یۆنانی و لاتینی دا ماوەتەوە. د. جەماڵ رەشید لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی وڵاتی کوردەواری ل. ٣٥/٣٦، پێوایە: «لە سەردەمە کۆنەکاندا هۆزەکانی ماد، کە لە لایەن (هێرۆدۆت) ەوە نێوەکانیان تۆمارکراوە و هەر وەها هەمان گرووپە نێویش لە نووسینە مێخییەکانی بێستووندا دووپاتکراونەتەوە ئەوەی بۆ روونکردوین کە هۆزی

(ماگ، ماد) ەکان لە ناویاندا سەرپەرشتی لایەنی رۆحی نێو هۆزەکانی تریان کردووە. و ئەو بیر و باوەڕە پیرۆزە کۆنانەی هۆزەکانی هێند و ئورووپایی بە نێوی (ماگ) ی مادەکانەوە لە کاتێکی درەنگدا تۆمارکراوە، ئەگەر ئەو نووسینانەی ئاڤێستا لە بارەی مادەوە راست بن، دەبێت زوانی ئاڤێستا (بە تایبەت گاتاکان) بە زوانی ماد بزانین. بە پێی تۆمارکراوەکانی پاشایانی ئاشوور دەتوانین بە روونی ئاگامان لە بڵاوبونەوەی ئەم هۆزانە و لە گەڵ نێوی سەرۆکەکانیان بێت، و کەرەسەیەکی زوانیی زۆری تیایە، بەم جۆرە پێویست ناکات بە شوێن زوانێکی (مادی) تایبەتیدی بگەڕێن، کە بە هیچ جۆرێك توانای دەستکەوتنی نییە، چوونکە وادیارە زوانی تۆمارکاوی مادی کە ئەمڕۆ لە بەردەستدایە، تەنها زوانی ئاڤێستایە». نووسەر لە درێژەدا دەڵێ: ئەمەش ئەمە ناگەیەنێ کە مادەکان شێوەیەکی دی یان نەبووە. بە تایبەتی ئەو شێوەیەی دەسەڵاتدارانی ئیمپراتوریەتی ماد، مە سەدەو نیوێك لە کارگێڕی دەوڵەتەکەیان بە کار هاتووە، بەڵام لە بەر ئەوەی زوانی ئاڤێستای کۆن چەند دەقێکی خزمەتکراون و پارێزراون (لە گەڵ ئەوەشدا گۆڕینێکی دیاری بە سەردا هاتووە کردار و ئامرازانەی زوانی ئاڤێستا کە بە رێگای پیرۆزی یان لە کوردیدا ماونەتەوە و پێوەندیان بە شێوەیەکی زوانی (ماد) یەوە هەیە، دەبێت کەوتبێتە ژێر کاریگەری زوانانی پارس و پالەوی ساسانی. هەر وەکوو دیاکۆنۆف دەڵێ: ئەم زوانی ئاڤێستایە گرنگترین زوان بووە لە مادی کۆندا، بایەخی بووە و پێوەندی بە زوانە هێندوئورووپاییەکانەوە هەبووە، و نابێت ئەم زوانە بە زوانی پارسی دابنرێت، کە زانراوترین زوانی ئێرانییە.

ئەو تێکەڵاوییەی وشە نێوان مادی و پارسی دا وایکردوە بە یەك زوان بزانرێن. لە راستیدا زوانی پارسی کۆن (هەخامەنشی) زۆر سوودی لە زوانی مادی وەکوو زوانێکی ئایینی پیرۆز بینیوە، چوونکە هەر لە سەدەی هەشتەمی پ. ز مادەکان دەسەڵاتدارێی خۆیان بە سە ناوچەکانی رۆژاوای ئێراندا نواندوە، لە پاڵ ئەوەی کە زوانی ئایینی بووە و پاشان بۆتە زوانی ئیمپراتوریەتی ماد.

بەڵگەی بەرچاو لەم زوانە لە ئاسەواری هەخامەنشیدا ماوەتەوە وەکوو:

Mitra (بلـخ، بـاختر) Baxtris (گـەورە، بـزرگ) Vazraka (شـاه) Xsayaiya (مهر) ، zure (زورە، زۆری، Braizmen (پیرۆز)، Baga (خودا) کە هەنـدێکیان لـە ناو زوان کوردی ئەمڕۆدا بەکار دێن.

زوانە کۆنە ئێرانییەکان (بە تایبەت هۆرامی) لە گـەڵ زمـانی کـۆنی هیندوسـتان، زمانێکە کە سروودەکانی «ودا» ی Veda پێنووسراوە خزمایەتییەکی ئـەوتۆی هەیـە، زۆربەی کردار و پاشگر و پێشگرەکان و وشەکان وەکوو یەکن.

بۆ نموونە ئاماژە دەکەینە دە ژمارەی ئەوەڵی سانسکریت و ئەوێستایی و سـۆرانی و هـۆرامی ئێـستا لـە ئـازەری کۆنـدا: (بڕوانـە وتـاری جوگرافیـای سـەرهەڵدانی دیالێکتەکان و... لەم کتێبەدا)

ڕێزمانی زوانە کۆنە ئێرانییەکان (بە تایبەت هەورامی) لەگەڵ زمانە کۆنی هینـدی و ئورووپایی خاڵگەلی هاوبەشی هەیە بەڵام لە گەڵ ڕێزمانی ئێستای فارسی جیـاوازی بەرچاوی هەیە.

بۆ وێنە لە زمانە کۆنە ئێرانییەکاندا، لـە گەرداندنی کردارەکان (صـرف افعـال) و ناوەکان و جێ ناوەکان زەمینەیەکی بەربڵاو و تایبەتی وجـوودی هەیـە. لـە ڕێزمـانی هەورامیشدا هەر وەها.

گەرداندنی ناوەکان بۆ نێر و مێ:

هۆرامی سۆرانی

کورەکە ئاماوە کوڕەکە هاتەوە

کناچەکێ ئامێنەوە کچەکە هاتەوە

ئا گاوە لـەوەڕیای لـەوەڕیۆ ئەو گا دەلـەوەڕێ

ئاگاوێ لـەوەڕیای لـەوەڕیۆ ئەو مانگا دەلـەوەڕێ

کەرگەکێ دانێ وەرۆ. مریشکەکە دانە دەخوات

کەڵەشێرەکە دانێ چنۆ. کەڵەشێرەکە دانە دەچنێ

فارسی: پـسـر ه آمـد ، د خـتر ه آمـد

آن گاو نر مي چرد، آن گاو ماده مي چرد
مرغ دانه مي چيند، خروس دانه مي چيند

سەرنج:

– دەبینین لەفارسی و کوردی سۆرانیدا، ئەم ڕەگەزەزمانیە – پێکەوە گونجانی نێر و مێ –، ئەگەرچی لە یەك خێزانن، پێڕەو نەکراوە.

– لەوەڕیای لەوەڕێو، ڕەگەزێکی سەربەخۆیە، نیشانەی بەردەوامی کردارەکە لە خۆیدایە، بەڵام، ئەلەوەڕێ، هاوسەنگی (می چرد) ە لە فارسیدا.

٢ – زوانە ناڤینە ئێرانییەکان: (سەدەی چوارەمی پ ن)

ئەم جۆرە زوانانە لەسەر ئەساسی لێکچوونی دەنگ و ڕێزمان و واژە بە دوو جۆر دابەش دەکرێن:

الف) دەستەیی ڕۆژئاوایی ب) دەستەی ڕۆژهەڵاتی

زوانی کۆنی فارسی و ئەوێستایی و مادی و فارسی ناڤین (پەهلەوی) و پارتی و فارسی هاوچەرخیش سەر بە دەستەی ڕۆژئاوایین. و هەر وەها زمانی هۆرامی لەو گرووپە زوانیەتە. بە ڵام، زمانی سغدی، سکایی، خوارەزمی، اسی سەر بە دەستەی ڕۆژهەڵاتن.

زوانی پارتی، ئەم زوانە بە پێی وتەی زوانەوانان، زوانی قەومی پارتە لە قەومەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، زوانێکە کە لە چاخی ئەشکانییەکاندا، باو بووە، لەم زمانە دوو دەستە ئاسەوار بە جێ ماوە: یەکێك بە خەتی پارتی کە ڕێنووسێکە لە ئارامی، و هی تر بە زوانی مانەوەی و ڕێنووسی مانەوییە کە لە ڕێنووسی سووریانییەوە گیراوە.

زۆربەی هەڵکنراوەکانی شاهانی ساسانی، وێڕای بە زمانی فارسی ناڤین بە زمانی پارتیش نووسراون و هەم بە زمانی یۆنانی. کۆنترین ئەم ئاسەوارە، قەواڵەکانی هۆرامانە کە بۆ ساڵەکانی ٨٨ و ٢٢ و ٢١ ی پ ز دەگەڕێتەوە، لە چاخی «فەراتیش» یان فەرهادی چوارەم، کە سێ دانە پێست بوون ساڵی ١٩٠٥

دوزراونەتەوە لە تەنگیبەری ژاوەرۆ لە لایەن دوکتۆر سەعید خان گەیونەتە دەست پرۆفیسۆر «ئیلیس منس E. H. Mins و کاولی A. Couley، ئەم قەواڵانە، لە بارەی کڕین و فرۆشتن و مامەڵەوە بووە، کە هەم ناوی کڕیار و هەم ناوی فرۆشەر و ناوی شاهیدان، نووسراوە. ئەو قەواڵانە، بە پێی وتەی د. پ. خانلەری، محەمەد ئەمین هۆرامانی و دوکتۆر جەمال رەشید، بە دوو زمانی یۆنانی و پەهلەوی وەرگرتە لە ئارامی (هۆزوارێش) نووسراون کە هەندێ واژە و دەستەواژەی هۆرامی ئێستای تێدایە:

وەکوو: مەی وان، زەڕین، زەڕ = بوون، رەزەوان، هەمە) ، ئیك، یەك، چش، چارە.

بۆ رانانکاری (هەڵسەنگاندن) ی زوانی کوردی هۆرامی و سۆرانی لەگەڵ پارتی و فارسی ناوین و فارسی ئێستای ئێران، چەند وشە دەخەینە پاڵ یەك:

فارسی ئێستا	فارسی ناوین	پارتی	سۆرانی	هۆرامی
دانستن	Dan	zan	zanin	zanay
دل	dil	zird	dil	zel
شهریار	sehryar	sehrdar	Şehryar	Şalyar
گناه	vinah	vinas	gonah	gonah
زندگی	zindegi	zivanday	ziyan	zivay
پسر	puhr	pus	kur	kur
در	der	der	der	bere

درەختی ئاسووریك

یەکێکە لە بەرهەمەکانی زوانی پەهلەوی ناڤین چاخی ئەشکانی، کە لە ناوەڕۆکدا هەڤپەیڤینێکە نێوان دارخورما (هێمای ئاسووری) و بزن (هێمای بێ پەروایی

ئاییني زەرتەشت) بە شیعری هێجایی (دوازدە هیجایی) لە شاعیرێکی نەناسراو، پێکهاتە لە ١٢١ بەیت شێعر (٨٠٠ واژە)، تەنیا دەقێکی پەهلەوی باکوورە و بە وتەی بەهار لە گەڵ پەهلەوی باشوور جیاوازی زۆری هەیە. ئەم هەڵبەستە لە لایەن «جاماسب جی» لە رووی دەسنووسەکانەوە کۆکرایەوە و پاشان لە لایەن رۆژهەڵات ناسانێك وەك: بلۆشە، ئۆنوالا، سیدنی ئێسمیت، بنوەنێست، هنینگ و... کەوتە ژێر باس و شیکاری. لە لایەن محەمە تەقی بەهار و دۆکتۆر فەرهاد ئابادانی و دۆکتۆر ماهیار نوابی، ئاوانووسی و شیتەڵکاری کراوە، هەندێ واژە و دەستە واژەی هۆرامی ئێستای تێدایە، شك لەوەدا نیە کە بە پێی بەراوردکاری ئەم دەقە، زوانی ئێستای هۆرامی پاشماوەی ئەم زمانەتە کە درەختی ئاسووریکی پێنووسراوە. ئەم دەقە وێڕای ناوەڕۆکی ئەنترۆپۆلۆژی (مەردم شناسی) لە روانگەی فیلۆلۆژی و زوانەوانییەوە بۆ روونکردنەوەی دەراوی مێژوویی بۆ ئێمەی کورد گەلێك بە پێزە. بە رۆچوون لە نێو ئەم دەقا و خستنەرووی توخمەکان بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەی دەنگەکان و توخمە زوانییەکان لە گەڵ تەشك و واتای زوانی هۆرامی ئێستادا هاوسەنگ و هاو رەچەڵەکن. بۆ وێنە دەنگی (V) لەم زوانەدا کە دوایی لە فارسی نوێ و سۆرانیدا بە (ب) دەگۆڕدرێ، بەڵام ئێستاش لە زوانی هۆرامیدا بەکار ئەبرێ: (وەڵگ، وەرگ: بەرگ – وینی: ئەبینی، می بینی – وەرە: بەرخ، بەڕە – وەسێن: بەسە، سۆرانی و فارسی – وەهار: بەهار سۆرانی و فارسی – وەراز: بەراز). زوانی ئەم دەقە زوانی پەهلەوی پارتەکانە، زوانێك کە تایبەت بە زوانی شارە کە دەسەڵاتدارن لەوێدا حاکم بوون، پەهلەوی یانێ شار. بێگومان زوانی هۆرامیش پاشماوەی هەمان زوانە، ئێستایش واژەی «پاڵە» لە هۆرامانا بە مانای (شار) تۆمارکراوە. شوێنەواری مێژوویی زۆرمان هەیە لەکوردستان و هۆرامان بەناو «پاڵە». بۆ نموونە لە نزیك ئاوایی (دزڵی) شوێنێك هەیە بە ناو «کلکەو پاڵێ».

رەحمەتی بەهار لە کتێبی سبك شناسیدا لە لاپەڕە ١٠٨دا، دەڵێ: زوانی درەختی ئاسوریك، پالەوی ئەشکانییە، ئەم زوانە تایبەتی ئازەربایجان، خوراسان، کوردستان،

ئەسفەهان و ئەرمەنستان بووە. نموونەی واژە و دەستەواژەی هاوبەش نێوان ئـەم دەقـە و زوانی هۆرامی:

ئەز (مـن، ئـەم واژە لـە شـاعێرانی گۆرانـدا نموونـەی زۆرە بـە تایبـەت شـێعرە کۆنەکانی سەیدی هۆرامی:

ئەز ئورژمۆن مەکانم بیٚ وڵاتم
سەرو پیری خوای گێرەن خەڵاتم

وەرگ (وەڵك، برگ)، ورازیدن (لە چاوگی هۆرامی وراستەی، دوورین)، وینـا (چاوگی وینای، دیتن)، هیزم (هێزمیٚ)، بەشن (بەژن و باڵا)، بر (بەر)، بروگ (بـەرۆ، ئەبرۆ)، زرە (زەریا، دەریا)، پێڵ (فێڵ، فیل)، گیس (گیز، مو)، سەرد (سارد)، انم (ئانـە منم) ، ژیوای (ژیان)، وراز (بەراز، گوراز)، یەو (یەو، جـۆ)، گیـواو (گیـواو، گیـا)، کرند (کەرا، روست دەکەن) هەڵەگ سـەخوەن (هەڵـەگ هـەمان هەڵـەی کـوردی هۆرامییە، سەخوەن یانیٚ سوخەنۆ قسە، ئەم لێکدراوە یانیٚ قسەی هەڵە و بیٚ کـەڵك) و...

بەشێك لـەو دەقە:

– درختی رستە است تراوشتر اسوریك (١٥)
درەختێك رواوە سەراسەر کشوەری ئاسووری داگرتوە
– بنش خشکست، سرش هست تر
بنی وشکە و سەری تەڕ
– ورگـش نی ماند
بەرگەکەی (گەڵاکەی) وەك نەیە (قامیش)
– برش ماند انگور، شیرین بار اوردە
بەری وەك هەنگوور شیرین
– مرتومان وینا، انم درخت بلند
خەڵك دەبینن ئەم درەختە بەرزە

...

٢ – ڕێبازی زوانی هۆرامی پاش ئیسلام:

الف: هەڵبەستی هێجایی هورمزگان:

بە وتەی «تەقی بەهار» دەقێکی چەن بەیتی دە بڕگەیی، لە نزیکی شاری سلێمانی کوردستانی باشوور، دۆزراوەتەوە. لە لایەن دوکتۆر سەعیدی کوردستانییەوە، گەییوەتە دەست ئەو و پاشان بۆ توێژینەوەی زوانەوانی گەیشتووەتە ئورووپا. مامۆستا رەشیدی یاسمی وەکوو بەڵگەیەك لە کتێبی (کرد و پیوستگیهای نژادی او) بۆ کۆنیەتی زوانی کوردی باسی کردوە، هەر وەها مامۆستا عەلائەدی سەجادی ئەو پارچە هەڵبەستەی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا تۆمار کردووە. د. جەماڵ رەشید لە کتێبی لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی... ل. ٥١٦ دا دەڵێ: «هەندێ نووسەری تریش لە کتێبی خۆیاندا باسی ئەم هۆنراوەیانەکردووە، بۆیە بووەتە سەرچاوەیەکیش بۆ مێژوو و ئەتنۆگراف نوسی رووسی بە ناو «ڤلچیڤسکی» کە بڵێت: «ئەم هۆنراوە لە ساڵانی بیستدا لە ناوچەی سلێمانی دۆزراوەتەوە» و بە شێوەیەکی درێژتر باسی ئەو رەوشتانە دەکات کە پێوەندی بە دەقی هۆنراوەکەوە هەیە. هەر وەها «رۆدینکۆ» ئەم هۆنراوەیە گۆڕیوەتە سەر زوانی رووسی». توێژەرانی ئەم دەقە سوورن لە سەر ئەوەی کە بە سەر پێستە ئاسکێك نووسراوە. بیگومان ئەم دەقە، پێگەیەکی ئەستوورە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی، شێعری نویساری کوردی. بۆ ئەوەی هەڵگری توخمی «کرکە» پرەنسیپی رەسەنایەتی مۆسیقای شێعری کوردییە.

هورمزگان رمان، ئاتران کوژان

«ئاورگەکان، کاولبوون، ئاورەکان کوژانەوە»

وێشان شاردەوە، گەورە گەورەکان

«گەورەکان و پیاوچاکان خۆیان شاردەوە»

زۆرکاری ئارەب، کەردنە خاپوور

«زۆرکارە عەرەبەکان، کردیانە خاپوور»

گنای پاڵەیی، هەتا شارەزوور
«لە گوندی پاڵەوە هەتا شارەزوور»
شەن وکەنیکان وە دیل بەشینا
«ژنان و کەنیشکانیان بە دیل گرت»
مێرد ئازا تلێ وە ڕووی هوونینا
«پیاوی ئازا لەناو خوێندا دەتلیا»
رەوشت زەردەشتڕە، مانۆ وە بیٚ کەس
«رەوشتی زەردەشت بێکەس مایەوە»
بەزیکا نەیکا، هورمز وە هیچ کەس (١٦)
«هورمز بەزەیی بە هیچکەسدا نەهاتەوە.»

تایبەتمەندیەکانی ئەم دەقە کە کۆکە لە
گەڵ فۆڕم و ناوەرۆکی شێعری ئێستای هۆرامی:

١ – ساکاری روخسار و واتا کە بەڵگەیە کە بۆ سادەیی زوانی ئەو کاتە.

٢ – پاراستنی پڕەنسیپی توخمی نەغمە – کرکە – «هیجایی بوون» کێشی پەنجەی دەبڕگەیی کە جەوهەری زوانی «خێرایی دەنگ، Intensite و تەکیە، Accent» رەوتێك بووە لە گاتاکانی ئەوێستا دەستی پێکردبوو و لە دەقەکانی پەهلەوی ناڤینـدا رەنگی دابوویەوە و هورمزگانیش بوو بە پردی نێوان پێش ئیسلام و ئورامەنی باباتایەر پاشان یارسەکان و بێسارانی و مەولەوی و شێعری هاوچەرخ.

٣ – بەرجەستە کردنی سەروا بۆ دەربڕینی هەستی ناوەکی و رادەی دەلالەتی بەیانی پەیام کە خەسڵەتێکی مۆسیقایی پێش ئیسلام بووە و لە ئەدەبی عەرەبەوە وەرنەگیراوە.

٤ – بەکارهێنانی مەسنەوی کە فۆڕمێکی رەسەنی ئارییە و موناسیبە بۆ فەزایەکی رەوایی و رەها و ئازاد لە وتنەوەدا، دواتر دەبێتە نەریتێك بۆ هۆنینەوەی شاعێرانی هۆرامی.

٥ – روخساری ئارکائیکی واژە و دەستەواژەی ئەو دەمە: هورمزگان (ئاورگەکان)، ئاتران (ئاورەکان)، گنا (گوند)، شەن (ژن)، کەنیکانەکەنیشکەمان)، بەشینا (گیران)، هوونینا (خوێنین)، بەزیکا نەیکا (بەزەییان نەهات).

٦ – رەنگدانەوەی باری هەستەکی و دەروونی لە هەمبەر شالاوگەران بە لەحنێکی حەماسی – خۆڕاگریانە و بەرگریانە و یادەوەری و پێداگری ئایینی ئەو دەمە.

ب: ماریفە توو پیر شالیاری: پیر شالیار

لە موغە زەرتوشتییەکانی هۆرامانی تەخت بووە، هەڵگری هەندێ سروت و تقوسی ئامۆژگاری و ئەخلاقی تەنانەت نهێنی:

گۆشت جەواتەی پیر شالیار بۆ

هۆشت جەکیاستەی زانای سیمبار بۆ. ..

لە شوێنێتردا باسم لە سەر ئەم کتێبەو پیرشالیار و جەژنی پیرشالیار لە وتارێکدا بە ناو «کوردستان، هۆرامان، پیرشالیار» کردووە ئیتر دووپاتی ناکەمەوە.

ج: ئوورامن یان فەهلەویات (پەهلەویاتی) باباتاهیر، سەدەی چوارەمی کۆچی:

ئورامن چەشنێك وتنەوە و گۆرانی یەك بووە تایبەت بە پارسییەکان کە شیعرەکانیش لەسەر ئوسلووبی هێجایی پەهلەوی بووە. فەهلەویات کۆنتر لە زانستی کێش ناسی عەرووز بوون کە پاش ئیسلام زانا عەرووزییەکان بۆ ئەوەی پاساوی شیعری عەرووزی بدەنەوە لەسەر تەفعیلەی مفاعیلن، مفاعیلن، فعولن (U – – –، U – – –، – – U –) بەحری هەزەج، دایان ناوە، کە چوون ئەم چەشنە شیعرە لە سەر پێکهاتەی فولکلۆر و فەرهەنگی خەڵکی و زاری خەڵکی دانراوە، وتنەوەیەکی تایبەتی هەیە کە مەگەر هەر لە زاری ئەو خەڵکەی بوترێ کە دایان ناوە. بۆیە وتوویانە (مەلحوون) ، کە زۆرتر مەرجی پێویست بۆ خوێندنەوەی ئەم ئوسلووبە، «تەکیە و خێرایی نەغمەکان و بڕگەکانە کە تایبەتمەندیەکی شیعری ڕەسەنی هۆرامیە و نموونەیشی شیعرە کۆنەکانی سەیدیە کە زۆربەیان «ئوورامنە» و بڕیکیش بۆ ئەوە

بەعەرووزی لەقەڵەم بدەن بە هەڵە «عەرووزییان» ناوبردووە.

ئەز ئوورمەن مەکانم بیّ، وڵاتم
سەر و پیری خوای گێرەن خەڵاتم
برۆ دەروێش لووّ سەیرۆ وڵاتۆ
نەنیشتۆ هیچ وڵاتێونە، نەساتم
لووّ ژیوار مەبوو شێتوو نیشاتیّ
نیشاتیّ شێوناش عەیش و نیشاتم
نیشاتەو کاکە بارۆمی خجڵنۆ
خەمێش بەرگم پەژارەش بۆ خەڵاتم ... دیوانی سەیدی ل: ١٣

وێڕای چوارینە تۆمار کراوەکانی بابا تایەر، مامۆستا موجتەبا مینەوی لە مۆزەخانەی قونیەی تورکیەدا، چەند پارچە شیعر و چوارینەی بە زمانی کۆن دۆزیوەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆهەم (٨٤٨) بە ژمارە ٢٥٤٦ کە دوکتۆر مێهردادی بەهار لەسەر ئەم چەند چوارینە باسی کردووە و بە رای خۆی ئاوانووسی کردووە و ماناکانی لێکداوەتەوە کە بە هۆی نەبوونی شارەزایی بەسەر خوێندنەوەی دەقەکاندا و نەزانینی زمانی هۆرامی، تووشی هەڵە هاتووە" کە ئەمە خۆی مەجالێکی تایبەتی دەویّ، کە لێرەدا نارەخسیّ.

بەڵام لێرەدا ئاماژە ئەدەینەوە، شەش بەیتیەکەی کە دەقاودەق، زمانی هۆرامیە:

زارجەم دی وەرایی مورج ئەدخورد
«کەوێکم دیت، خۆراکی مێلۆرەکانی دەخوارد
مورجانی دو دەستی وە خودا دەرد مێلوورەکانیش، دەستی نزایان بۆ خوا بەرزکردەوە
ناگەهان بامد ئان بازو داری
کتووپڕ بازێکی راوچی بەدەسەڵات هات و
زارجەش کوشت و موران زارج ئەدخورد

کەوەکەی کوشت و ئەم جار مێلوورەکان، کەوەکەیان دەخوارد
دالیٚ جە ئەڵوەند کۆهان کەرد پەرواز
هەڵۆیەك لە بەرزایی کێوی ئەڵوەندەوە هاتە فڕاندن
بازش بکوشت و خونش پاك وا خوەرد
بازەکەی کوشت و خوێنەکەی هەموو هەڵمژی
بامەد نەچیرەوان دەردین و دایین
راوچی بیٚ رەحم و قین لەدڵیش، پیاگەیی
بە وەکدەش تیر و دالٚ ئەژکار با دەرد
تیرێکی هاوێشت و هەڵۆکەی خست.
بشە نەچیرەوان دەستت و چادەست
برۆ راوچی، دەستت خۆش بیٚ
چ ئینەت بەدکەرە ئەژکار با دەرد
ئەم بەدکارەتە لەکار خست
بە نامیٚ نەشییٚ ئینە وەدکە من کەرد
ئەم کارە دزێوە کە من کردم نابێتە هوی ناوداریم
بە من هەر ئان کەران هەر وەد کە من کەرد
هەر کارێکم کرد ئەوانیش بە منی ئەکەن.»
(از ماست کە بر ماست) (١٧)

لەم بارەوە ئاماژە دەکەین ئەو بەڵگە زانستییە لە زاری خودی د. مێهردادی بەهار، زمانەوان و ئوستوورەناسی توکمەی ئێرانی لە کتێبی: جستاری چند در فرهنگ ایران، ل: ٢٧٩ - ٢٦٧

دەڵێ: «رەحمەتی مجتبی مینوی لە ژمارەی دووەمی ساڵی چوارەمی گۆڤاری ئەدەبیاتی زانکۆ تاراندا ٢٥ بەیت لە شێعرەکانی بابە تاهێر چاپکرابوو - ئەم چەند بەیتەی سەرەوە بەشێکن لەو ٢٥ بەیتە کە بەهار ئاماژەی پێدەکات - کە بریتی بوون

لە دوو پارچە سێ بەیتی و شەش بەیتی و هەشت دووبەیتی. لـە ئـەم چـەند شـێعرەدا، جگ لە دوو دووبەیتی ئەویش بە جیاوازیێکی ئەوتۆوە، لە ناو دیوانەکـەی باباتـاهێردا نین. بەڵام ئەم شێعرانە بە ژمارەی ٢٥٤٦ لە مۆزەخانەی قونیەدا بـە بـەرواری ٨٤٨ تۆمارکراون.

بەراوردکاری ئەم شێعرانەو ئەوانەی لـە دیوانەکـەی بابـادا هـەن، دەردەکـەوێ جیاوازی زەمین تا عاسمانە. هەر چەن لەم دەقە رەسەنانە نموونەیان نییـە لـە هەوێڵـدا، بەڵام بە توێژینەویەکی تەنانەت مامناوەنـدی زوانـەوانی دەردەکـەوێ کـە سـەرجەمی دیوانەکەی باباتاهێر کە گوایێ هی ئەوە، ئاڵۆزەو گوماناوییـە. بەدەسـەوە بـوونی ئـەم نموونە شێعرییە رەسەنانە، ئێمەی توێژەوان یاری دەدات کە دیوانەکەی بابـا لـە سـەر پێوەرە زوانیە ئێرانیەکانی رۆژاوای ئێـران (کـوردی)، بـە تایبـەت زوانـی پاڵـەوانی و یاسای گۆڕانکاری لەم زوانانەدا و بـە چـاوکردن لـە دەقـە نووسـراوەکانی دەورەی ئیسلامی رۆژاوا – باکووری رۆژاوای ئێران یانێ کوردی، بـەراوردکاری بکـەین، تـا ئەم دیوانە لە بەندی دەست تێوەردانی بـە ئەنقەسـت و ئاشـکرای هەنـدێ کـە تـەنیا مەبەستیان بە فارسی کردنی ئەم دیوانە بووە، رزگاری بکـرێ، کـە ئـەم گۆڕەپانـەیش سوارەی چاکی ئەوێ». ئەمە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنـەگرە بـۆ چەسـپاندنی هـۆرامی بوونی دیوانەکەی بابا تایەر.

د: کتێبی سەرەنجامی یارسان: سەدەی شەشەمی کۆچی

کتێبی ئاینی ئەهلی حەق، لە لایەن سوڵتان سوهاك لە ساڵی ٥٧٨ هـ نووسراوە، بە هۆنراوە و پەخشان، نزیکە بە ٨٠٠ ساڵ مێژووی تۆمار کراوی پەخشانی هۆرامی. (١٨)

هـ: سەقامگیر بوونی جەوهەری مۆسیقای (کرکە) نەغمەی هیجایی

لە سەدەی یازدەی کۆچی مانگی (هەڤدەی. ز) کۆچیدا، قوتابخانەی بێسارانی لـە سەر پرەنسیپی رەسەنایەتی نەغمەی شیعری بڕگەیی (هیجایی) وجەوهەرەی مۆسـیقای رەسەنی شیعری کوردی هۆرامی پێداگری کرد لـە لایـەن شـاعێرانی نـەوەی دوایـی

خانای قوبادی (سەدەی ١٨. ز)، وەلی دێوانە (س. ١٨)، سەیدی هەورامی (س. ١٨ و١٩) بەتایبەت مەولەوی تاوەگۆزی (س. ١٩)، دانای هەۆرامی و عـەودڵا بـەگ و میرزای پاوەیی و خدری هۆرامی و مەلا پەرێشان و... پێڕەو کرا، ئـەم ڕەوتەمۆسـیقایی و جەوەرهەرە شیعرییە تـا ئێستایش هـەر بەردەامـە، ئەڵبـەت بـە هەنـدێ جیـاوازی هەنووکەییەوە، کە خۆی لـە شیعری هاوچەرخدا، دەبینێتەوە.

ژێدەر:

١ – فصلنامه پژوهشی فرهنگی فرهنگ مردم ایران و جهان، ش. ١ سال ٨٢ صص ٤٧ – ٣٧

٢ – هەمان سەچاوەی پێشوو

٣ – سرود خزان، عادڵ محەمەدپوور

٤ – تاریخ فرهنگ ایران، دکتر مهرداد بهار

٥ – زاراوە، وشەیەکی سـەرزاری و قاموسـی نیـە، بـەڵکوو وشـەیەکی تایبـەتی لێکدراوەیـە، کـە بۆبابــەتێکی فەرهــەنگی، زانیــاری، رۆشــنبیری و شارســتانی و... لــە فەرهەنگــستانەکان و کۆڕەزانیارەکاندا سازدەکرێ و بەکار دەبرێ بۆ گواستنەوەی واتایەك بۆ واتایەکی تر. لـەسـێ تـوخم پێکهاتووە: زار + ئاو + ە بە واتای ئاوی زار و دەراوی زمان، واتـا زانـستی زمانەوانیەکـەی، یـانێ: شێوەی ئاخافتن و زاری خەڵك و عاداتی گوتار – لـە سـەر ئـەورووکردە فەرهەنگیـەی زمـان کـە زمانەوان باسی لـە سەر کرد. نە تەنیا ئەم لێکدراوەیە، واتای زمان، دەگەیـەنێ، بـەڵکوو، گرێـدەری شیلـەی زمان و ئاوەڵواتایی زمانە، توخمێك کە هەوێنی زار بێ، ئیتر کەی دەبێ بـەمانای پلـەی نزمـی زمان (بە پێچەوانەی بۆچوونی زانستی زمانەوان) بەکاری ببرێت؟ کەوابوو زاراوە، بۆ ئەو مەبەسـتەی کە ئەمڕۆ بەکاری دەبەن، ناساز وناهەمـسەنگ دەنـوێنێ، کـاربردی ئـەم زاراوە (ئێستێلاح) ە هـیچ پاساوێکی سیمانتیکی و زانستی بۆ ئەم رووکردە نییە.

٦ – تاریخ اجتماعی ایران، مورتەزا راوەندی. ج. ١

٧ – هەمان سەرچاوەی پێشوو

٨ – هەمان سەرچاوەی پێشوو

٩ – ادب پهلوانی، محمد مهدی مؤذن جامی

١٠ – سبك شناسی، ج. ١ محمد تقی بهار، پاورقی

١١ – رك. اصطخري، فصل فارس، طبري، ج٢ فصل سامانیان، تاریخ اللغات السامیه، تالیف دکتر اسرائیل، طبع مصر، ص ٤٥..

١٢ – مقدمه لغت نامه دهخدا، زبان و لهجه های

ایـرانـي، دکتر احسان یـار شاطر
۱۳ – همان منبع قبلی

۱٤ – همان منبع قبلی

۱۵ – سبك شناسی شعر محمد تقی بهار

۱٦ – سرود خزان، عادل محمدپور

۱۷ – تـاریـخ فـرهنگ ایـران، دکتر مـهرداد بـهـار، آقـاي جلـیل عبـاسي بـه پـیشنـهـاد نـگـارنـده در زریـبـار شمـاره ۲ تحلیل آقـاي بهـار را تحت عنوان «بـه نـقـد کشیـد. ایـن دو بـیتي هـا را هـورامـي اصـیل خـوانـد. ر.ك: زریـبـار شمـاره ۲ سـال ۱۳۷۷ صص: ٦۱ – ۵۷ حقیقت عریان»

۱۸ – سـرود خـزان، عـادل محـمدپـور

<u>سەرچاوەکان:</u>

۱ – مێژووی کۆمەڵایەتی ئێران، مورتەزا راوەندی، بەرگی یەکەم

۲ – سبك شناسی، محەمەد تەقی بەهار، بەرگی لەکەم

۳ – سبك شناسی شیعر، محەمەد تەقی بەهار

٤ – پێشەکی فەرهەنگی دێهخودا

۵ – جستاری چند در بارە فەرهەنگ ئێران، د. مێهرداد بەهار

٦ – مێژووی تەبەری، بەرگی دووەم

۷ – ئێستەخری، فارسنامە

۸ – تاریخ اللغات السامیە، دکتر اسراییل

۹ – وەرزنامەی توێژینەوەی فەرهەنگی جەماوەری ئێران و جیهان، ژ. ۱ س. ۸۲

۱۰ – سروودی خەزان، شیکاری رەخنەگرانەی شێوازناسی بێسارانی، عادڵ محەمەدپوور

۱۱ – زمان و زمانەوانی، رابێرت. ا. هاڵ و. محەمەد رەزا باتنی

۱۲ – مێژووی هۆرامان، موزەفەر بەهمەن سوڵتانی، بە هەوڵی د. نادر کـەریمیان، ۱۳۸٦ نەشری ئێحسان.

۱۳ – گۆڤاری پەیام یۆنسکۆ، ژمارە ۳۵۹، ۱۳۷۹ کۆچی هەتاوی

۱٤ – لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی وڵاتی کوردەواری، د. جەماڵ رەشید، بەغداد ۱۹۸۸

۱۵ – سرود خزان، عادڵ محەمەدپوور، نشر زرێبار، ۱۳۸۱

ئاخێزگەی جوگرافیایی/مێژوویی زوانی کوردی و پێوەندی ئەندامی هۆرامی/زازایی و ئازەری کۆن

لە پانتای دابەشکردنی جوغرافیای زوانی یەکگرتووی هەر نەتەوەیەکدا، کە پێکهاتەیەکە لە هەندێ زار و شێوەزار، جەماوەر بە یەك چەشن و یەك شێواز پەیڤین ناکەن، لە ناو توێژە جۆراوجۆرەکانی شەقام و گلێرگە، تەنانەت نێوان: تاکەکانی جڤینگە و خێزانەکانیشدا، بە پێی رووکردی سۆسیایی و چەشنی دیا و روانین بۆ ئاسۆکان، لە واچەکانی خۆیاندا، ئەم جیاوازییە، لە ئاستی دەنگ، روالەت، لێکدراوی توخمەکان و باری کاربردی زوان و مانادا، دێننە سەر کردە و پراکتیزە کرن.

پلات فۆرمی زوانی کوردیش لەم رێسا زوانیە جیاواز نییە. وەك زوانێکی زیندوو و ئەکتیو و مێژینەمەند و یاگە و پێگەدار، خاوەنی بێچمی رەچەڵەك و هەرێمی تایبەت بەخۆیەتی. لە بەر رۆشنایی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا، دەبێ بگاتە دوو ئەنجام:

یەکەم: ناسینی ئاخێزگەی سەرهەڵدانی (جوغرافیای شێوەزوانەکان)" کە ئەویش پەیوەستە بە چەشنی کارکردی تایبەتی کۆمەڵایەتی و سۆسیایی زوان و تەشەنەی لە دەڤەرەکاندا.

دووەم: کەشف و پێناسەی ڕۆگەی (مێژوویی زوان)، بە هاتنە ڤەشانی ڕەوەندی گۆڕانکاری واچەکان و توخمەکان لە ڕەوتی مەودا زەمەنیەکاندا.

لە نێوان کۆی شێوەزوانەکانی کوردیدا، هیچ کە جیاوازی فۆنۆتیکی و سینتاکسی (ڕا زوان، ڕێزمان) و سیمانتیکی (ماناناسی) لە فۆڕماسیۆنی زواندا دەبینریٚ" لە بن لقەکانی دیالێکتەکانیشدا ئەم ناتەبایی و ناهەمسەنگییە هەست پێدەکریٚ. بۆ نموونە لە هۆرامیدا، کە خۆی پاژێکە لە شێوەزوانی گۆران، ئەم جیاوازییە گوند بە گوند هەست پێدەکریٚ. ئەگەر لە گوندی (دزڵی) بیەوە بەرەو هۆرامانی تەخت و هۆن و پاوە و... ڕێکەویت، دەرکەوتی جیاوازی شێوەی وتنەوەی واچەکان، دێنە هەست پێکرن. یانیٚ بە پێی مێژینەی دەڤەرەکان و هەڵسووکەوتی کۆمەڵایەتی، چەشنی دیای (ڕوانین)، کارکردی دەنگەکان و توخمەکان و شێوەی پەیلوای و دەربڕینی واچەرەکان (بێژەرەکان)، دەگۆڕریٚ. بۆ نموونە: ئاخێزگەی (مەخرەج) دەنگی (و، w) کە لە (دزڵی) و هەندیٚ شوێنیتر گۆی پێدەکریٚ لە تەخت و دەورووبەر و هۆن (دزاوەر و نۆتشە) و هەندیٚ توخمی زوانی پاوە، بە (ڤ، v) دەگۆڕدریٚ، واتە: تەشکی کۆنتر بە خۆیەوە دەگرێت، بە قەولی زوانەوان، ئارکائیزە دەکریٚ. بۆ نموونە: لە چاوگی لوای، liway (لە دزڵی و دەرەکیٚ و دەمەیەو و... لوە، liwe) یە، لە (دزاوەر و نۆتشە و...لڤە، live) یە، یانیٚ فۆنێمی «لێوی» (و، w) هەرچی بەرەو شوێنی کۆنتری هۆرامان دەڕۆین بە واچی «لێوی – دانی» (ڤ، v) کە دەنگێکی پاشماوەی ئاڤێستایە، دەگۆڕدریٚ ئەمە فاکتێکە بۆ ئەوەی ئەم ناوچانە بە ناوەندی سەرهەڵدانی جوگرافی ئەو توخمانە بزانین، پاشان بۆ دەڤەرەکانیتر تەشەنەیان کردووە یان ئاڵ و گۆڕ بە سەریاندا هاتووە.

یان توخمی (تەکیە، accent) ی بڕگە لە ژاوەرۆدا دەبێتە پرنسیپی جیاکەرەوەی شێوەی دەربڕینی واچەکان لە گەڵ باقی ناوچەکانیتری هۆراماندا، کارواژەی (ملوو، milo، دەچم) لە هۆرامانی ژاوەرۆدا دەبێتە: melo، تەکیە دەکەوێتە سەر بڕگەی

دووەم (Lo) بەڵام لە دەربڕینی دۆخی نێگاتیڤی ئەو هەرمانەدا، دەڵێن: melo، یان nimelo، تەکیە دەکەوێتە سەر بڕگەی ئەوەڵ (me). ئەم گۆڕانکارییە لە سەر عونسورە زوانیەکانیتریشدا دەبینرێ. بە پەیلوای من ئەم رووکردە زوانیە خود بە خود زوانەوان هەڵدەنێ کە لەم دەڤەرانەدا، باشتر ئارکائیسمی توخمەکان پێناسە بکات و رۆگەی سەرهەڵدانی مێژوویی و پرۆسەی ئاڵ و گۆڕی زوانەوانییان دەربخات. بە لەونێکیتر دەتوانم بڵێم: دابەشبوونی جوغرافیای زوان، دەتوانێ یارمەتیدەرێك بێ بۆ زوانەوان، کە بزانێ: هەندێ توخمی زوانی لە ناوەندێکدا، سەرەتا رسکاون، پاشان بۆ ئاقاری دەورووبەر بە شێوەیەك ئەکتیو و بزاوتوو و دینامیك بە ئاراستەیەکیتردا، تەشەنەیان کردووە، کە دەتوانێ هەندێ مۆراڵی راستەکی مێژوویی بۆ ئەو مرۆڤانە، روون بکاتەوە. ئێستا کە شێوە زوانی هۆرامی، لە ژانری پەخشان و نووسیندا، کەمتر پێی بنووس دەکرێ، تەنیا توانستەکانی لە چرِی دەنگەکانی ئاخافتن و تێکستی شیعر و گۆرانیدا، قەتیس ماوەتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە لە مەوداکانی رابردوودا، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ زوانی رەسمی و حکوومی بووە و بووەتە وەجاخی نە تەنیا گۆران، بەڵکوو زوانی کوردی بە تێکڕا و زوانی ئازەری کۆنیش، کە ئەویش لقێکە لە زوانی مادی. پێداچوونەوە بە سەر ئەم رووکردە مێژووییە وا دەکات کە ئێمە زۆر بە هەستیارانەوە، لە دیاردەکە بدوێین، چوونکای لەم حاڵەتەدایە تیشکۆی قەوارە و بەکگراوندی راستەقینەی زوانی کوردی، دەبێتە زوانحاڵی مێژوو و واقێعییە دەرەکییەکانی پێکهاتەی زوانی ئەم نەتەوەیە.

بایەخی شێوە زوان، هیچی لە زوانی سەرەکی و ئیستاندارد و دەستەبژێر نزمتر نییە، تەنانەت (ئیسکیمووەکان و هاتن تاتەکان و هۆپییە سوورپێستەکان) کە تەنیا خاوەنی هەندێ سیستەمی عاداتی گوتارین، هەرچەند لە روانگەی ئەنترۆپۆلۆژییەوە، دواکەوتوون" بەڵام لە ئاستی پێکهاتەو سیستەمی زوانیدا، کامڵن و هیچ چەشنە جیاوازیەکیان لە گەڵ زمانە پێشکەوتووەکانی ئینگلیسی و فەرانسیدا نییە، ئەمە ئاڵ و گۆڕ و دەسکەوتی روەونیای (رووکرد) دەسەڵاتی سیاسی و ئابوورییە کە سۆڵتەی

فەرهەنگی درووست دەکات و سەرەنجام شێوە زوانێك دەبێتە زوانی پێوەر و یەکگرتووی ئەو نەتەوە. «لە سەرەتای سەدەکانی ناڤینی ئورووپادا، کە هێشتا پرۆسەی دەوڵەت – نەتەوە، پێك نەهاتبوو، دەوڵەتڵە ناوچەییەکان حکوومەتیان دەکرد، زوانی رەسمییان و چالاکیی نڤیساریشیان، هەر ئەو شێوە زوانانە بوون، کە جەماوەری ناوچەکە ئاخافتنیان لە سەر دەکرد. زوانێك بە ناو (ئیتالی، ئیسپانی یان فەرەنسەوی) نە دەناسرا، بەڵکوو بە راشکاوی و فەرمی ناو لە شێوە زوانی (نۆرماندی، پیکاردی، شامپانی، لئۆنی، ئاستووری، سیسیلی، میلانی، و ونیزی) و... دەبرا و پەیڤین و نڤیساریان پێدەکرا.» (١)

بەم وەراییە ویستم تۆماڵی بایەخداری شێوەزوانەکان بکەم و هەندێ راستی لەم پێناوەدا بخەمە روو و بڵێم کە چەندە کاردانەوەی ئەرێنیان هەیە بۆ گەیشتن بە لووتکەی زوانی ئیستاندارد. زاراوەکان، چمان کەمپ و ژێدەرێکن، بۆ حەوانەوە و وەرگرتنی تۆشە و وزە و گورِ و توانستی توکمەی زوانی یەکگرتوو، لە بەر تیشکی ئەم دانووستاندنەدایە کە یەکێك لە پرنسیپە هەرە مەزنەکانی نەتەوەکەمان کە چییەتی ناسنامەی فەرهەنگیمانە، رووناهیترو بزێوتر و توکمەتر دەکرێ. خزمەت بە ژێدەر و کەمپە زاراوەکان، خزمەتە بە یەکگرتوویی زوانی کوردی.

لە بارەی پۆلێنکردنی شێوە زوانەکانی کوردی، هاودەنگی لە نێوان زوانەوانانــدا نابینرێ، چ زوانەوانە رووسی و رۆژاواییەکان و چ زوانەوانە کوردەکان" هەرکام سازی خۆیان لێدەدەن، یان زۆربەی خۆییەکان دووپاتکەرەوەی پەیلوای رۆژهەڵاتناسەکانن. تۆفیق وەهبی زوانی کوردی دەکات بە چوار چڵەوە:

الف: چڵی کرمانجی ژوورو (بادینانی، هەکاری، ئاشیتای، بۆتانی، بایەزیدی) ب: چڵی کرمانجی خواروو (سنەیی، سلێمانی، سۆرانی، موکری).

لورِی: بەختیاری، لەکی، فەیلی، کەڵورِی، مامەسانی.

گۆرانی: هۆرامی، زەنگەنە، کاکەیی، باجەڵانی.

زازایی (٢)

شێخ محەمەدی خاڵیش بە تۆزقاڵێ دەستکارییەوە، ئەم پەیلوایە دووپاتکردۆتەوە، ئەویش (زازا) بە دیالێکتێکی سەربەخۆ و تاك دادەنێ. (٣)

لێرەدا گۆران و زازا، لێکدەترازێن، پێیانوایە ئەم دوو دیالێکتە سەر بەخۆن و تەنانەت لە لایەن هەندێکیش بە کوردی قەڵەم نادرێن. (پەیلوای ڤ. ئا. ژۆکۆڤسکی)، و بڕێکیش گۆران بە شێوەیەکی فارسی دادەنێن (روانگەی زانای ئینگلیزی چ. ریۆ) (٤)

یان لە لایەن هەندێ لە خاوەن ڕایانەوە سەلەمیان (سەلمێندراوە)، زوانی کوردی دەکرێ بە دوو لقی سەرەکی: ژوور و خوار. بۆ هەرکام لە دیالێکتەکانی ئەم دوو لقە سەرەکییە بە پێی بەکگراوندی کۆمەڵایەتی و فۆرماسیۆنی فۆنۆلۆژی (واچەشناسی) و سینتاکس و ڕێزوان، بایەخ و جیاوازی دادەنێن. دیالێکتی کرمانجی و زازا بە هەموو شێوازە ناوچەکانییەوە، شێوەی بنەڕەتیی جیای کۆمەڵە دیالێکتەکانی باکوورن، هەرچی ئەوەی باشووریشە دەکرێ بە سێ کۆمەڵەی بچووکەوە:

١ - سلێمانی، سۆرانی، موکری کە ناویان بە «سۆرانی» ڕۆیشتووە.

٢ - کرماشانی، گەڕووسی، سنەیی، کۆرونی ... بە کوردی خوارووی ڕۆژهەلات ناو دەبرێ.

٣ - گۆرانی، هۆرامی، کەندۆڵی، باجەڵانی زەنگەنە، کاکەیی، لەکی ... کە زاراوەی گۆرانی کۆیان دەکاتەوە. (٥)

بێ گومان ئەم پۆلێنکردنە ناڕاستە، چونکای:

الف: ئەم پۆلێنکردنە لە سەربەستێنە و حەوزەی جوغرافی خوار و ژوور دانراوە، نەك لە سەر فاکتی هاوبەشی توخمی زوانەوانی زاراوەکان.

ب: گۆران لە بن لقەکانیتر" هۆرامی و کەندولی و باجەڵانی و... جیا کراوەتەوە، لە حاڵێکدا گۆران ناوێکی گشتییە بۆ ئەو بنلقانە.

ج: لە سەر تەبایی هەندێ توخمی زوانی: فۆنۆلۆژی (دەنگ تەوەری) و هەندێ خسڵەتی گرامێری و ڕەچەڵەك ناسی، کرماشانی و گەڕووسی تەنانەت ئەردەڵانی

کۆن بە گۆران دەژمێررێن و زازا و هۆرامیش کە باسی سەرەکی ئەم وتارەتە، بەو شێوەزوانەوە پەیوەستن.

کوردناسانیتر (ئا. کریستنس و م. بینیدێکتسین) لە پرۆژەیەکی هاوبەشدا، کە لە سەر رازوانی شێوەی هۆرامی دواون و (زازا و هۆرامی) لێك نزیك دەکەنەوە. دەڵێن ئەم شێوەزوانە بە کاوەخۆ بۆمان دەرکەوت کە کەرەسە و فۆنەتیك و زاراوەکانی زۆر لە هی ئەو زوانە دەچن کە لە تورکیا و بە شێوەیەکی سەرەکیش، لە ناوچەی دەرسیم قسەی پێدەکرێت و بە (زازا) ناو دەبرێت. بەڵام بە پشت بەستن بە راناندنی نموونەی فارسی و هۆرامی، بە ئاسانی و کەم شارەزاییەوە، لە کوردی بوون دەیانشۆرنەوە و ئەم دوو زاراوە بە فارسییەوە دەلکێنن. (٦) هەن کەسانێکیتریش هەر ئەم سازە لێدەن و هۆرامی و زازا لە کوردی جیادەکەنەوە: وەك (ئۆ. مان، ئی. سۆن، د. مەکەنزی و...) بەڵام دێنگای (روانگە) هەندێکیتر وەك: (هـ. ئابۆڤیان، ئێ. ژابا، ڤ. شترێکەر، پ. لێرخ، ف. یوستی، ر. لیسکۆ، ڤ. میۆلەر و... جیاوازە و پێیان وایە (زازا و هۆرامی) ش سەر بە زوانی کوردین. لە دێنگای نووسەری بەردەستدا، ئەگەرچی ئەمانە هەمویان رەنگە خاوەن پلە و سەقافەتی زوانەوانی یان دیرۆکناسی بوو بێتن" بەڵام نەچوونەتە نێو زەرافەت و قووڵایی باسەکەوە، رەنگە بۆ ئەرکێکی سیاسی یان کارگوزاری روویان کردبێتە کوردستان و بە کورتە ماوەیەك نامیلکەیەکیان لە سەر (گۆران یان زازا) یان باقی شێوەزارەکانیتر نووسییێ. ئەمە ناتوانێ راستییەکانی زوانی کوردیمان بۆ دەربخات. بۆیە نووسەری ئەم وتارە ویستوویە بە راناندنی عونسور و توخم و سیستەمی دەنگەکان و تێکەڵی واژەکان و ئیدیۆمەکان لەم باسەدا نزیکایەتی هۆرامی و زازایی و باقی زاراوەکانیتری کوردی بە خستنەرووی ئاڵقەی نێوان ئەم دوو شێوەزوانە، یانێ ئازەری کۆن، روون بکاتەوە.

هۆرامی، وەجاخ و کورە و توخمی رەسەنی گۆرانە، کۆنترین سەرچاوە، کە باسی لە سەر گۆران کردووە، شەرەفنامەی بەتلیسییە کە کورد بەسەر چوار شێوەزواندا، کرمانج، لۆڕو کەڵهوڕ و گۆران، دابەش دەکات. (٧)

ڤاسیلی نیکیتین لە روانگەی پرۆفێسووری رووسی «ن. مارێر» پێوەندی گۆران و کورد چڕتر و ئەندامیتر دەکات، گۆران لە باری لیکسیکۆلۆژییەوە دەباتەوە سەر وشەی کورد و دەڵێ: «وشەی گۆران هیچ نییە جگ لە بێچمی ئاڵ و گۆڕکراوی وشەی کورد.» (٨)

گۆران لە توخمی گۆر + ان پێکهاتووە (گۆ، گۆر، گبر) یان گاور، گۆر (مەجووس) و گۆ (پاڵەوان) ، ناموسوڵمان و لادەری دین. پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا، زاراوەیەك بوو، بۆ زەردەشتیان و مەجووسیان و ئەو کوردانەی (زۆرتر هۆرامییەکان) ملکەچی ئەم ئایینە نەدەبوون، بەکاردەبرا.

دیالێکتی هۆرامی خاوەنی هەندێ پتانسیەل و توخمگەل و رەگەزگەلی زوانی و هەڵگری هەندێ ئیمکانات و وزە و ئامیان (هەوێن) ی گوتارییە، بەڵام بەهۆکارگەلێکی جۆراوجۆرەوە لە رەوتی مێژوودا بە باشی بنووس نەکراوەتەوە و هەڵسووکەوتی نویساری لەسەر نەکراوە، ئەم چەشنە هێزە وەك: ئامیانی زوانی لە نەستدا ماوەتەوە، لە ئاخافتن و پێوەندییە واچەکاندا، بەباشی رێژەی بەرزی فرەکانسی کرکە (نەغمە) ی دەنگەکانی، لێدەدرێن و دەبیسین. بێگومان، ئەم پرنسیپە وێڕای لەشێوەی گۆکردندا بە تایبەت لە ژانری شێعردا، هەر لە «گاساکان» ی ئەوێستاوە بیگرە تا شێعری «هورمزگان» (٩) تا «ئورامنەکان» (١٠) و تا بێسارانی و مەولەوی و تەنانەت شێعری هاوچەرخ، پەس بە پەس، پارێزراوە و بوتە هۆی ئەوە، شێعری هۆرامی نەکەوێتە ژێر کاردانەوەی ئوسلوبی هەندەران، دەبێ وەك خاڵێکی دینامیك و ئەکتیڤ، سەیری ئەم دیاردە زمانیە بکرێ، مامۆستا گۆرانیش لەسەر ئەم رێسا زمانی - هونەریە بوو کە گەڕایەوە بۆ «کرکە (نەغمە) ی شێعری هیجایی». کرکە (نەغمە) ئەو هاماوە دەنگ یان ئەو هێشوە دەنگانەتە کە لە پێکهاتەی توخمی مورفێم و هێجادا، چڕی دەنگ و مۆسیقا، درووست دەکات و پێکەوە نەگونجانی بڕگە کورت و درێژەکان ئەشارێتەوە و لە ژانری شیعردا، خۆی لەگەڵ کێش ناسی عەرووزدا، جیا دەکاتەوە و دەبێتە «کومپۆزیسیۆنی» شێعر یان «ریتم» لە شیعردا و زەمینە بۆ

ڕەخساندنی هەستیاری ئێرۆس ئامێزی لیریکای هەورامی ئامادە دەکات.» (١١) ئەم پرنسیپە بۆ ڕۆگەی شێوە زوانی هۆرامی و ئەو شێوە زوانانە کە نزیکن بە هۆرامییەوە لە گۆراندا، خاڵێکی ئەرێنی و ڕەسەن دێتە ئەژمار، هەر ئەم خاڵە، توخمی هۆرامی لە توخمی شێوە زمانی سۆرانی کە لە جەوهەردا وا لە ژێر کاردانەوەی عەرەبیدایە، بە تایبەت لە تێکستە شیعرییە کلاسیکیەکاندا کە بەشێکی هەرە زۆری قەڵای وشیاری و ڕۆشنبیری کوردن، جیا دەکاتەوە.

هۆرامی، بنەچەو وەجاخی کۆنینەی گۆرانە، کە لە رووبەرێکی جۆراجۆری جوغرافیاییدا پەرم پەرم بوون: عەبدولمەلێکیەکانی هەورییە و زاغمەرزییەکان و هۆرامییەکانی قەڵای قوروە و کەندوولە، لە باکوور و ڕۆژاوای ئێران، تاتیەکان لە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتی ئێران و ئەرمەنستان و کۆماری ئازەربایجان، شەبەك و باجەڵان لە باشووری کوردستان، هۆرامانی لهۆن و تەخت و شامیان و ژاوەرۆ لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زازا و دێملییەکان، لە باکووری کوردستان: دەرسیم و دەورووبەری. هەمووی ئەمانە و باقی زاراوەکانیتری کورد بە ڕەگەزی مادەوە گرێ دەدرێن.

لە نێوان گۆران (هۆرامی) و (زازا)، پێوەندییەکی ڕەگەزی و دیرۆکی هەیە، ئاڵقەی ونبووی ئەم پێوەندییە، لە رابردوودیەکی دووردا، زمانێك بووە بەناو ئازەری کۆن. بە بەراورد و ڕانانکاری توخمی و ڕەگەزی ئەم زمانە کۆنە ئێرانییە و خزمایەتی لە گەڵ زاراوەکوردییەکان، پێوەندی عونسوری و ئەندامی هۆرامی و زازایی دێتە چەسپاندن. «مەودای ناوچەی گۆرانی (هۆرامی) و دێملی کە ئێستا شوێنی نیشتەجێی تورکەکانی ئازەربایجانە، لە رابردوویەکی چەندین سەدساڵەدا بە هۆی شێوەزمانێکی ئێرانییەوە لێك گرێ درابوو کە ئەو شێوەزمانە پێی دەگوترێ ئازەری کۆن.» (١٢)

زوانە ئێرانییەکان، لە ناوچەیەکی بەربڵاو لە باشوور بە کەنداوی فارس و دەریای عەمان و لە ڕۆژئاوا بە نێوچۆمان (بین النهرین) و ئەرمەنستان و لە باکوور بە کێوگەلی قەفقاز و سارای ئاسیای ناوەندی، بڵاوبونەتەوە. لە ڕۆژهەڵاتیشەوە

سەراسەری ئەفغانستان و بەشێك فەلاتی پامیر تا نزیکی چۆمی سەند دەگرێتەوە.

زوان و زاراوە ئێرانییەکان ئاوا پۆلێن دەکرێن:

١ – زوانە کۆنە ئێرانییەکان ٢ – زوانە ناوینە ئێرانییەکان ٣ – زوانە ئێستاییە ئێرانییەکان

یەکێك لە زوانە کۆنە ئێرانییەکان زوانی مادییە:

زوانی مادی، سێهەزار ساڵ پێش لە ئێستا، لە کوردستان و ئازەربایجان و هەمەدان و کرماشان و ئیلام و سپاهان و قەزوێن و تاران و... کە دەڤەرێکی پان و پۆڕ بووە نیشتەجێ بوون.

کوردەکان و ئازەری کۆنیش دوو لقی هەرە مەزنی بنەماڵەی مادەکانن، لە ساڵی ٨٣٥ پ ز لە کەتیبەکانی ئاشوور ناو لە زوانی مادی براوە، بەناو (مادای) وشەگەلێك لەم زمانە لە نێو ئارشیڤنامە و کەتیبە بزمارییەکان و یادەوری شاکانی ئاشووری و زوانی یۆنانی و لاتینیدا ماوەتەوە بەڵام بەڵگەی بەرچاو لە ئاسەواری هەخامەنشیدا ماوەتەوە وەکوو ئەم چەند وشە:

Mitra – Miψra (باختر، بلخ) Baxtris (بزرگ) Vazraka (شاه) Xsayaiya (مهر) لە سەر بنەمای زوانەوانی. (١٣)

ئازەری کۆن وەك وتمان لقێکە لە زوانە کۆنە ئێرانییەکان (مادی)، خزمایەتییەکی ئورگانیکی و ئەندامی لەگەڵ زاراوە کوردییەکاندا هەیە. کاتێك ناو لە ئازەری کۆن دەبرێ هەندێ رەنگە تورکی ئازەربایجانیان وە بیربێتەوە، عێڵە تورکەکان بە پێی سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان، پێشتر لە دەڤەرەکانی ئاسیای ناڤیندا ژیاون، پاشان وەك شاڵاوگەر، روویان کردۆتە دەڤەرەکانیتر بە تایبەت دەڤەری ئازەربایجان لە دەورەی سەلجووقییەکاندا، وردە وردە بە پێی قۆستنەوەی دەسەڵات، کاردانەوەیان لە سەر زوانی ئازەری کۆن داناوە و بووەتە هۆی فەوتانی ئەم زوانە کۆنە (١٤). «ئازەری کۆن کە ئێستا لە هەموو ناوچەی هۆرامان و ئەردەڵان، هەتا دەرسیمدا فەوتاوە، ئاسەوارێکی بچووکیشی ئەگەر مابێت لە ناوچە باکوورییەکان (کۆماری ئازەربایجان)،

ڕۆژهەڵات (ساوە، قەزوێن) بەدی دەکرێ، زوانێکی ئێرانییە و لە بنەماڵەی هیندوئێرانییەکان دەژمێررێ. ئەم زوانە بە هاتنی تورکەکان بۆ ناوچەکە وردە وردە تووشی نشوست دەبێ و لە ماوەی چەندین سەدەدا، مەیدانی بۆ زوانی تورکی چۆڵ کرد.» (١٥)

ئەم زوانە یەکجار و بە تەواوەتی لە ناو نەچووە، بەڵکوو ئێستا توخم و عونسوری زوانی لە نێو شێوەزاری هەرزەندی، گلین قیە (دەوروبەری مەرەند)، زنوز، حەسەنو (قەرەداغی ئازەربایجان)، خەڵخاڵ گەڕووس، تاتی، و... دا دەبینرێ و گۆی پێدەکرێ. وەك وتمان ئازەری کۆن چوون شێوە زوانێکی کۆنی مادییە، لە گەڵ شێوە زوانییەکانی کوردیشدا، خزمایەتی ئەندامی و ڕەچەڵکی هەیە، بە تایبەت لە گەڵ هۆرامی و زازاییدا. هەر وەها لەگەڵ شێوەزمانییە ئێرانییەکانیتریش وەك: تەبەری (مازنی) و تالشی و گیلەکی و لەکی و... کە پاش چەندین سەدە و شاڵاوی سەربازی و فەرهەنگی تورکەکان، ئەگەرچی وەك ئاڵقەیەکی ونبوو دێتە بەرچاو و بووەتە هۆی بۆشاییەکی جوغرافیای زوانی، بەڵام هەندێ واژە و دەستەواژەو توخم و عونسوری زوانی لە نێو کەشکۆڵە شێعر و تەشکی شێوە زوانییەکانی بەجێماو لەم زوانە، ماونەتەوە یان ئێستا گۆیان پێدەکرێ.

«پێوەندی زاراوەکانی کوردی لە گەڵ ئازەری کۆندا، بە ڕادەیەك بە هێز بووە کە تەنانەت ئێستایش کاتێ شیعری شێخ سەفی ئەردەبێلی باوەگەورەی بنەماڵەی شاهانی سەفەوی دەخوێنینەوە، بە چەشنێك عونسوری هاوبەش لە گەڵ زوانی کوردی تێیدا بەدی دەکرێ کە تەنانەت هەندێ کەس کوت و مت بە کوردی دادەنێن... بێ ئەوەی خۆی کورد بێت.» (١٦)

ئەم پێوەندیە دوو لایەنە دیالیکتیکییەش لە بەر ڕۆشنایی و بە هۆی ئەو ئاڵقەوە (ئازەری کۆن) درووست بووە کە بووەتە پێوەندییەکی ئەندامی و خزمایەتی نزیکی نێوان شێوەی گۆران بە تایبەت هۆرامی و زازاییدا. ئەو خسڵەتە زمانیانە کە نێوان هۆرامی و ئازەری کۆندا هەن، بە هەمان شێوەش، عونسوری دەنگ تەوەری و

لیکسیکۆلۆژی (واچەشناسی) و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و واتاناسی (سیمانتیك) و کاربردی زوانی، لە نێوان هۆرامی و زازاییدا دەبینرێ. چوونکای بە پێچەوانەی باوەڕی باو، زازاییەکان لە باشووری کوردستانەوە کۆچیان نەکردوە بۆ باکوور و هەر لە سەرەتاوە نیشتەجێی شوێنی ئێستای خۆیان بوون، واتە شێوەی دیملی لە لایەن کۆچبەرانی ناوچەی گۆرانەوە نەچۆتە دەرسیم و دەورووبەری بەڵکوو بنج و بناوانی هەر لە ناوچەی ئێستادا بووە و لەوێش سەریهەڵداوە. (١٧)

لێرەدا بۆ چەسپاندنی ئەم پێوەندییە دیالێکتییە، لە ئاسەواری بە جێماوی ئەم زوانە هەندێ نموونەی شێعری لە شێخ سەفی ئەردەبێلی و هەندێ رستە و واژەو دەستە واژەی هەرزەندی و خەڵخالی و مەرەندی کە لە سەرچاوەمێژوویەکاندا تۆمارکراون دەهێنینەوە و لە گەڵ هاوسەنگە هۆرامییەکەدا بەراوردیان دەکەین. (١٨)

الف: چەند نموونە لە ئورامن (فەهلەویات) ی شێخ سەفی ئەردەبێلی:

+ همان هوی و همان هوی همان هوی
همان (کوشن) و همان دشت و همان کوی
(از)) واچُم) اویان تنها چو من (بور)
به هر شهری شدم هی های هی هوی (١٩)

واتە: (ئەو خودایە کە خوایەکی بە شکۆ و یەکتا و بێ هاوتایە لە زات و سیفاتدا، ئەم دنیا کە عالەمی ئۆبژێکت (ناسووت) ە، هەمان دەشت کەژ و کێو و سارایە، بریای دڵی من خوشەویستیی مەحبووبی حەقیقییە کە تایبەت بە من بێ و لە هەر دەڤەر و شارێکدا تەژییە لە شۆرشی عاشقانی حەق.)

– کێشی دووبەیتییەکە، کێشی خۆماڵی ئورامنە، ئەگەرچی هەندێ ئەیانەوێ لەم جۆرە کێشە بخەنە نێو قاوغی بەرتەسکی عەرووزییەوە (مفاعیلن، مفاعیلن، فعولن)، بەڵام لە سەر چڕی نەغمەی هۆرامی دانراوە و دەبێ مەحوون (خوێندنەوە) کرێ تا رادەی ئەکتیڤێتی ریتمەکەی دەرکەوێ. لە پەراوێزدا باسم لە سەر ئەم جۆرە کرکە دەنگانە لە هۆرامیدا کردووە، بابا تایەر سەرچڵی ئەم نەریتە مۆسیقاییە بووە. شاعێرانی

گۆرانیش بە تایبەت سەیدی پێڕەوی ئەم ئوسلووبەیانە کردووە.

توخمە هۆرامیەکان:

از: (ez) ئەز، مـن، تـوخمێکی ئارکـائیکی (رەسـەن) ی ئارییـە کـە لـە زۆربـەی شێوەزمانەکانی گۆراندا بە تایبەت لە هۆرامیدا لە لایەن شاعیرانی ئەم دیالێکتـەوە بـە کار براوە. ئەم توخمە، زوانی ئازەری کۆن لە گەڵ شێوەزمانەکانی گۆران (بـە تایبـەت هۆرامی) و زمانەکۆنەئێرانییەکان، گرێ دەدا. (ئەز) سووك کراوی (ئـادم و ئـازم) بـە ئـەژمار دێ. لـە ئاسـەوارە بـەردە نووسـەکانی بێـستوون بـە جیمـاو لـە چـاخی هێخامەنشیەکان، ئەم توخمە بە شێوەی (ئادم، adim) هـاتووە و لـە ئاوێستایـشدا وەك (ئازم، (azimتۆمار کراوە.

سەیدی دەڵێ:

– (ئەز) و خەم پێوە گرتەنما برایی

نە خەم چێمە، نە من چادیم جیایی

– (ئەز) ئۆرۆمۆن مەکانم بێ وڵاتم

سەروو پیری خوای گێرتەن خەڵاتم ...

– (ئەز) قسێوەت ماچوو گۆشم دارەنە ... (٢٠)

واچم: واتم، واچەی هۆرامی، وتە و گوتەی سۆرانی، لە رەگی واچ و واچـەvaĉ)) ی ئەڤێستا و سەنـسکریت، لـە پالـەوی: واچـەك، vaĉek، لاتـین: voxفەرانـسە: voix ئینگلیسی:) voiceواتـە، watey) ی هـۆرامی و (واچـیدن، waÇiden) ی ئـازەری کۆن.

بێسارانی:

(واتم) هەی دڵە وەسەن وەس ناڵە

خەڵکان جە ناڵەی تۆشان شی زاڵە (٢١)

– کوشن: کەش، keş، کەژ و کێو

– بور: (بۆ) ی هۆرامی bÔ، (بێ) ی سۆرانی

بێسارانی:

کەسیٚ کە بەی تەور حاڵ و جەستەش (بۆ)

پێسە جۆیای وەسڵ ئاوات واستە (بۆ) (٢٢)

- دەشت: دەشت، سارا

+ (دیره) سر بە سودای تە (کیجی)

(دیره) کین چش چو خوینین (ارس) (ریجی)

دیره سر بە استنە اچ تە دارُم

خود (نواچی) کو وربختی چو (کێجی) (٢٣)

واتە: «ئەم سەرە بە سەودای عەشقی تویە گێژە، ئەم چاوە بۆ تو هەلس (ئەسرین، فرمێسك) دەڕێژیٚ و لە هەمبەر ئاسانەکەی تودا، سەری کوڕنۆش دائەنەوێنم، خود ناڵێی ئەم چەرمەسەرێیە بۆ ئەکێشی.»

- دیره: ئەگەر کیج بەمانای کیژی کوردی هاتیٚ ئەوا ئەو دیٚرە مانایەکتر دەدا بە دەستەوە، واتە ئەم کیژە بۆ تو سەر بە سەودایە (کرداره لە بەشەکانیتری گۆران وەك کرماشانی بەکار دەبرێت). ماناکەی ئەحمەدی کێسرەوی بەم بۆچوونە هەڵەیە، بە مانای دێرە و ماوەیەکە هێناویەتی، بە رای من بە مانای (هەیەتی) و (دارد) ە.

- (ئەسره، ئەرس، هەرس، هەلس): (هەلسی) هۆرامی، Helsy، گۆڕنکاری فۆنێم و دەنگ بە سەریدا هاتووە، (و) و (ر) گۆڕنێن دوایی دەبن بە (ه) و (ل). ئۆرۆمۆن (هۆرامان) سار (سال)، دەڵێم، دەرێم. ئەسرینی سۆرانی و ئەرسی هۆرامی، جێگۆڕکیٚ دەنگی بەسەریاندا هاتووە، پاشان لە فارسیدا بووەتە: (ارشك) و پاشان (ئەشك). لە شووشتەر، یەکێك لە دەڤەرەکانی جوگرافیای زمانی ئازەری کۆن، ئێستایش تـوخمی (ئەرس) واچەی پێدەکریٚ.

مەولەوی: وەك رووکردێکی زمانی بۆ بە پیتکردنی زمانی کوردی، ئەم دوو شێوە زمانیە لە دیوانەکەیدا بەکار بردووە:

+ تا وەی رەنگ زەرد چوون خەزانەوە

سیم ساف (هەرس) کەس نەزانەوە

+ خامەی سەراوێز نە چای سیایی

مەڕێزۆ (ئەسرین) شەکوای جیایی (٢٤)

– ڕیجی: ئەرێژی، لە رەگی (رژتن، رشتن) ی کوردی

– نەواچی: نالّێی، نمی گویی، پێشتر باسمان لە سەرکرد. نموونەی تر بۆ (واچەی) لە خوارەوە:

– (مواچش) از چە اویان ماندە دوریُم

واتە: «مەڵێن کە من ساتێ لە عالەم یەکبوون (وەحدەت) دوور بم.»

+راز (واچم) اویان تنها چو من بور

بابا تایەر:

تە کە مشکین کاکل در قفایی

بە مو (واچن) کە سرگردان چرایی

مەولەوی:

+ (مەوات) هەی ئاوات واستەکەی جەستەم

هەی مۆمیایی پێشەی شکستەم (٢٥)

– کیج: کناچێ، kinaĉê، کیژ، کچ، دختر، لێرەدا بە مانای (گێژ) یش هەیە.

مەولەوی:

خەمیا و چەمیای ناز نیمچە (کناچ) ان

دەنگ هەی شاباش نەوجوان واچان (٢٥)

– چو، اچ: (ژە، ji) ی کرمانجی باکوور، بۆ، جەی هۆرامی، (ازبرای) ی فارسی

مەولەوی:

+ کام زار بێ (جە) تو من نەویم نەسیب

جەفا هەر وە من، وەفا پەی رەقیب (٢٥)

وەربەختی: بەدبەختی

+ عشقر جویی که (وریان) بسته نه بور ... (٢٦)

واته: «عەشق جۆگەلەی ژیانە کە بەریانەکەی نابەستڕێ.»

وریان: (بەریان، beriyan) ی هۆرامی، شوێنێك لە جۆگەی ئاو، دەیکەنەوە و دەیبڕن بۆ دێرانی ئاو.

+ مرگ (ژیریم) به میان دردمندان بور (٢٧)

واته: «مەرگ و ژیانی من لە نێو دەردمەنداندایە»

ژیر: ژیار، ژین، ژیان

+ اورامن: هرکه (اورامنه) به نام بخونه

(شۆ و رۆ) بسته داری کامروبند

کاریا می رسی جهنامەداران

خداوند بنده بی بنده خِداوند (٢٨)

– ماناکەی زۆر روون نییە، کێسرەویش نەیتوانیوە ماناکەی لێکبداتەوە هەر وەها بە نیوە چڵی ماوەتەوە. بەڵام فاکت بۆ ئێمە دوو وشەی (اورامن) و (شەو و ڕۆ) یە کە هۆرامی رووتن. لە پەراوێزدا مانای (ئورامن) مان لێکداوەتەوە. بڕوانە پەراوێزی ژمارە ١٧

ب: نموونەی رستە لە ئازەری کۆن کە ئێستا لە هەرزەند و خەڵخاڵ و مەرەند و هەندێك لە دەڤەری ئازەربایجان گۆی پێدەکرێ (٢٩)

زوان (زوان، زمان)، کفژِنِن (قسەکردن، وتو وێژ، هۆرامی بە درکە دەڵێ کەف چەرنۆ، یانێ زۆر قسەدەکات. (بو: بۆ، دەبێ).

«و این (زوان) تالشي (زواني) کوِ نزیکه، که دِ رِست (کفژَنِن) وِ همدیگر حالي (بو)»

واته ئەم زوانە (مەبەستی خەڵخاڵ) یە بە زوانی تالشی زۆر نزیکە، کە بە تەواوی قسەی یەکتر حاڵی دەبن.

ورن (واران، باران)، ورسته (واران، باریوە)، اما (ئاما، هات، باری) گندم

(گەنم)، کردیە) کەردەن، کردوە)، خروب (خراب)

«اِمسور (وُرُن) خیلي (وُرُستە)، سیل خیلي (اما) را، گندومي خروب کردیە»

واتە: «ئیمساڵ باران زۆر باری لافاوێکی زۆر هات، گەنمەکانی خراپ کرد.»

ج: نموونە بۆ واژە و دەستەواژەی ئازەری کۆن کە لە هەرزەند باون: (۳۰)

یێ: لەئەوێستادا: yen، لە هۆرامیدا gen، لە سۆرانیدا gin، لە فارسیدا zen

کنە: کەنی، کەنیشك، و کناچێ (هۆرامی)، دختر (فارسی)

او: لە ئەوێستادا: Āp، و ئاڤەنت ((avent بە مانای: کاسەی ئاو، هۆرامی: ئاوی، سۆرانی: ئاو

چوون بێسارانی هەرکەس بێ دڵ بۆ

چوون باخچەی بێ (ئاو) دایم بێ گوڵ بۆ

گـوژد: گۆشت

یو: (هۆرامی: یەوێ)، جۆ: سۆرانی و فارسی

اُسو: ئیسە (هۆرامی)، ئێستا: سۆرانی، اکنون: فارسی

شمە: شمە (هۆرامی)، ئێوە: سۆرانی، شما: فارسی

ورە: (وەرە) ی هۆرامی، بەرخ: سۆرانی، بەررە: فارسی

بز: پەز (سۆرانی)، مەی (هۆرامی)، گوسفند: فارسی

زانیر: لە رەگی زانای (هۆرامی) و زانینی: سۆرانی و باقی زاراوەکانی کوردی

وِنی: وینی (هۆرامی) ئەبینی (سۆرانی)، لە رەگی: وینای و بینین، می بینی: فارسی

ژمارەکان: زۆربەیان هۆرامی ئێستان: بۆ نموونە تەنیا ئاماژە دەکەینە چەند ژمارە:

اِ، aě: فارسی: یـك، سەنسکریت: eka، ئەوێستا: aeva، هـۆرامی: yive لـە هۆرامیدا a بە y گۆڕراوە.

دِو، děv: سەنسکریت: diva، ئەوێستا: diva، هـۆرامی: divě سـۆرانی: دوو، فارسی: دو

هوٍ، herě: (سەنسکریت: triئەوێستا   riهۆرامی: yerě سۆرانی سیٚ sě، فارسی: سە، گۆڕانی (هـ بە ی) کە (هـ) کۆنترە لە (ی).

نو: (نۆ)

ویس: (ویس، هۆرامی، بیست، سۆرانی) و... (٣١)

خشتەی بەراوردکاری ژمارەی یەك تا دە، نێوان: سەنسکریت، ئاوێستا، ئازەری کۆن، هۆرامی، سۆرانی و فارسی:

سۆرانی	فارسی	سانسکریت	ئاڤێستا	ئازەری کۆن	هۆرامی
یەك	یك	eka	aeva	ae	yive
دوو	دو	diva	diva	de	divê
سیٚ	سە	tri	ri	herě	yerě
چوار	چهار	ĉetvar	ĉawar	ĉowr	ĉiwar
پێنج	پنج	panĉa	penĉa	peng	peng
شەش	شش	şaş	xşvaş	şoş	şiş
حەوت	هفت	sapta	hapta	hovt	hovt
هەشت	هشت	aşta	aşt	heşt	heşt
نۆ	نە	nava	nava	nô	nô
دە	دە	dasa	dasa	de	de

ژێدەر وسەرچاوەکان:

١ – ا. هالّ رابیرّت، زمان و زمانەوانی، و. د. محەمەد رەزا باتنی، ل ١٥٥

٢ – دلێربەکر، ئەشکەوتەکەی گوندۆك، بەغداد، ١٩٥١

٣ – خالۆ شێخ محەمەد، فەرهەنگی خاڵ بەرگی دووەم، سلێمانی ١٩٥٩
٤ – گۆڤاری زرێبار، ژ. ٥٨/٥٩، ل ٢٥٩ وتاری دەربارەی پێکهاتنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی،

زاری ئۆسپ،

و. ئەنوەر قادر محەمەد

٥ – هەمان سەرچاوەی پێشوو

٦ – هەمان سەرچاوەی پێشوو

٧ – بەدلیسی شەرەفخان، شەرەفنامە تەسحیح (راستکردنەوە) ی محەمەدلۆی عەباسی، نەشر حەدیس، تاران ١٣٧٣

– مەستوورەش، کورد بە چوار بەشەوە دابەش دەکات:

ئەردەڵان، لۆڕ، کرمانج و گۆران بڕوانە مێژووی ئەردەڵان د. حەسەن جاف و شکوور مستەفا ١٩٨٩ ل١٤

– ڕەشیدی یاسمی ئەم دابەشکردنەی لە زمان نووسەرانی پێش خۆی هێناوە:

گۆران، کرمانج، لۆڕ، کەڵهوڕ ئەوەشە دەخاتە سەری و دەڵێ لێکۆڵەرەوەانی سەدەی بیستەم گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە لە ناو کورداندا، چینێکی دیکەی ئێرانی هەن بە ناوی گۆران – زازا کە غەیرە کوردن. بڕوانە: یاسمی ڕەشید، کرد و پیوستگیهای تاریخی و نژادی او ابن سینا، تاران.

٨ – ن. مارێر سەبارەت بە وشەی چەڵەبی ل. ١٣٧ وەرگیراو لە ڤاسیلی نیکیتین ل ٢٧٧ (ڕوانگە ژمارە ٨)

٩ – هەڵبەستی هێجایی هورمزگان:

بە وتەی «تەقی بەهار» دەقێکی چەن بەیتی دە بڕگەیی، لە دەهەی دووەمی سەدەی ئەوڵی کۆچیدا، نزیکی شاری سلێمانی کوردستانی باشوور، دۆزراوەتەوە. لە لایەن دوکتۆر سەعیدی کوردستانییەوە، گەییوەتە ئورووپا و هەمیش بە دەست محەمەد تەقی بەهار، کە لە سەر پێستی ئاسکێکەوە نووسراوە. ئەم دەقە دەتوانێ، وەك پێگەی ئەستووری سەرەتای سەرهەڵدانی، شێعری نویساری کوردی دابنرێ. چوونکای هەڵگری هەندێ پرنسیپی هونەری – جوانکارییە بۆ چەسپاندنی ڕەسەنایەتی مۆسیقای شێعری کوردی. لەم کتێبەدا باس

لە سەر ئەم دەقە کراوە.

١٠ – ئورامن هەڵقەی ناڤینی ئەوسا و ئێستای شێعر و مۆسیقای گۆرانە، پێشتر باسی لەسەر کراوە.

١١ – محەمەدپوور عادڵ کتێبی سۆزی لیریکا، لە ژێر چاپ

١٢ – سوڵتانی ئەنوەر، گوڤاری روانگە، ژ. ٨ رەشەمەی ١٣٨٠

١٣ – راوەندی مورتەزا، تاریخ اجتماعی ایران، ج. ١

١٤ – بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە: کاروەندی کێسرەوی، یەحیا زەکا، تاران ٢٥٣٦ یان زبان پاك، لە ئەحمەدی کێسرەوی

١٥ – سوڵتانی ئەنوەر، گۆڤاری روانگە، ژ. ٨ رەشەمەی ١٣٨٠

١٦ – هەمان سەرچاوەی پێشوو

١٧ – هەمان سەرچاوەی پێشوو

١٨ – بڕوانە ئەم سەرچاوانە: زەکا یەحیا، کاروەندی کێسرەوی، تاران، ٢٥٣٦ ل ٣٤٥ و...

– کارەنگ عبدالعلی، تاتی و هەرزەندی، ١٣٣٣

– زەکا یەحیا، گویش گلین قیە، ١٣٣٦

– کارەنگ عبدالعلی، خلخالی یك لهجه از ئازەری

١٩ – زەکا یەحیا، کاروەندی کێسرەوی، تاران، ٢٥٣٦ ل ٣٤٩

٢٠ – سەیدی، دیوان، ل: ١٣، ٢٠، ٢٢

٢١ – بێسارانی، دیوان، ل: ١٧

٢٢ – هەمان سەرچاوەی پێشوو

٢٣ – زەکا یەحیا، کاروەندی کێسرەوی، تاران، ٢٥٣٦، ئەحمەدی کێسرەوی واژەی (کێجی) لەدێڕی چوارەمی ئەم دوو بەیتییەی بۆنەخوێنراوەتەوە، مانایشی نەکردوەتەوە. بە رای من بە مانای (کێشیٚ، ئەکێشیٚ) یە.

٢٤ – مەولەوی دیوان، ل ٢١٢ و ٤٣٥

٢٥ – هەمان سەرچاوە: ل ٢١٣و ٤٣٤

٢٦ – زەکا یەحیا، کاروەندی کێسرەوی، ل ٣٥٠

٢٧ – هەمان سەرچاوە، ل ٣٤٩

٢٨ – هەمان سەرچاوە، ل ٣٤٤

٢٩ – هەمان سەرچاوە: ل ٣٦٤

٣٠ – هەمان سەرچاوە: ل ٣٦٥، بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە:

ئەم سەرچاوانە: تاتی و هەرزەندی، عبدالعلی کارنگ، ١٣٣٣،

گویش گلین قیە، یەحیا زەکا، ١٣٣٣٦، خەڵخاڵی،

یك لهجه از ئازەری، عبدالعلی کارنگ ١٣٣٣٤

٣١ – بڕوانە: پێشەکی فەرهەنگی دێهخودا.

«ئورۆمۆن» له تویژاڵی دەمقاڵەوە بۆ مەدلوولی راستەکی مێژوو

هەربابەتێك و هەر چەمکێك، مێژوویەك و بەسەرهاتێکی هەیە. بابەتەکان بە درێژایی مێژوو، سیمایان دەگۆڕرێ و لە ژێر تۆزی زەمەن و گێژەڵووکەی گۆڕان و چەمەری هەڵسووڕاندا، ئاڵ و گۆڕی قامووسی و واتایی بە خۆوە دەگرن. بە تایبەت توخمە زوانیەکان کە هیچ کات یکدانگ و یەك رواڵەت نامێننەوە بەڵکوو وێڕای گۆڕانکاری رواڵەتی هەندێ چەمکی ناوەرۆکی و دیرۆکی وەدووی خۆیاندا دەهێنن کە لێرەدا ئەرکی توێژکار و لێکۆڵەر پتر دەبێ و وا ئیجاب دەکا کە زۆر بەهەستیارانە و وردبینی و تێرامانەوە یاسای گۆڕانکاری فۆنۆلۆژی (واچ شناسی) و لیکسیکۆلۆژی (واچەشناسی) و ئیدیۆمەکان بە باشی وەرد و پەڕەناو بکات و لە رێچکەی ئەو یاسایەدا هەڵەتە نەبێ، و لە سای ئەم رۆشنایەدا، دیاردەزوانیەکان و مەدلوولە راستیەکان پێناسەبکرێن و هۆکان لەم دەراوەدا بدۆزرێنەوە و تاکوو پرۆژەکە بگاتە ئەنجام.

ئەز زوانەوان نیم بەڵکوو لە روانگەی مێژووییەوە ویستوومە تۆماڵی ئەم باسە بکەم و هەندێ راستی شاراوە، ئەویش بە پشت بەستن بە سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان، روون بکەمەوە. لەم وتارەدا سەرەتا تیشکێك دەخرێتە سەر سیاسەتی ئاشوورییەکان، لە لایەکەوە بۆ سڕینەوەی ناوشوێنەوار و ناسەی فەرهەنگی کوردەواری یان مێژوویتر

بلێین مادەکان، و لە لایەکی تریشەوە، لەوا کە بە داخەوە ئاسەواری مادی تەنیا لە دووتۆی سەرچاوە بزماری و مێژووییەکانی ئاشووریدا نەبێ، دەسمان ناکەوێ. ئەو ناوشوێنانە کە لە دەڤەری کوردستاندا هەن، ئەم راستیە تاڵە بۆ گەلی کورد دەردەخەن. خوێندنەوەی مێژوو و لادانەوەی بەرگەکانی وێڕای سوودبینین و سوودبەخشی بۆ هەرگەل و نەتەوەیەك دەبێتە هۆی چڕبوونی ئەزموونگەرێتی و دووپات نەبوونەوەی هەڵەکانیشی. ئەمە ڕەنگە ئێستا بۆ نەتەوەی کورد، باشترین خاڵی ئەرێنی و بە کەڵکترین رێبرد و سیاسەتی هەنووکەیی سیاسەتوانان و مێژوونووسان و خاوەن ویران بێ. چوونکای لەم رێبردەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە کورد و کوردستانی کۆن هەر وەکوو ئێستا، چەندە دوژمنکاری هەبووە و چەندە مێژوو و فەرهەنگ و مەعنەویەت و وێژدانی ناخۆئاگای قەڵاچۆ و ئاوەژووکراوە و کەوتوتە بەر قەمچی شاڵاو وڕاپێچ کردن.

دۆزی ئاشوورییەکان لە کوردستانی کۆندا

پێش لە دوژمنانی مێژووی سەردەم: سەفەوییەکان وعوسمانییەکان، دورتریش ئاشوورییەکان، دوژمنی بڕبڕەپشتی کوردستان بوون. بەر لە یەکگرتنەوەی هۆزەکوردەکان لە کوردستانی کۆندا و پێکهێنانی حکوومەتی ماد، وەك: مێدیەکان، گوتیەکان، ماناکان و ئورارتۆکان و لولوییەکان و... ئەمە ئاشوورییەکان بوون کە پتر لە هەر شاڵاوگەرێکیتر چاویان بڕی بووە مادەخاوەکان و کانزاکان و دەوڵەمەندی سروشتی کوردستان و تاڵان کردنیان و گەڕی سیاسەتی بە کۆمەڵ کوشتن و کۆچاندنیان و پاکتاوکردنی کلتوور و داب و نەریت و سڕینەوەی هێما فەرهەنگییەکان و ناوی شوێنوارەکان کە ئەمرۆژ ناوی بە تعریب و تترێك و تفریس درچووە، گەیشتبووە ترۆپك.

ئەم داگیرکەرانە، لە هەر شوێنێکی کوردستان پێیان ناوە وێڕای کوشتن و بڕین و کوێرکردنەوەی شوێنەواری مێدیەکان تەنانەت ناو و ناسنامە و بنچکی نەتەوایەتی سڕاوەتەوە و بە جێیان ناوی ئاشووری و ناکوردی لێنراوەتەوە.

لێرەدا ئەرکی بیردۆزانی کورد پتر دەبێ، کە جەخت بکەن بۆ دۆزینەوەی شمەکی فەرهەنگی و توخمی زوانی لە دوو تۆی ئەو ئاسەوارانە کە لە ئاشووری کۆندا بە جێی ماون، ئاخر وێڕای سیاسەتی کوشتن و بڕین و قەڵاچۆکردن کە دەبێتە هۆی سڕینەوەی هەندێ لە خسڵەتی فەرهەنگی و زوانی، دەقە ئاشووریەکان تەنیا کەمپ و ژێدەرێکن بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی توخمە ونکراو و ئاوەژوو بووەکانی زوان و فەرهەنگی مادی (کوردی) لەم روانگەوە، سەرچاوە ئاشووریەکان بۆ ئێمە گەلێك بەهادار و تەنانەت ژیانبەخشی بەشێکی زۆر لە کەلەپووری ئێمەن.

لە هەمبەر ئەم خەسارە مەزنەدا، بەرژەوەندییەك بۆ گەلی کورد تۆمارکرتوە: پاشاکانی ئاشوور لە چاو پاشاکانی نەتەوە کۆنەکانی دراوسێی کوردستانی کۆن، باشترین و دەوڵەمەندترین سەرچاوەیان لەم بارەوە بۆ بەجێ هێشتووین، کە بریتین لە نووسراوە شاهانە رەسمیەکان و یادگارانەکان، نەخشە هەڵکەندراوە بە ناوبانگی دیواری کۆشکەکان و ئارشیڤنامەی پاشاکان کە جۆرەها وێنە لەم بارەوەیان تێدا بەرجەستە کراوە کە وەك پڕوپاگەندەیەکی سیاسی و وەك جەنگێکی دەروونی بە کار هێنراون. (١)

خوێندنەوەو هەڵدانەوەی ئەم بەڵگەنامانە و شروڤەی ناوشوێنەوارەکان کە قامووسی راستەکییان ئاوەژوو کراوە حەقیقەتێکی تاڵ بۆ ئەم نەتەوە دەردەخات کە ئەویش گریدانی سیاسەتی دوژمنکاری و پاکتاوکردنی رەگەزیین هەرلە کۆنەوە تا بە ئەمرۆ کە سیاسەتی ئەنفال و جێنوساید و کیمیاباران و تواندنەوەی ناسنانەی لێکەوتوەتەوە.

چۆڵکردنی زۆر ناوچەی ژێر دەستی ئیمپراتوری ئاشووری لەدانیشتوان و راگواستنیان بۆ ناوچەی دوورەدەست و هێنانی خەڵکی بێگانە لە شوێنی ترەوە، بۆ جێگرکردنیان لە شوێنیان دەچێتە خانەی ئامانجە سیاسیەکانی، سیاسەتە ئاشووریەکانەوە لە کوردستانی کۆندا لە پێناوی گۆڕینی مۆرکی نەتەوایەتی، ئەتنیکی لە ئەو ناوچانەدا پیادەکراون، لە ئەنجامدا هەندێك ناوچە و هەرێم لە ئیمپراتوری

ئاشووریدا ناسنامەی ڕەسەنیان سڕاوەتەوە بوونەتە بەشێکی ڕاستەوخۆ لە وڵاتی ئاشوور وەك هەرێمێکی ئاشووری تەواو، نەك بێگانەی ژێردەست مامەڵەی کراوە. (زاموا) ش کە ناوچەی سلێمانی ئێستا و دەورووبەری دەگرتەوە، نموونەیەکی ڕوونە. هەر وەها زۆر کۆمەڵ و نشینگەی جوولەکە لە ئێران و ناوچەکانی کوردستان یەکێکە لە ئەنجامەکانی سیاسەتی ڕاگواستن و تێکەڵکردنی گەلان و نەتەوەکانی ناوچەکە لە سەر دەستی ئاشوورییەکان. (٢)

بۆ نموونە: «ئاشوور ناسیرپاڵی دووەم (٨٨٣ - ٨٥٩ پ. ز) بە نزیکەی سەدەیەك پێش لە سارگۆنی ئاشووری و تیگلات پیلاساری و..، پاش وێرانکردنی شاری (ئەتلیلا) ی لولۆییەکان لە وڵاتی (زامۆا) سەر لە نوێ بنیادی نایەوە و کۆشکی شاهانەی تیادا درووست کرد و پاش ئەوێی کردە بنکەیەك بۆ کردنەوەی دانەوێڵەی ناوچەکە، ناوەکەی گۆڕا بۆ (دوور - ئاشوور).» (٣)

یان هەمان پاشا (ئاشوور ناسیر پاڵی دووەم) لە شاڵاوێکدا بۆ سەر شاری ئاممالی (٤) لە (زاموا) دەڵێت: «لە شاڵاوێکدا لە شارەکەدا ٨٠٠ جەنگاوەریانم بە شمشێر بە زەویدا دا بە لاشەکانیان کۆڵانەکانی شارەکەیانم پڕکرد، خانووکانیانم بە خوێنیان ڕەنگ کرد، زۆریانم بە زیندوویی گرت و ئاشوور ناسیرپاڵ پاڵەوان، وەك باڵدار کەوتە دوایان (واتە خەڵکی هەڵاتوو) لاشەکانیان لەسەر شاخی نیصیر (پیرەمەگروون) لەسەر یەك کەڵەکە کرد، ٣٢٦ جەنگاوەریانم سەربڕی، حەوت شارەکە کە لە ناوجەرگەی شاخی نیصیربوون و وەك قەڵاکانیان مەحکەم بوون، داگیرم کردن، دانیشتوەکانیانم سەربڕی و کەل و پەل و مەڕومالیاتیانم، برد و شارەکەم سوتاند و..» (٥)

پاشان لە هێرشێکدا بۆ سەر هەولێر دەڵێ: «بوبو، کوڕی بابا، فەرمانڕەوای شاری نیشتون لە شاری ئەربیلا (واتە هەولێر) کەوڵم کرد و پێستەکەیم بە سەر شووورای شاردا هەڵخست.» (٥)

Iuchenbill op. cit vol 1 p. 143. p. 441

هەنـدیٚ وشـەی بەرەچـەڵەك ئاشـووری و نێوچـۆمانی و نامێـدی وەك: (تەتـە، ئیجیجی، زامواو، بلێ ئەرارا، کورزا، نیێ، نـژمار، ژوونـیێ، شـواڵا، داریـان، وەرتـرە، هەسوون، زابان، سلێن، و... هتد) لە هۆراماندا هەن (٦)، بۆ ئەم دۆخە مێژوویيە کـە داگیرکەران بە تایبەت ئاشوورييەکان ئاوا سیاسـەتێکیان پێـڕەو کـردوە، دەتـوانن پـاڵ پشت و پێگەیەك بن بۆ چەسپاندنی ئەم دۆزە. زۆربەی ئـەو وشـانە کـە چـواردەوری هۆرامانیان تەنیوە، دەسپێکی ئەرێنین بۆ توێکاری رۆگەی زمانەوانی وشەی هۆرامان.

هۆرامان بیٚ گومان هەر لە مێژە بە شێك بووە لـە کوردستانی کۆن با وەکـوو لــە هێڵی جوغرافياییدا ناوچەیەکی بەرز و شاخاوی و دەست پێنەگەییو بـووە، وەك بـاقی بەشەکانیتری کوردستان، بە تەماحی دەوڵەمەندی مادەی خاوی سروشـت، وەك دار و تەختە و ئاسن و مس (بۆ دروستکردنی چەك) و زێڕ و زێو و بەردی بەنرخ و ئەسـپ و... وەك باجی سەرانە و جەنگی ئابووری، بە قوڵنگەی پۆڵـا لــە چـيا سـەختەکاندا، رێگا و بان بۆ هاتووچووی بازرگانیٚ کراوەتەوە و ماڵ و سامانیان، کەوتۆتە بەر ئاکامی دیـاردەی شـاڵاوگەری و گـوژمی نامرۆڤانـەی داگیرکـەرە ئاشـوورييەکان و وێـڕای وێرانکاری و تاڵان کردن و کۆچاندن و سـوتاندنی مـاڵ و حاڵیـان، دەس بەسـەریاندا گیراوە و بە هەمان چەشنی ناوچـەکانیتر، نـاوی شـوێنەوارەکان و هێمـا فەرهـەنگییان ئاوەژوو کراون یان سڕاونەتەوە.

سارگۆنی دووەم (٧٢١ – ٧٠٥ پ. ز) وەك ئەرکی ئایین و فـەرمانی خواوەنـد، ئاشوور، لـە بارەی شاڵاوەکەی بۆ هۆرامان دەڵێت: «لەسەر وتەی بـەکاری ئاشـوور، سەردارم، کە ژێر رکێف خستنی میرانـی ناوچـە شـاخاوییەکان (هۆرامـان) وەرگـرتنی دیارییەکانیانی وەك خەڵاتێك بە من بەخشیوە. بە قوڵنگەی پۆڵا شـاخەکانیانم، داتاشـی و ریگاکراوەکانیانم کردەوە» (٧) – Luchenbiu Arab Vol. 11,p. 11 - 80 - 14

تۆماڵی دەستە واژەی هۆرامان:

گەلێك باس لـە لایەن توێژەرانەوە، لـە سـەر ئـەم دەسـتەواژەیە کـراوە (٨) یـان دەشکریٚ – وەك وتارەکەی کاك رەف مەحموودپوور لـە زرێباری ژمارە: ٥٨/٥٩، بـە

ناو: هۆرامـان لـه نێـوان وەهمـی دەنگـۆ و سەرچـاوە مێژووییەکانـدا – نـه رەدیـان دەکەمەوە و نه ئەیشلێم ئەمە «دەستگیرەیەکە بۆ خۆ دەرخستن و خۆ قوتکردنەوە یان هەرەمەکی و ناسوودمەند» بوونیان. خاوەن باسەکانیش بە سـاویلکەیی و ناشـارەزا و گەمژەبوون تۆمەتبار ناکەم، بەڵکوو ئـەو باسـانە پێش لـەم وتـارەدا نووسـراون، بـه وتارەکەی کاك رەوفیشەوە، بە پێگەیەکی بناغەدار دەزانم بۆ ئەم باسـانە کـە لـەمـەولا دەنووسرێن و رێز و حورمەتیشم هەیە بۆ هەوڵەکانیان هەر هیچ نـەبێ بوونەتـە هـۆی وروژاندنی باسـەکانی ئێمـە و تەنانـەت باسـەکانی تـریش کـە لـە داهـاتوودا دێنـە راڤەکرن، رەنگە ئەوان پشت بە بەڵگـەی توکمـەتر و جیـدی تـر ببەسـتن و باسـەکە لـەمەزیادتر قەڵەوتر و بە پێزتر بکەن دیارە ئەمەیە یاسای رەوای لۆژیکی لێکۆڵینـەوەو راڤەکاری.

ئێستا بە تێپەڕانـدنی ئـەم باسـە مێژوویيـە و بەڵگانـدنی سەرچـاوەکان، دەڕۆینـە سـەروەختی دەسـتەواژەی هۆرامـان. ١ – «ئۆرۆمـۆن» لـە دەقەکـەی سـەیدیدا – و بەراوردکارییەکەی و پاشان دەرخستنی واتای راستەکی پاژەکانی پێکهاتەی ئەم دەسـتە واژە لەسەر لۆژیکی مێژوو و بەسەرهاتی ئەو واژە و دەستەواژانە کە بـە بەڵگـە لـەم وتارەدا سەلمێندرا و زۆربەی ئەو واژانەش لەسەر ئەو پەیوەسـتە سیاسـییە دانـراوە کـە ئاشوورییەکان پێڕەویان کردووە و لەلای من، ئەمانـە، بەڵگانـدن و پاڵپـشتن بـۆ ئـەم وتارە.

سـەیدی واژەی هۆرامـانی بـە شـێوەی کـۆن «ئۆرۆمـۆن» بـە کـار هێنـاوە لـە چامەکەیدا:

ئەز (ئۆرۆمۆن) مەکانم بێ وڵاتم
سەر و پیری خوای گێرتەن خەڵاتم ... (٩)

دیوانی سەیدی، کۆکردنەوەو شیکردنەوەی محەمەد ئەمین کاردۆخی ل ٢٠، ١٣

هۆرامان وشەیەکی دێرین و مێژوویەکی کۆنی لە دوتۆی مەدلوولەکەیدا هەیـە و بێ گومان یەکێکـە لـە هـەرە دەڤـەرە کۆنـەکانی کۆردسـتان، کـە رەنگـە هـەوەڵین

مەڵبەندی ژیان و ژیاری شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و مەڵبەندی فەرمانڕەوایی مادەکان، باوەگەورە و وەجاخی نەتەوەی کورد بێتن. بەڵام لەوا کە تان و پۆی زمانەوانی دەستەواژەی «ئۆرۆمۆن» و مەدلوولە قامووسییەکەی، شاری مادەکان بێ و سەیدیش بە زانیارییەوە بە ساقی تۆماری کردبێ، (کاکڵەی باسەکەی کاك ڕەوف) بێگومان بە پێی ئەو فاکتە مێژووییانە و ئەو سیاسەتە پاکتاوکردنە و پەیلوای مـن ناڕاستە، ڕەنگە هەڵێنجاندنێك بێ لە چەشنی بەکاربردنی شاعێر سەیدی، بۆ ئارکائیزەکردنی وشەکان، یان چەشنی خوێندنەوەی خوێنەر بێ و دەرکی مانای ئاوەژوو.

ئەگەر سەرنج بدەینە دیوانەکەی سەیدی و زۆرتر شێوازناسانە، بە سەر چامەکانی ئەم شاعێرە ڕۆ بچین، بۆمان دەردەکەوێ کە:

١ – پلاتفۆڕمی دیوانەکەی سەیدی لە سەر سێ جۆر کێش چێکراوە:

الف: عەرووزی ب: هێجایی (بڕگەیی) ج: فەهلەوی کۆن (ئورامن):

لێرەدا باس لە بڕگەی (الف و بێ) ناکەم تەنیا لە سەر بڕگەی (ج) دەدوم کە پەیوەستە بەم باسەوە. ئورامن (فەهلەویاتی کۆن) هەڵقەی ناڤینی ئەوسا و ئێستای شێعر و مۆسیقای گۆران دەژمێررێ. ئەگەر سەرەتای سەرهەڵدانی پرۆسەی شێعر و مۆسیقای کوردی (بە تایبەت سیاوچەمانە) بە گاساکان و یەسنای ئەوێستای بزانین، ئەوا «ئورامن» یان فەهلەویات (پەهلەویات) دەبێتە کۆڵەکەی ناڤینی ئەم بزاڤە لە چەن سەدە پێش و پاش ئیسلامدا بۆ ئەم بزاڤە مۆسیقاییە ئەدەبییە کە لەم سەردەمەدا بەو چەشنە ئوسلووبانەوە لە باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵاتدا، کە پێشتر باسمان لێوە کردن، وێنایان دەکەین. «ئورامن چەشنێك وتنەوە و گۆرانییەك بووە تایبەت بە پارسەکان کە شێعرەکانیش لەسەر ئوسلووبی بڕگەیی پەهلەوی بووە. ئورامن کۆنتر لە زانستی کێشناسی عەرووز بوون کە پاش ئیسلام زانا عەرووزییەکان بۆ ئەوەی پاساوی شێعری عەرووزی بۆ بدەنەوە کێشی تەفعیلەی «مفاعیلین» (بەحری هەزەج) یان بۆ پێوانە کرد. چوون ئەم چەشنە شێعرە لەسەر پێکهاتەی فۆلکلۆر و فەرهەنگی

دەمگۆی (شەفاهی) ی جەماوەر وتراوەتەوە، لەگەڵ ئەو دیاردەدا نەگونجاوە. بۆیە وتوویانە «مەلحوون.» زۆرتر مەرجی پێویست بۆ خوێندنەوەی ئەم ئوسلووبە «تەکیە و خێرایی نەغمەکان و کرکەی برِگەکانە (حەنجەرەی بێگەرد) کە تایبەتمەندییەکی شێعری رەسەنی هۆرامیشە. هەر ئەم پرِنسیپە، دەرخەری ئەم دۆزەتە کە بایەخی شێعری هۆرامی لەوەدایە تا نەخوێندرێتەوە، توخمە نادیار و بزاوتوەکانی وەك زەخیرەی زمانی کە لە دووتۆی زمانەکەدایە پێناسە ناکرێن. رەنگە یەکێك لە هۆکارەسەرەکیەکانی نەبوونی دەقی نویسار لە شێعری هۆرامیدا، ئەم خاڵە بووبێ، کە ئەم شێوەگەلە وتمان بەهۆی دیاردەی «دەنگ تەوەری تەکیە و خێرایی کرکەوە» لەم زمانەدا، دەبێ جەخت لەسەر لەحن و ئاوازی دەمگۆ بکرێ تا توانستی توخمەزمانیەکان وێنا بکرێ. ئاخێوەران و پێشینیانیش ئەو ئەمرازەی کەدەبوا کرکەکانیان تۆمار بکردبایێ نەیانبووە. (وەك نۆت لە ئامێرەمۆسیقاییەکاندا). هەر هەوڵێکیش بۆ تۆمارکردن و کۆکردنەوەی دەقی نویسار بکردرابا ئەوا دەبوو بە چەواشەکاری و ئاڵۆزکاری ئەو هاماوە دەنگانە. چوونکای دەقی نویسار تەنیا توانستی دەرخستنی پاژێك لەو پتانسیەلەدەرنەکەوتوەی هەیە و ئەوانیتر خۆبەخۆ فرِێ دەدرێن، بێ ئەوەی بیسەر هەستیان پێبکات. (١٠). سەیدی لە دیوانەکەیدا، دەستی بردوە بۆ هەندێ توخمی زمانی کۆن و ئارکائیزەکردنیان (بە کۆن کردن) و لە زۆربەی واژەکانیدا بەجێی بزوێن درێژی (ا، a)، (ۆ، o) ی نە تەنیا لە واژەی ئۆرۆمۆندا، بەڵکوو لە زۆربەی چامە کۆنەکانیدا ئەم ئەدگارە زمانیە دەبینرێ ئەویش تەنیا و تەنیا لەژێر کاردانەوەی ریتمی ئورامنە. ئەم ئەدگارە، بووەتە چەشنێك لە فۆرِماسیۆنی شیعری ئەم شاعیرە، نەك دەستی کەوتبێتن یان هی خۆی نەبێتن.

٢ - گرێدانی ئۆرۆمۆن بە «ئۆرمۆن» پاشان داتاشینی مەدلوولی شاری ئۆمۆن و مادەکان، پاساوێکی لۆژیکی لە بواری شێوازناسی و هەمیش شێتەڵکاری زمانەوانیدا بۆ نادۆزرێتەوە. بەسەرهاتی مێژوویش لەوا کە هۆرامان شارێکی دێرینەی مادەکان بووە، رەت ناکرێتەوە، تەنیاوتەنیا مەبەست لێرەدا، باری زمانەوانی دەستەواژەکەیە و

نه هیچی تر.

٣ – نموونەی ئەم واژانە کە لە دیوانەکەیدا زۆرن، بۆ دڵنیایی خوێنەر، لێرەدا نموونەکەیان و لاپەڕەکەیان دیاری دەکرێتن:

ئۆرۆمۆن بەجێی (ئوراماں، ل١٣)، بارۆم (بارام، ل١٣)، دیڤۆنە (دیڤانە، ل٢٣)، پەرڤۆنە (پەرڤانە، ل٢٣)، جۆڤۆنیم (جوانیم، ٥١)، مەزۆن (نازانم، ٥١)، پۆزێم (پانزەییم، ٥١)، ژمۆرێ (ژماردم، ٥١)، زۆمێۆ (زامێ، ل٢٥)، گیۆن (گیان، ل٢٥)، ریۆن (ریان)، مۆنگ (مانگ) و... لەم شێعرانەی خوارەوە:

– ئەز (ئۆرۆمۆن) مەکانم بێ وڵاتم
سەروپیری خوای گێرتەن خەڵاتم
– نیشاتۆ کاکە (بارۆمی) خجلنۆ
خەمێش بەرگم پەژارەش بۆ خەڵاتم
– نەك تو پەرێش (دیڤۆنە) بێ، هەکلێت برە، بێگانە بی
تە پەی شەمەی (پەرڤۆنە) بی، پی تە نە داسۆتارەبە
– ئاڤۆردەنم (زۆمیۆ) نیۆن مێشەم دەروون کزێم (گیۆن)
یاران کجا مرهم کنم زخم نهان المستغاپ
(جۆڤۆنیم) شرِ، (مەزۆن) لاوکیٖ بەروو داد
خلل اندر اساس عمر افتاد ...
– چوار (پۆزێم ژمۆرێ) سالۆ ئەمریم
گهی با شادی و گاهی بە ناشاد ...

٤ – مادام سیاسەتی ئاشوورییەکان بە پێی فاکتە مێژووییەکان، سیاسەتی سڕینەوە بووبێ ئیتر (ئور) ی ئاشووری و (ئۆمۆنی) مادی چۆن ئەیانکرێ؟ لە حاڵێکدا کە چواردەورەکەی بە وشەی ئاشووری و نامێدی (تەتە و بڵ و ئەرارا و ئیجیجی و هەسوون) تەنرا بێ؟! ئەمە دوورە لە مەنتیقی رەوتی مێژوویی و باری زمانەوانی واژەکە و دەڤەرەکە و تەنگەتاو و گوشاری سیاسەتی شاڵاوگەری و فرێدانی

ئاشوورییەکان!.

٥ – ئۆرۆمۆن: ئۆر+ وٚ + مۆن بە جێی ئۆر+ ا + مان – ئورا + مان – بۆ ئاسانی خوێندنەوە بووەتە: ئورامان. هەروەها کە لە سروودی خەزانـدا، ئـەم باسمە کـردوە (ئور) م بە وشەیەکی ئاشووری بە مانای (شار) زانیوە و (مان) یش پاشگری ناو شوێن، ئێستایش بە پێی ئەم بەڵگە مێژووییە کە دەخرێتە بەر دیدەی خوێنەر، دەڵێم (ئـور) بـە مانای حکوومەت و بنەماڵە و پادشایش بووە.

«ئـور دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی پاشـایانی بنەماڵـەی سـێیەمی ئـور (٢١١٢ – ٢٠٠٤ پ. ز) کە بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوای سومەڕی بووە پایتەختەکەی شـاری ئـور (ur) یان (ئورا) بووە کە ئێستا نزیك بەشاری ناڤرتە لە باشووری عێراقدایە. لە کـۆی پێنج پاشای ئەم بنەماڵەیە سێیان هـەموو لەشکەرکێشییەکانیان بـۆ سـەر ناوچـەکانی کوردستانی کۆن بووە کەم نەبێت بۆ سەرعیلام و بیابانی رۆژئاوا.» (١١)

هەروەها «ئور (زانا) فەرمانڕەوای موساسیربووە لەم سەردەمەدا کە لە ناوچەی و دەورووبەری رەواندز – شنۆ ئیستا بووە. (١٢)

یان د. مێهردادی بەهار لە بـارەی کـۆنترین نیـشانەی نـەورۆز پێیوایـە: کـۆنترین نیشانەیێك کە لە رۆژاوای ئاسیا لـە پێکهاتەی جەژنی نەورۆز بە جێماوە، دەگەڕێتـەوە بۆ هەوەڵین بنەماڵەی پاشایەتی (ئور)" کە لـەم جەژنـەدا لـە ڕێورەسمێکـدا هاوسـەرێتی نێوان خواژنی ئاو (بلّ) - تاڤگەیێکی مێژوویی، ئوستوورەی لە هۆرامـان)) - و خـوای باروەری و رسکان پیرۆز دەکرا ... ئـەم مەراسـیمە لـە هـەزارەی سـێهەمی پـێش لـە مەسێح هاتۆتە ئەنجام و کاهینەی مەعبەد لە جێی خواژنی ئاو و پاشایش لە جێی خوای رسکان و باروەری (دوموزی) رولّیـان بینیـوە. ئـەم جەژنـە لـە ئەساسـدا بـە بۆنـەی سەرکەوتنی (**ئاتا، ئەدای هۆرامی**) یان (**انکی**) سامان بەخشی جیهان و پارێزەری یاسا و خوای ئاوەز و باشترین هاریکاری مرۆڤ و چـارەنووس سـاز بـە سـەر (**ئەپسۆیـان ئەپوەشە**) دا بووە. لێرەدا مەبەسـت فـاکتیزە کردنـی واژەی (ئـور) لـە ئورامـان و تاڤگەی مێژووی بلّ لە هۆراماندایە بۆ مەدلوول مێژووی – ئەفسانەیی ئورامان.

بڕوانن سەرچاوەی: د. مێهرداد بەهار، جُستاری چند در فرهنگ ایران باستان، انتشارات فکر روز، ص٢١٧

لێرەدایە کە ئەو راستییە دەردەکەوێ، کە ئور نە تەنیا بەمانای شارە، بەڵکوو بە بەڵگەی مێژووی روونکرایەوە" بە مانای حکوومەت و فەرمانرەوایش هەیە.

(مان) یش کە بە پێی بەڵگەی خوارەوە دەرئەخەین، پاشگری واتاداری (ناو) شۆنە و بەمانای یاگە و یانە و خانە و جێگە و نیشتنگەیە. پێکهاتەی هەردوو پاژەکە (ئۆرۆمۆن یا ئورامان)، لێکدراوەی خستنەسەری جێگۆڕکێیە (ترکیب اضافی مقلوب) وەك: گوڵاو= ئاوی گوڵ، شەتاو= ئاوی شەت، رەزاو، کتێبخانە= خانەی کتێب، کاروانسەرا= سەرای کاروان. ئورامان: یانێ ئورشوێن، شوێنی ئور، ئوریانە=یانەی ئورەکان یان ئورجێگا=جێگای ئور، نیشتنگەی ئور و تەختی ئور، ئێستایش بە گوندی هۆرامان دەڵێن هۆرامانی تەخت. تەختیش فاکتێکە بۆ فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی حکوومی لە هۆراماندا. نموونە بۆ دەستە واژەی هۆر، هۆرا + مان: نیشتمان، باتمان و... ئەم توخمە رێی تێدەچێ ئەمیش بە رەچەڵەك نامێدی بێ و پاشان وەك باقی وشەکانیتر، دزەی کردبێتە ناو زمانە ئارییەکان. ئەگەری، مانای ئور بە شاری مادەکان، کەی رێی تێدەچێ؟ ئەو کاتەی ئەم مانا بۆ پێش لە سیاسەتی ئاشوورییەکان و پێش لە کێومالّیەکانیان بۆ هۆرامان و کوردستان بگەڕێنینەوە، رەنگە بە کوردستان بە عام وترابێ شار یان (وڵات) ی مادەکان، وەك ناوێکی گشتی، وەك: (ئێرانشەهر) بۆ تەواوی ئێران. بەڵام ئەمە تایبەت بە هۆرامان نییە. با هۆرامان خاوەن مێژوویەکی درێژ خایەن بووبێ و بەڵام بەشێکە لە وڵاتی مادی بچووك لە (کوردستان)، مێژوو پێمان دەڵێ «سەرزەمینێکی پان و پۆڕ کە ئێستا بریتییە لە ئازەربایجان، هەمەدان، کرمانشاهان، (کردستان) و قەزوێن و تاران و سپاهان و.. مادەکان لەم ناوچەدا جێ نیشتە بوون هەمەدان و دەڤەرەکانی دەوروبەری ناسراوە بە مادی گەورە و ئازەربایجان (ئاتورپاتگان، ئازەری کۆن نە تورکەکانی ئێستا کە نیشتەجێی ئەم دەڤەرەن) و (کوردستان) و... دەوربەری ناسراوە بە مادی بچووك.» (١٣)

با روبکەینە لای (مان) بزانین ماناى چیه:

لە فارسی کۆندا بە شێوەی مانیا mania)) هاتووه یانیٚ یانه، خانوو، سەرای

لە ئەوێستادا بە شێوەی نمانا (nmana) تۆمار کراوه یانیٚ: خانه، خانوو، یانه

لە پەهلەویدا بە شێوەی مان (man) هاتوه کە رێسای گۆڕانکاریدا دەبێتە یـان و یانه و خان و خانه

لە فارسی ئەمڕۆدا (خان) وەیه و لـەگەڵ یەکیشدا پێـرەو دەکـرێن، دەڵـێن خـان و مان لـەو قامووسانەدا کە وەك ژێدەر ئاماژەیان پێدەکریٚ بە شـێوەی خـوارەوە چـاوگی (مان) تۆمار کراوە:

١ – مانیشن (manishn) و مانیشت (manisht) یانیٚ: یانەو مەنزڵ

٢ – مانیان و مانیشتن: (دانیشتن و نیشتەجیٚ بـوون) هەرلـەم پێوەندییـەدا واژەی چاوگی (مانیای، ماندوو، مانایۆ) سـۆرانی و هـەورامی: شـەکەت بـوون و ماننـەوە و نیشتە جیٚ بوون، جیٚ سەرنجە.

لە قامووسەکاندا نموونەیان هێناوە: اورامـان و نموونـەکانی تـر: نیـشتمان، باتمـان برزمـان، فریمـان، شـلمان، کلمـان، بیلمـان و (کاغیزمـان، ئادیـەمان، تـەکمان و... لەکوردستانی باکوور) و... (١٤)

ژێدەر وسەرچاوەکان:

١ – وەرزنامەی هەزارمێرد، ژ. ١، ساڵی یەکەم ئابی ١٩٩٧، وتاری سیاسەتی ئاشوریەکان لە کوردستانی کۆندا ل ١٧

٢ – هەمان سەرچاوە ل٢٠

بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە: chirshman. op. cit,p. 115

٣ – هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٤

٤ – ئامالی شارێکی گرنگی لۆلۆییەکان بووە کە زامواو، پیتەختی ئەو مێرنشینە بووە، کە ئاراشتوا مێری بووە بە رای سپایزێر Speiser لە هەمان گردی (ئەمەڵ) ی ئێستای شارەزوورە.

٥ – هەمان سەرچاوە ل ٢٥، ٢٧ luchenbill op. cit vol 1 p. 143. p. 441

٦ – مەحموودپوور رەوف، زرێبار ژ. ٥٩ – ٥٨ ل. ٢٩٧، وتاری: «هۆرامان لە نێوان وەهمی دەنگۆ و سەرچاوە مێژوویەکاندا» وتارەکەی کاك رەوف، وتارێکی توکمە و کاکڵەدارە و وەك هەوڵێکی ئەرێنی بووەتە هاندەرو تەنانەت پاڵپشت بۆ ئەم وتارە. هەرچەن لەو وتارەدا، ئەو وشە نامێدی (ناکوردی) و نێوچۆمانیانە" بۆ چەسپاندنی مانای «ئۆرزۆمۆن، هۆرامان» بە شاری مادەکان و سەلماندنی بەڵگەی مێژوویی و گرێدانیان بە دێرینە بوون و دەستە خوشك بوونی وشەی هۆرامانەوە، فاکتیزە کراون. ئەم دۆزە واتە سەلماندنی «ئۆرزۆمۆن» بە شاری مادەکان، لەم سەرووبەندەدا و لەم دۆخە مێژووییەدا کە ئاشوورییەکان ئاوا سیاسەتێکیان پێڕەوکردوە و ئەو وشانەی کە نووسەر بۆ چەسپاندنی دۆزەکەی هێناویەتی، هەم لە گەڵ بۆچوونەکەی خۆیدا بۆ مانای هۆرامان ناتەبایە و هەمیش لە گەڵ ئەم سەرچاوە بزماری و مێژوویانە کە لەم وتارەدا پشتیان پێ بەستراوە، ناهاوسەنگ و دژبەر دێنە نواندن. چۆن دەبێ لە ناوەندی ئەو واژانە (تەتە، بلێ، ئەرارا و ئیجیجی و هەسوون ...) کە ئاشووری و نامێدی روونن، «ئوۆرزۆمۆن» لە ناوەندیاندا بە مانای شاری مادەکان هاتبێ، ئەمە لە حاڵەتێکدایە بە بەڵگە سەلماندمان، کە سیاسەتی ئاشووریەکانمان لە کوردستاندا چۆن بووە و چلۆن واژە و دەستەواژەی ئاشووری جێنشینی ئەو توخمانە، کراون.

٧ – هەزارمێرد، ژ ١ ساڵی یەکەم ل ٢٠،

بڕوانە سەرچاوەی سەرەکی: luchenbill Arab,Vol. 11,p. 11 - 80 - 149

٨ – بۆ زانیاری پتر بڕوانە: گۆڤاری زرێبار، ژ: ٥٩/٥٨ ل: ٢٩٣، مەحموودپوور رەوف، ئەو بۆچوونانەی لە مەڕ لێکدانەوەی دەستەواژەی هۆرامان کراوە، ئەمانەن:

الف: شاری ئەمن و ئاساپش، سەفەریان کامل

ب: هورئاما واتە: جیا بوویەوە، لوقمانی رەحیم

ت: ئاورامانه، واته: برسیمانه

ج: جیگای ئەهوورامەزدا، هۆرامانی محەمەد ئەمین

چ: هورمزگان، جڤێنی هەورەکان، ئاڤرۆمان و...: (بۆچوونی دیتران)،

ئور (شار) +مان (پاشگری شوێن): بۆچوونی محەمەدپوور عادڵ سروودی خەزان، ۱۳۸۱ کاك رەوف لە بەندی (پ) ێی ئەو بۆچوونە، هەڵە دەگرێ کە گوایە: من (هـەور ئامـان) م بـە (هەور هات) مانا کردەوەتەوە، بە رای نووسەر دەبوا (هەور هاتوە) م مانا بکردرابا. من لـەو کتێبـەدا نەمویستووە بە تەسەل لە سەر وشەی هۆرامان بـڕۆم، چـوونکای جێگـای ئـەو باسـە لەوێـدا، تـەنیا پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەکی پەراوێزی خێرا بووە، وێڕای ئەمە، کەسێك تۆزقاڵێ ڕێزمـانی خوێنـد بـێ دەزانێ: کەسێك لـە دۆخی ئێستادا، بـە تێڕامانـەوە، شـاهێدی بەرزبوونـەوەی دیمـەنی هەورەکانـە – ئەویش لـە سروشتی هۆراماندا – (یان هەر هەرمانێکیتر)، نالێ: هەور هـاتوە، بـەڵکوو دەڵـێ: هـەور هات، هەورەکان بەرز بوونەوە، کرداری بەرواڵەت ڕابردوو، بە مانای پـەیامی دۆخـی ئێـستا بـەکار دەبات. کەسێك چاوەڕێی هاتنی ئوتوبوسێکە، نالێ: ئوتوبوسەکە هاتوە، بەڵکوو دەڵـێ: ئوتوبوسـەکە هات، رواڵەتی دۆخ: ڕابردو، بەڵام پەیام: دەرکی کارەسات، ئێستا. لێرەدا مەبەست پـشتگری لـەو مەدلوولـە بۆ دالی هۆرامان نییە، بەڵکوو لێکدانەوەی باری ڕێزمانی دۆخەکەیە.

۹ – دیوانی سەیدی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی محەمەد ئەمین کاردوخی ل۱۳

۱۰ – زرێبار، گۆڤار، ژ. ۵۸/۵۹

۱۱ – وەرزنامەی هەزار مێرد، ژ ۱، ساڵی یەکەم، ۱۹۹۷

۱۲ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، پەراوێز ل۳۱، لێرەدایە کە هەڵەی نووسەری: هۆرامان لە... دەردەکەوێ، وایزانیوە ئور تەنیا بەمانای شارە، وەك بە بەڵگـەی مێـژووی روونکرایـەوە" بـە مانـای حکوومەت و ناوی فەرمانڕەوایش هەیە.

۱۳ – زەکا یەحیا، کاروەندی کێسرەوی، تاران، ۲۵۳٦ ل ۳۱٤

۱٤ – بڕوانە: قامووسگەلی: دهخدا، معین، برهان قاتع، لغت فرس اسدی، انندراج و...

۱٥ – مێهرداد بەهار. د، جستاری چند در فرهنگ ایران

کوردستان،

هورامان،

پیرشالیار

ئەگەرچی تا ئەمێستاکە سەبارەت بە پرۆسەی مێژوو، فەرهەنگ و زمانی کوردی بە شێوازێکی نوێ و ئاکادێمی کارنەکراوە و دەقی ئەوتۆمان لە بەردەستدانیە و ئەوەش کە مەوجوودە بە پێی بۆچوون و بیرۆکەی خودی ئەو نووسەر و توێژەرانەوەیە، کە لە دوتوێی پەڕاوە و پەڕتووکە کۆنەکانی ئێرانوەیچەوە (ئێرانی کۆنەوە) کۆکراوەتەوە و بوونەتە سەنەد و بەڵگەی ئینتیمای بنچاخ بۆمان. ئەوەش نابێ لە بیر بکەین کە بۆگەیین بە سەرچاوە و ژێدەری کەلتوری کوردیی، سەرەتا دەبێ لە کەلتووری کەونی ئاریایی ئاوڕ بدەینەوە، بۆیە (پارت، پارس و کورد=ماد) پێکەوە وەچەی بنەماڵەیەك بوون و ناسینی هەرکام بێ‌ناسینی ئەوی‌تر مەحاڵە و گەشەی هەرکام دەبێتە هۆی قەڵەو بوونی ئەوی‌تر یان بە پێچەوانە. لێرەدا بۆ ناسین و لێکدانی کەلتوور و زمانی کوردی و ئامازەدان بە خاڵە سەرەکییەکانی ئەو چەمکانە، ڕوو دەکەین لە دوو بۆچوونی تایبەت کە بوونەتە بەرجەوەنی شیکاران و توێژکاران:

١) بۆچوونێ کە سەبارەتە بە کەوشەنی جوغرافیایی و بڵاوە بوونی کوردەکان لەومەڵبەندانەی کە ئەمڕۆکە بە نێوی خاکی کوردستان ناودێربووە و خەڵکانی بە

زمانی کوردی هەڤپەیڤین دەکەن و بە کورد دەناسرێن کە ئێستا لە نێوان چوار دەوڵەتی "ئێران، ئێراق، تورکیا و سوریا" و هەندێکیش لە وڵاتانیتر وەك: ڕووسیا، ئەرمەنستان و قەفقاز و... بڵاوەیان پێکراوە. ئەم پانتا بریتیە لە ناوچەیەکی کوێستانی و بەرینی کاواتی "زاگرۆس" کە ڕۆژهەڵاتی ئێران و ڕۆژئاوای تورکیا و باکووری ئێراق و باشووری سووریا و... دەگرێتە خۆی.

٢) دووهەمین بۆچوون، ڕوانگەیەکی "توێژینەوەیی/مێژووی/ زمانناسیە" لەم ڕوانگەدا بەپێی توێژینەوە، سەبارەت بە پێشینەی زمان و فەرهەنگی نەتەوەی کورد، زمانی سۆلان و ڕەسەنی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە دووهەزار ساڵی پێش زایین کە لە گەڵ فەرهەنگ و شارستانیەتە کەونەکانی دەورووبەری ئەودەم پێوەندی و هەڵسووکەوتی هەبووە.

لە ڕوانگەی" ڤاسیلی نیکیتین"ەوە لە پەڕاوە و دێکۆمێنتەکاندا تا دەورەی سەلجووقییەکان بە دال و دەنگاژی کوردستان بەرەوڕوو نابینەوە (١). بۆ گەیین بە زمان، فەرهەنگ و مێژووی کوردستان، دەبێ بە بەڵگە و پەرتووکە کۆنەکانی کەلتوور و زمانی دراوسێ و بەتایبەت کەلتوور و شارستانیەتی نەتەوە ئارياييەکان، ئاماژە بدرێت.

بۆیە کەلتوور و شارستانیەتی کوردەکان بە هۆی دانووستان و پێوەندی لە گەڵ کەلتوور و شارستانیەتە بەناوبانگەکانی ئەودەم وەك: عیلامیەکان، ئاشووریەکان، سکاییەکان، سومێریەکان، ئاکدیەکان و بابلیەکانی سەدەکانی زۆرکۆن دەبنە مەنهەج و ڕەهەندی لێکدان و توێژینەوەی کەلتوور و زمانی کوردی، بە گوێرەیەك هەرکام لەو دانیشتوانە بەپێی بۆچوونی خۆیان ناویان لە کورد هێناوە و ئاوڕیان لێداوەتەوە.

بێگومان کوردەکان وەك گەورە قەومێ دەچنەوە سەر تایەفەی مادەکان، ئەم قەومە بۆ پتەوبوونەوەی ڕەگەزیەتی زوانی و کەلتووری خۆی پێوەندیەکی چڕوپڕی لەگەل باقی قەوم و نەتەوەکانیتری مادابووە و سەرەتاش دانیشتووی کوێستانەکانی کوردستانی ئێستابووە: لۆلۆییەکان، گووتیەکان، کاسیەکان، مانايیەکان و

ئۆرارتووەکان و... لە گەڵ کەتیبە و لەوحەکانی ئاشووری و بابلی و عیلامی تەنیا بەڵگەی بەردەسن کە ببنە سەرچاوە و ژێدەری شیکاری و توێژینەوەی زمان و کەلتووری کوردی.

سەبارەت بە ئەسڵ و ڕەگەزێتی ئەم تایەفانەش، بۆچوون و ڕوانگەی زانایانی مێژوونووس چوون یەك نیە بۆیە هەندێکیان دەچنەوە سەر ڕەگەزی ئاریایی وەك ئامادییەکان (ماد) و (پارسوا) و هەندێکیشیان پێدەچێ ئاریایی بووبێتن وەك: گووتیەکان و کاسیەکان کە زۆربەی ناوی خواکانیان (کاسی) بووە و توێژەران بە برێتریان دڕدونگن وەك لۆلۆییەکان و مانایيەکان. (۲)

ئەوەی توێژەران و بیرمەندان سەبارەت بە بڵاوەبوونی جوغرافیای مادستان دواون و چێوەتەقێیان کردووە لە گەڵ حەوزەی جوغرافیای ئێستای کوردستاندا دەقاودەقە. ئەم ناوچەیە لە چاخ و دەورەکانی هێخامەنشی، ئەسکەنەر و نایبەکانی، ئەشکانیەکان و ساسانیەکان، بەنێوی (ماد) ناسێنراوە و دوای ئیسلامیش برێ لە مێژوونووسان و جوغرافی زانانیش بەو نێوە ناویان بردووە، کە زمانی ئاخاوتنیان زمانێ بووە کە ئێمە ئەمرۆکە پێی ئەڵێین زمانی کوردی. ئەم زمانەش کە لە پانتای جوغرافیایی و بارودۆخێکی تایبەت بەوە وتوووێژیان کردوە کە بریتیە لە زاراوە و بنزاراوەگەلێ کە بە تێکڕا بە یەك بنچك و یەك مێژینە و یەك مێژووی کەون پەیوەند دەخۆن. (۳)

ئاوڕدانەوە لە پەڕاوە و پەڕتووکەکانی مادی و کیمبڕی و ئالانی و لێكئاڵانی لەگەڵ ئاشووریەکاندا و پاڵاوتنی نێوی جێگەکان و نێوەکانی مادی و کوردی و ئاڵتێرناتیڤی ماکەکانی ئاشووری و دواتر کاریگەریی ماکەکانی فەرهەنگ و زمانی یۆنانی و ئارامی لەسەر ئەم زمانە. (٤)

لە زەمانی (هێلێنیزم)ەوە و هێزی سیاسی ـ ئایینیان لە ڕۆژئاوای ئاسیادا و بەتایبەت لە ناوچەی کوردستاندا، بە ڕاشکاوی دەتوانین بە چییەت و شوناسی هەندێ لە لایەنەکانی فەرهەنگیی و زمانەوانی کوردیی دەستیۆەر بین و پێناسەی بکەین.

دکتۆر جەماڵ ڕەشید لە کتێبێ بەنێو(لێکۆڵینەوەی زمانەوانی وڵاتی کوردەوای)

سەبارەت بە جێ پێی یۆنانیەکان و کاریگەریان لە سەرناوی شوێنەوارەکانی کوردستان ـ بە تایبەت لە مەریوان و هورامان ـ لێکۆڵینەوەیەکی بەرچاوی کردووە، کە سەرەنجمان بەرەو لای زمانی کۆنی کوردی لە چاخی هێلێنیزم، ڕادەکێشێت، نموونەی ئەوانەش وەکوو: پێنجوێن کە بەمانای «پێنج یۆنانی»ە، یان ناوی هەندێ لە گوندەکانی مەریوان وەك: سەڵەسی، مەسۆ، کێلۆ، وڵەسم، نژمار، . .. پاشگری ئەوانەش وەکوو ناوەکانی لۆلۆیی و یۆنانیە و بەشی دوایی ئەم نێوانەش وەك پاشگری نێوی شارەکانی لۆلۆییە چەشنی (بوناسی، ئاراسی، باراهێسی) یان پاشگری نژمار لە سەرکێشی خارخار و هاشماری لۆلۆییە کە ئەمڕۆکەش لە ناوچەی دەربەندیخانی کوردستانی ئێراقدا هەن. (٥)

هەندێ لەوباوەڕەدان کە مەریوان لە وشەی (مەریون) گیراوە کە لە یۆنانی باستاندا کوڕی (مۆلۆس) خەڵکی کریت کە لە شەڕی تێروا عاشقی (ئەدوٚمنە) بوە و سەرکردایەتی (کرێت) ی لە ئەستۆ بووە (٦) یان (فەیلەقووس) کە نێوی کێوێکە لە باکووری ڕۆژئاوای مەریوانەوە، هەمان «فەیلیپووسی باوکی ئەسکەندەری مەقدوونیە» یان ئەوەی کە وشەی ئوورامان لە پێوەندی (ئوور) ی ئاشوور + پاشگری شوێنی (مان) پێکهاتووە، نشینگەو جێگای سەرکردایەتی بنەماڵەی (ئوور) بووە کە دواتر لەم وتارەدا ئاماژەم داوەتێ.

بە گشتی زمانی کوردی کە بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە، پێوەندی مێژوویی لەگەڵ ئەو فەرهەنگ و شارستانیەتانا هەیە کە وەك هەڵوارتە بە برێ لەوانە ئاماژە درا. لە ئەنجامی ئەو شەڕ و هێرشانەی کە لە ڕەوتی مێژوودا بەم بەشە لە خاکی ئێرانی گەورەدا پێوەندیی بووە، زۆر مایەی بووژاننەوەیە. بۆیە زۆرن ئەو وشەو دەستەواژانەی کە لەم زمان و زاراوە جۆربەجۆرانەدا کەڵکیان هەیە و بوونەتە هۆی بەهێزیی زمان بۆ ئەم مەبەستەش ئەتوانین بە ڕاشکاوی تەمەن درێژی زمان و بەردەوامییەتی مێژووی کەون ببینین. ئەکرێ بۆچاکسازی وشە و زاراوەکانی پارسی کۆن و ئەڤێستایی و پالەویی کەڵکیان لێ وەربگیرێ. کاتێ کە لە کوردی هورامیدا ئەڵێین: (واتم، واتت،

واتش، واتما، واتتا، واتشا) یان لە کوردی سۆرانیدا: (وتم، وتی، وتمان، وتتان، وتیان) یا بە شێوەیەکیتر: (گوتم، گوتت، گوتی، گوتمان، گوتتان، گوتیان) لەگەڵ (گفتم، گفتی، گفت، گفتیم، گفتید، گفتند) فارسیدا لە یەك ڕیشە و بنەمان. بەڵام کاتێ کە ئەڵێین: (ئەڵێم، ئەڵێی، ئەڵێت، ئەڵێین، ئەڵێن، ئەڵێن) بە هەمان مانای گفتم، گفتی، گفت، . . .ە. ڕوونە کە ئەم جیاوازیەی دوایی، ڕیشەیەکی مێژینەیی تری هەیە. یان لە زاراوەی ئەردەڵانیی سنەدا / ئەیژم، ئەیژی، ئەیژێ، ئەیژین، ئەیژن، ئەیژن / یا بە زاراوەی کرماشانی: ئەوشم، ئەوشی، ئەوشێ، . .. / بنەمایەکی جیاوازتریان هەیە. (٧) لێرەدایە کە زمانی کوردی شوناسی تایبەتی خۆی پەیدادەکات، تەنیا ڕێگای پێناسەیشی پێدەچێ لە مەنهەجی پێداگریی ئەم خاڵ و پاژانەیەوە بێت و بەس.

زاراوەکانی کوردی:

ئەگەرچی لە پەلپەل بوونەوە و دابەش بوونی زاراوەکانی کوردی هێشتا لە نێوان زمانناساندا ناتەبایی و بیری جیاواز دەبینرێ، بەڵام وەك هەڵوارتە لە نیوانیاندا، زمانناسی کورد: تۆفیق وەهبی تا رادەیێ بە عەین و واقیعییەتی جوغرافیای زمانی کوردی نزیکترە. ئەو زمانی کوردی بە کۆی چوار زاراوەی ئەسڵی دەزانێ و هەرکامیان بە ژێر زاراوەی ئەویتر دەزانێ و بەم شێوە دارشتیان دەکات:

١) الف: کرمانجی باکوور: بادینانی، هەکاری، ئاشتیامی، بۆتانی، بایەزیدی.

ب: کرمانجی باشوور: سنە (ئەردەڵانی) ، سلێمانی، سۆرانی، موکریانی.

٢) لوڕی: بەختیاری، لەکی، فەیلی، کەڵوڕی، مامسانی.

٣) گۆرانی: هورامی، زەنگەنە، کاکەیی، باجڵانی.

٤) زازایی. (٨)

شێخ محەممەدی خاڵیش بە نەختێ جیاوازییەوە ئەم ڕوانگەیەی دووپات کردووەتەوە و ئەویش زازای، سەربەخۆ زانیوە. (٩)

دەبینین ئەم دابەشکردنانەش زازا لە گۆران جیا دەکەنەوە و هەندێ لە زمانناسان وەکوو ژوکۆفێسکی زازا لە بنەڕەتا بە کوردی نازانن. (١٠)

له ڕوانگەی نڤیسکاری ئەم دێڕانەوە ئەم پەیلوا(بۆچوون)ە هەڵەیە، نە تەنیا زازا یەکێ لە زاراوەکانی کۆنی کوردیە، بەڵکوو لە ڕووی مێژوویییەوە پێوەندیەکی چڕوپڕی بە گۆرانەوە (بەتایبەت بە هورامی و ئازەری کۆنەوە) هەیە، بۆیە لە باری خاڵە سەرەکیەکانەوە بەشداریەکی بنەماڵەکی نزیکیان پێکەوە هەیە. نووسەری ئەم بابەتە لە وتارێکا هەر لەم بارەوە، بە سەردێڕی (جوغرافیای سەرهەڵدانی زاراوەکانی کوردی و پێوەندی ئۆرگانیکی هورامی لە گەڵ زازا و ئازەریی باستاندا) (١١) خستوەتە گەڕێ.

تایبەتمەندییەکانی مێژوویی و زوانەوانی مەریوان و هورامان:

مەریوان (١٢) و هورامان لە کوردستاندا بە پێی بەڵگە و بنچاخی زوانەوانی و مێژوویەك کە مەوجوودە پێدەچێ لە باری کەش و هەواوە لە تایبەتمەنییەکی تاك و سەربەخۆ بەشداربن، هەر خاڵێکی لە پانتای جوغرافیای مێژووییەوە، هەروشە و دەسە وشە و تێکستێکی لە بواری زمانەوانیەوە. یان هەر بەستە و مۆسیقایەك لە ئوسلووبی فۆلکلۆریکا، یان هەرجێژنێك لە ناواخنی کۆمەڵگاوە چیرۆکێکە لە پێشینەیەکی دوور و درێژا و بنەمایەکی مێژوویی و ئارکائیکی هەیە. بەداخەوە تائستاکە بە شێوەیەکی عیلمی و ئاکادێمی بەم بابەتانە بۆناسینی فەرهەنگە یەکگرتووکانی ئاریایی بایەخی پێ نەدراوە. تەنانەت هورامانیش بە ئەندازەی ناوچە ئەهوورایيەکانیتری کوردستان کە لە دیمەن و زوان و نەریتی شاز و تایبەتمەندیەکی بێوێنەش بەشدارە نەکەوتووتە بەرلێکدان و چێوەتەقیی زانستی و ئاکادێمیای باو و ڕۆژەوە.

لەم وتارەدا جگە ئەوەی کە لە ڕوانگەی ڕەگناسییەوە دەنگاژەکانی بە هورامان ئاماژە دەدات، بە یەکێ لە دیاردەکانی فەرهەنگی هورامان، یانی پیرشالیار و جێژنی پیرشالیاریش کە بە جێماوەی نەریتی کۆنی زەردەشتییەکان بووە، دەپەرژێدرێت.

سەبارەت بە هورامان و واتا لێکۆڵینەوەییەکان کە بەرجەوەنی ڕوانگە و بۆچوونی بیرمەندانی مێژوو و زمانەوانیە، ئەبێ بڵێین کە:

هورامان بەشێکە لە جوغرافیای کوردستان و تیرەیەکە لە تیرەکانی کورد کە

هەڵگری فەرهەنگێکی ڕەگەزدارە و ساحیبی ویژەیەکی دەوڵەمەند و مێژوویەکی دێرینەیە و چەشنی فۆنداسیۆنی فەرهەنگ و زوانی کوردیە و لە برێ لاوە جیاوازی هەیە لە گەڵ باقی زاراوەکانی‌تری کوردی وەك: سۆرانی، ئەم جیاوازییەکە لە نەزەر بنەما و ڕێزمان و تەنانەت مۆسیقا و وشەوە خۆ ئەنوێنێ، ئەڵبەت، نابێ ئەم جیاوازیانەش ڕیشەیی لێك‌بدەینەوە، چوون لە بنەڕەت و ڕەگەز و هاوخێزانەتیانا، بە هۆی هەندێ خاڵی بنەتۆخ و سەرەکی یەك دەگرنەوە، ئەو شتەش کە جیاوازی و تەوفیریەت دەخاتە نێوانیانەوە، خاڵە ڕووبەرییەکانی زوانە. وەك دیارە، زوانی هورامی لە گەڵ باقی بن‌زاراوەکانی گۆران گەلێ لێك نزیکن، ئەم نزیکیەش دەگەڕێتەوە بۆ چاخە کەونەکانی دوور کە کاکڵە و ناوکی ئەسڵیی هەر هەموویان زمانی (ماد)ە. گۆران لە گەڵ زمانی ئازەریی کۆندا (نە زمانی تورکی ئەمڕۆ) کە لە ڕابردوودا حەڵقەی پێوەندی گۆران لە گەڵ زازاییەکاندا لە کوردستانی تورکیا و شەبەك لە کوردستانی ئێراقدا کە خۆی پاژێکی تایبەتە لە زمانەکانی ماد، نزیکی و خزمایەتی پەیدا دەکات.

هورامان لە بواری جوغرافیاییەوە دەکەوێتە باشووری مەریوان و ڕۆژئاوای سنەوە و بریتیە لەم بەشانە: ١) هورامانی تەخت: دزڵی، دەرەکیێ، دەمەیۆ، کەماڵە، ڕوەوەرێ، سەروپیری، وەیسیان، سلێن، بڵبەر، ناو، نوێن، هەجیج، ڕوار، ژیوار و... هەنێ ئاوایی‌تر.

٢) هورامانی لهۆن: (لەنێوان کوردستانی ئێران و ئێراق) بریتیە لە: کەیمنە و بێرواس، هانەگەرمەڵە، دزاوەر، شۆشمێ، نۆدشە، نەوسوو و پاوە و... لە کوردستانی ئێران و تەوێڵە و بیارە و ئەحمەداوا، زەڵم، هێڵامپێ، هانەوقوڵی، هانەو دنێ، سۆسەکان، سەرگەت، و هەندێکی زۆر ئاوایی تر... لە کوردستانی ئێراق. ٣) هورامانی ژاوەرۆ: کە بریتیە لەم گوندانە" پایگەلان، پاڵنگان، بێساران، ئەوێهەنگ و... دەیان گوندیتر کە مەجالی هێنانەوەی ناوەکانیان نیە، کە تا ڕادەیێ لە باری هەنێ ڕێسای ڕێزوانی شێوە زانییان لە گەڵ باقی شوێنەکانی‌تری هۆرامان تۆفیریان

هەیە.

٤) هورامیەکانیتر کە هەرلە ڕابردوودا لێك جیابوونەتەوە و بە دێهات و شارەکانی ئێران و وڵاتانی تردا پژاون، وەك هورامیەکانی کەندولە لە قەڵای قورروە و هەرسین و عەبدوولمەلەکییەکانی هەوریە لە باکووری ئێران و زازاییەکان لە تورکیە و شەبەکیش لە خانەقین و...

دەستەواژەی هورامان:

هەر وەها کە لەم کتێبەدا، باسم لەسەر ڕەگناسی وشەی هورامان کرد، وشەی هورامان (ئورامان) ، پێکهاتەیەکی ئیزافی قەڵبە (ئوور + مان = ئوور، یەعنی شار، ناوی فەرمانڕەوای ئوور ـ یان ـ حکوومەتی ئوورە) .

پیرەکانی هورامان و سیستەمی شۆرایی:

بە وتەکانی زارەکی و نووسینەکانی ئەم دواییانە لە دووتوێی پەڕتووکەکاندا (١٣) لە هورامان ٩٩ پیر (پاوەر، پاتر، پادر) ژیاون. ئەڵبەت ناکریۆ لە سەر ڕادەی حەتمیی ٩٩ پێداگری کریۆ، بۆیە، پێدەچیۆ بە هۆی زۆربوونی ڕادەی زانایان و بلیمەتان بووبیۆ کە ئەم ڕەقەمەیان وەك هێما دانابیۆ. پیرانی هورامان جگە ئەوەی کە ڕێنوما و واعیزی ئاکاری خەڵك بوون، لە کاری تەبابەتی سوننەتی و گیاناسین و هەسارەناسیندا و... دەستی واڵایان هەبووە. لە کاروباری جفات و گلێرگەشدا دەخیل بوون، ئەوان بۆ هەڵسووکەوتی کارەکان و پێوەندییان لە گەڵ خەڵکدا، ڕاستەوخۆ بە دەنگدانی خەڵکەکە هەنجومەنیان پێکەێناوە. هەنجومەن بە مانای = ژیرلا، زانایان، جێگای ژیرلایش شوێنیۆ بووە بە نێو (مەریۆ) و شۆرا یان سەرۆکێکیان بووە بە نێو (پاتر، پاوەر) یان (پیر) ، کە تەواو کاروباری شۆرای لە ئەستۆ گرتووە. پاوەر و ڕۆڵیۆ کە لە هەڵسووکەوتی کاروبارا گێڕاویە زۆرنزیك بووە بە ئایینی میترایییەوە. لە ئایینی میترایی (مێهرپەرەستی)، پیر(پاور) هەمان وشەی کۆنی یۆنانی (پاتێر، پاترۆس)ە کە بەرزترین پلەی ئەم ئایین و مەندووبە(نوێنەر)بووە لە سەرزەویندا، لەم ڕووەوە چاك و ڕیدای، هی خودی میترایە، هەر ئەوە کە بانترین پۆس و مەقامی لە چارت و

سیلسیلەی ئایینی میترایيدا به ئەستۆوەیە. پیر(پاتێر) سەڵاحیەتی تەواوی لە بوار هەسێرە ناسییەوە هەیە و وەها ئەمرێکی سەرسوور هێنەرنیە کاتێ کە ئەبینین لە تەواوی ئایینی میترایيدا،(میسر و مێهر) پڕە لە زاراوەی هەسارە ناسین، نموونەیشی حەوت پلەی سەیر و سلووك و تەشەڕوفە لە ژێر پشتوانیی و حیمایەتی حەوت هەسارەدا.(بڕوانە: کتێبی، ئایینی میترا، مارتن ورمازرن، وەرگێڕاوی بزرگ نادرزادە)

.

ئامێر وکەلووپەل و بژێوی ژیرلا ئەگەرچی سانا و فەقیرانە بووە بەڵام لە مانای ئەمرۆژیدا قسە لە شێوە ژیانێکی باز و ئازاد و دیمۆکراتیك دەکات، کە ئەمڕۆکە هاوتای ئەوە دەبینین. (پاوەر، پاتێر) کاتی هەڵبژاردنی بە پێی بوونی بڕست و توانست و لیاقەت دەربڕدەکرد و هەرکەسێ کە خۆی بە شیاوی ئەو پێگەیە بزانیایە و بەجێهێنانی مەرجەکانی دیاری‌کراوی لە خۆیا بدیایە ئەوا دەهاتە مەیدانی هەڵبژاردن و ناونووسی دەکرد و لە ڕۆژی دیاری‌کراودا لە بەردەم شۆرا (مەرێ) خوی پیشاندەدا. بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازاد (پاوەر) پێش‌تر بە لەونێکی یاسایی بۆهەرکام مێوەیەکی تایبەتیان لە بەرچاودەگرت و لە کێبەرکێی هەڵبژاردندا دەیانخستە گەڕێ. میوەکان بریتی بوون لە: گوێز، توو، بەڕوو، قەزوان، بادەم و هەنجیرە وشکەو ... هەر لەو ڕۆژەدا دوو بەردی قورس و سووکیان ئەهێنا بۆ ژنان و پیاوان، بەردی قورس بۆ پیاوان و سووکەکەش بۆ ژنان و بۆ کوڕان و کچانیش هەمان دووجۆر بە پێی بەرزکردنەوەیان ئیجازەی دەنگدانیان پێدەدرا و لەو هەڵبژاردنەدا بەشداریان دەکرد. بەم گوێرەیە کە هەرکەس بۆ دەنگدان بە مەیل و ئیختیاری خۆی میوەی هەڵبژاردەی لە گەڵ ناوەکەیا دەخستە نێوکیسەیەك بە نێو (هەڵاوە) لە دواییدا بە پێی ژماردن، بەربژار(هەڵبژاردە) بۆماوەی چوارساڵ دەبووە ئەندامی شۆرا(بڕوانە: سەرچاوەی کتێبی: سەربوردێکی هۆرامان و ... عبدالرزاق عبدالرحمان محەمەد، یادها و یادبودها احمد نەزیری). بۆیە دەڵێن هورامان لە مێژەوە جێگای مەدەنیەت و شارستانیەت بووە. بۆ ڕوون بوونەوەی ئەم بابەتەش ئەتوانین وەك بەڵگە بڵێین کە هێشتا لە هورامان

زۆرێك لەو وشانەی کە پێوەندیان بە بابەتەکەوە هەیە ماون، وەك وشەکانی: (پاوەر، پیر) و (مەریٚ) و (ژیرلا، ژیرلیٚ). لە «مێژووی هورامان»دا، کتێبی محەمەدئەمین هورامانی، هاتووە بۆناودێرکردنی، شێو و دۆڵ و کێو و مەزارەکان لە نێوی پیران کەڵکیان گرتووە، وەك نموونەی ئەوناوانە ئاماژەی بە هەندێکیان کردوە: پیرڕۆسەم، پیرجان، پیروێنس، پیرخزر، پیرمەگروون، پیرمام، پیرمحەمەو، پیرمەکسوور و...

سەبارەت بە نێوی (مەریٚ) یش هێشتا بریٚ لە نێوی شوێنەکان هەربەوناوەوە ماوە وەك: مرۆ مەریٚ (جێگایەکە لە گوندی دزلی) ، چەمەومەریٚ (لە ئاوایی کەماڵە) ، دەرەومەریٚ (لە هورامانی کوردستانی ئێراقە) ، مەرەو دزاوەری (لە ئاوایی دزاوەر) و پێکهاتەی (ژیرلیٚ مەریٚ) یش بە درکە(کینایە) گیراوە لەو کەسانەی کە زانا و ئاگا و وشیار و هێژا و هۆزانن.

پیرشالیاری هورامان:

وێڕای تێکەڵاو بوونی کەسایەتی پیرشالیار بە دوو کەسی جیاوازی پێش ئیسلام و پاش ئیسلام، پیرشالیار یەکیٚ لە ٩٩ پیری هورامانە کە لە نێوان خەڵکی کورد، بەتایبەت خەڵکی هورامان لە جێگە و پێگەیەکی بەرزی مانەوەییدایە و لە لایەنێکی ئوستوورەییدا بەشدارە، بە وتەی مێژوونووسان پیرشالیار لە موغەکانی زەردەشت بووە، قەت کتێبی پیشان کەس نەداوە و وتەکانی لە نێوان خەڵکدا پەند و ئامۆژگاری بووە. لە نێوان خەڵکیدا پیرشالیار بە دوو ناو باوە، کە هەرکامەیان بۆخۆی لە قورب و بایەخێکی تایبەت بەشدارە. بەڕای نووسەر دابڕانی کەسایەتی پیرشالیار بە دووکەس و تێکەڵاویی ئەوکەسایەتیە لە ژێر سەیوانی چیرۆك و ئەفسانە و نەزەراتی دوور لە واقیع بۆ چاخ و دەورەیەکی تایبەت دەگەڕێتەوە: ئەوەیش لێکهەڵچوونی فەرهەنگی ئیسلام و ئایینی زەردەشتیەکانە، دەنا بە پێی ڕەوتەکەی و ئەو داب و نەریتە کە ئێستاش خەڵکان هەرچی ساڵە لیٚی دەکۆڵنەوە،دا، پیرشالیار هەر یەکێك بووە و کاردانەوەی زاڵی ئایینی ئیسلام بەناو مەجوسییەت، دووکەرتی کردوە.

دووانە بوونی ئەوکەسایەتیە ئەمانەن:

کەسایەتی یەکەم: لە نێوان کتێبە مێژوویەکاندا هاتووە کە پیرشالیارە سیاوە کوڕی جاماسب (١٥٠) پ. ز کە پێش ئیسلام یان بەڕیوایەتیَ هاوکات لە گەڵ ئیسلام و هێرشی ئیسلام بۆ سەرخاکی ئێران و کوردستان و لە ئاکامدا هورامانی تەخت ژیاوە و پاشەڕەو و پێبەندی ئایینی زەردەشتی بووە و کتێبێکی داناوە بە نێو (ماریفەتووپیرشالیار) و دوایی دەچێتە سەر ئایینی ئیسلام هەر لەو شوێنەدا کۆچی دوایی دەکات و بە خاك ئەسپێردرێت. ئێستاکە مەزارەکەی مەشوورە بە (یانەوپیری) کە زیارەتگای هۆگران و دڵسووتاوانی ئەوپیرەیە و هەرساڵێ لە دەهەی هەوەڵی ڕێبەندانا ئاهەنگێکی مێژوویی-عیرفانی لە ژێرناوی (زەماوەنەوپیری) بەڕێوە دەبرێ، لەم ئاهەنگەدا ناو و یادی زینوو دەبێتەوە و یادەکان و دابەکان باری بەردەوامیەت و نەمری پەیدا دەکات.

پیرشاڵیاری دووهەم: کەسایەتی دووهەمە کە لە سینە و زەینی خەڵکیدا ماوەتەوە و ئەتوانین بڵێین: بۆ هەڵوێستگرتنە لە هەمبەری پیرشالیاری زەردەشتیدا و کردنە هاوسەنگی و هاوتەریی لە گەڵ یاسا و پرەنسیپی ئیسلامەتیدا، ئەگینا، تائێستاکە بۆ کەس چییەتی ئەم کەسایەتیە دووەمە ڕوون نەبوتەوە، و تەنیا وا لە دووتۆی پەیلوای سەرزارەکی و بۆچوونی سەلیقەییدا، بە پێی ئەم هەڵوێست و بۆچوونانە، ئەم کەسایەتییە دواییە، مستەفا کوڕی خوا داد، مەشوورە بە پیرشالیار. گوایە دواتر پاش ئایینی ئیسلام لە ناوچەی هورامان لە زەمانەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی ژیاوە و شارەزای بیر و بۆچوونی پیرشالیارە سیاوە بووە و کتێبی مەعریفەی کۆنی بەکەش و هەوایەکی ئیسلامی و ڕەنگ و نمایەکی عیرفانی دەرهێناوە. ئەگەرچی سەبارەت بە کتێب و کەسایەتی پیرشالیار بیرو بۆچوونی چوون یەك نیە و لە نێوان خەڵك و تەنانەت توێژەراندا دووفاقی دەبینرێت، بەڵام بەم هەمکە راو پەیلواگەلەوە پیرشالیاری واقیعی و پرۆسەی فیکریی و مەنهەج و بنەمای ئوستوورەیی هەرگیز بۆکەس حاشا و ئینکار و لێقوتار ناکرێ، ئەم نەمری و ماندگاریەش لە خۆیدا ڕەمزی مەدەنیەت و فەرهەنگ پیشاندەدات کە هەر لە قەدیم و نەدیمەوە هورامان مەڵبەندی ئایین و بیر و

بڕوا و لانکەی شارستانیەت و پێشکەوتنخوازی بووە.

ماریفەتوو پیرشالیاری:

ئەم کتێبە، بە کتێبی پیرشالیاری زەردەشتی هورامان کە لە موغەکانی زەردەشت بووە بە ناوبانگە و بریتییە لە هەڵبەستەکانی ئامۆژگاری و تەمسیل و ڕەمزووڕازی ئاکار و مۆراڵی و ئەخلاقی بە کەڵك، ماریفەت، پێکهاتەیەکە لە چەن بەندی ئاهەنگدار کە تەرجیع(گەڕانەوەیان) ئەم بەیتەیە:

گۆشت جەواتەی پیرشالیاربۆ

هۆشت جەکیاستەی زانای سیمیاربۆ

یانی: بۆوتەکانی پیرشالیار گوێ ڕادێرە / و بە نێردراوەی زانای سیمیار (زانای ڕەمزوێژ: زەردەشت) هۆش بسپێرە.

زۆربەی وتەکانی پیرشالیار پاراستنی ئایینی کۆن دەگەیەنێت و خەڵکی ناوچەش لە مەجووس بوونیا —زاراوەیەکی ئیسلامی بۆ زردەشتییەکان—گومانیان نیە بەڵام لەو باوەڕەشدان کە کەساتەتیەکیتریش هەربەم ناوە بوونی بووە.

وەك ئاماژەی پێدرا، ئەم کتێبە گوایە لە زەمانی پیرشالیاری دووهەم کە موسڵمان بووە، بە دەستی ئەو دووبارە نووسیاوەتەوە و بە شێوەی ئەمڕۆژی دەرهاتووە. لێرەدا نموونەیەك لە هەڵبەستە ١٠ بڕگەییەکانی دێنم کە ئاماژە بە سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام دەکات:

وەروێ وارۆ وەروە وەرێنە

وەرێسە پڕچێۆ چوار سەرێنە

کەرگەی سیاوە هێڵەش چەرمێنە

گۆشڵێ مەرێۆ دوە بەرێنە

یانی: بەفرێك ئەبارێ، بەفرێ کە بەفرەکانیتر لە بەین ئەبات / تەناف دەقرتێ و ئەبێتە چوارسەر، مامرە ڕەشە، هێلکەی سپیە / گۆزە دەشکێ و دەبێتە دوو دەر.

یا:

داران گیاندارەن، جەرگ دڵ وەرگەن
گاهێ پڕ بەرگەن، گاهێ بێ بەرگەن
کەرگە جە هێڵەن، هێڵە جە گەرگەن
رڤاس جە رڤاس، ڤەرگ جە ڤەرگەن

یانی: داران گیاندارن، گەڵاکانیان، جەرگ و دڵیانن / گا دڵیان پڕبەرگە و گاهێکیش بێ بەرگن.

مامر لە هێلکەیە و هێلکەیش لە مامر / ڕێوی لە ڕێویە و گورگیش لە گورگ .

بە ڕای نووسەر پەیامی هێمایین و سیمبۆلیك و مێتافۆریکی پیرشالیار لەم شێعرەدا ئەوەیە: لەوێدا کە ئەو پێبەندی یاسا و ئایینی زەردەشتی بووە و تەبعەن لەدەسدانی ئایینی باو و باپیران و قەبووڵی ئایینێکی نوێ، قورس و گران بووە، گەرەکی بووگە بە لەونێ لەم شێعرەدا هەستە ناخەکییکەکانی خۆی پیشان بدات. بە وتەی مێژووزانان، هورامان ماوەیەکی زۆر لەگەڵ فەرهەنگی نوێدا بەرەنگاریی کردووە ـ بۆڕوون بوونەوە ئاوڕبەن لە حزووری شێعری هۆرموزگان لە دەیەی هەوەڵ یا دووهەمی کۆچی مانگی (١٤) و دواتر لە ڕووی مەیل و خواستی دەروونی موسڵمان بووگن و ئیسلامییان قەبووڵ کردووە. بەم بۆنەوە هەنووکە خەڵکی هورامان لە حیفز و پاراستنی نەریت و پرەنسیپی مەزهەبی و ئیسلامیدا لە نێوان کوردان و دیترِاندا بەناوبانگن. ئەم چەن بەیتەش هەڵگری باری هەستەکی و ڕەحمی و عاتیفی پیرشالیارە لە هەمبەر ئایینی نوێدا. ئەیەوێ بڵێت بە قەبووڵ کردنی دینی نوێ، بنەمای یەکیەتی ئایینی مێژینەمان لە بەین دەچێ و ئامۆژگاری دەکات کە هەر فەرهەنگێ و ئایینێك بۆخۆی جەوهەر و نۆمێنێکی تایبەت بە خۆی هەیە، هەر چەن پێکەوە جیاوازیان هەیە بەڵام لە چییەت و شوناس و حەراسەتیا هەوڵ بدەن و تێبکۆشن.

زەماوەنەوپیری:

یەك لەو ئایینانەی کە هێشتا پرەنسیپی زەردەشتی تیایە و هەرساڵ لە دەهەی

ڕێەندانا لـە ئـاوایی هورامـان و لــە بـارەگـای پیرشـالیاردا بـەڕێـوە دەچـیٚ، جێـژنی زەماوەندی پیرشالیارە (زەماوەنەوپیری). ئەم ئاهـەنگـە هاوکـات لـە گـەڵ (جـەژنـی سەدەی ئێرانیـەکانـە، گـەرچـی ئێـستاکە ئـەم جـەژنـە لەناوچـوە و بـەڕێـوە ناچـیٚ) دەسپێدەکات و لەو ئاهەنگا یاد و یادەوری پیرشالیار زینوو دەبێتەوە. ئەم جـەژنـە لـە گەڵ جەژنی سەدەی زەردەشتیەکانی ئێراندا هەم لە باری پێکهاتەوە و هـەم لـە بـاری ناوەڕۆکیشەوە پێوەندی و نزیکایەتی هەیە، بۆیە هەردوو جەژنەکـە بۆسـاڵیادی ئـاییی زەردەشت و یادەوەری فەرهەنگی ئاریایی و هەیمەنە و شـکۆی ئـەوڕۆژانـە لـە نێـوان خەڵکی کورددا و بەتایبەتی خەڵکی هورامان کە سەرەتا پێگە و ئاخێزگەی فەرهەنـگ و شارستانیەتی خۆرهەڵات بووە، بە ڕێك و پێکییەوە بەڕێوە دەچێت.

ئاخێزگەی مێژوویی و بنەمایی جەژنی پیر:

هێشتا نزیکـەی ٥٠ ڕۆژ و ٥٠ شـەو (سـەد شـەو و ڕۆژ) لـە زسـتان ئـەمێنیٚ، خەڵکی هورامان خۆیـان بـۆ بـەڕێـوە بردنـی ئاهـەنگـی سـوننەتـی (جـەژنـەوپـیری، زەماوەنەوپیری) تەیار و ئامادە دەکەن. خەڵکی بە هۆی کاریگـەریـەتـی فـەرهـەنگـی ئیسلامی تەنها لایەنی ئیسلامیەکەی ڕەچاو ئەکەن و لـە لایـەنـی ئوسـتوورەییـەکـەی ناگاگان، بۆیە لەم ئاهەنگەدا بە یومن و بەرەکەتی، ڕۆژی لـە دایـك بـوونی پیرشـالیار دەچنە داوێنی سرووشت و دەچنە جیٚ خەڵوە و بارەگای پیر و دەس دەکەن بە زکر و سەما و شایی.

لەوێدا کە لە ڕەفتارناسی و بنەمای ئەم ئاهەنگەوە، یاسا و پـرەنـسیپەکـانی دال و دەنگاژی ئارکائیك بوونی ئەوجەژنە دەگەیەنێت گومانیٚ نیـە، تـەبعـەن دەبـیٚ چـاخ و زەمەنی سەرهەڵدانی ئەم دیاردە میتۆلۆژییە، کۆنتر لەوە بیٚ کە ئەمڕۆکە بەو دۆخـەوە دەیناسن. بە ڕای نووسەر، ئەم ئاهەنگە ژێدەر و ئاخێزگـەی مێـژووی سـەرهـەڵـدانی جێژنی (سەدە)ی ئێرانیانی کۆن دەگەیێنێت، کە جێژن و دابی ئاریاییەکانە و بـە وتـەی (د.مێهردادی بەهار، بڕوانـە: کتـێبی، جـستاری چـند در فـرهنگ ایـران، ل ٢١٧) تەنانەت ئاهەنگێکی ناوچەیش بـووە. لـە هورامـان و کوردسـتاندا زنجـیرە تێکـست و

بەڵگە بۆ ئەم دیاردە مێژووییە هەیە، کە مێژوونووسان سەبارەت بەوە دواوون و کە سەرەکیترینیان ئەم چەن ڕیوایەتەن:

١) ڕۆژێ هووشەنگ لەگەڵ سەد کەس لە هاوڕێیانی ڕوودەکەنە داوێنی کێو و مارێکی زل ڕوویان تێدەکات، هووشەنگ بەردێکی تێدەهاوێ و دەدات لە بەردێکیتر و پزیسك ئەدات، هەرلەوێدا ئاور پەیدا دەبێ و بە فەڕی ئەم ڕووداوە، جەژن ئەگرن و ناوی ئەنێن جەژنی سەدە.

٢) کاتێ کەیومەرس دەبێتە ساحیبی سەد منداڵ جەژنێ بەرپا ئەکات و ناوی ئەنێ جەژنی سەدە، ئەڵبەت برێ ئەم چیرۆکەیان بە ئادەمی ئەبولبەشەرەوە پەیوەندداوە.

٣) کاتی ژمارەی «مەشی و مەشیانە» و کوڕەکان، گەیشتە(سەد)، ئەو کارەساتە پیرۆز دەکرا، و ناویان دەنا جەژنی (سەدە).

٤) چوون بە تێپەڕینی سەد ڕۆژ لە زستانی گەورە دەگەیین، سەرما دەگەییە کۆتایی، پێشینیانمان دەسیان دەدایە شایی و جەژن گرتن، وە ئەم جەژنەیان بە جەژنی سەدە لە قەڵەم داوە.

٥) لە جەژنی سەدە تاوەکوو نەورۆز ٥٠ ڕۆژ و ٥٠ شەوە کە پێکەوە سەد شەو و ڕۆژە، بەم بۆنەوە جەژنی سەدەیان لە ٥٠ ڕۆژ بە نەورۆزیان بەرپادەکرد.

٦) ئەرمایل، وەزیری زوحاك، هەررۆژە بۆمارانی زوحاك سەری دووکەسی ئەبڕی و ئەیدانێ. کە فەرەیدوون بە سەر زوحاکا زەفەری برد، ژمارەی ئەوکەسانەی کە بۆ ئەم سەربڕینە دانرابوون و ڕزگاربوون و گەیین بە سەد کەس و کەسەکان هەرکام بە ئاورێکەوە بۆ ڕێزگرتن لە فەرەیدوون ڕوویان کردە ئەو کوێستانەی کە فەرەیدوون و هاوڕێیانی لێی بوون، لەم کاتەدا ئاسمان یەك پارچە بوو بە ڕووناکی و دەنگی سروود و شادی، پاشان کردیان بە جەژن و ناویان نا جەژنی (سەدە). (١٥)

بۆ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی پەیلوای خۆم، ڕیوایەتی ئەخیر لە گەڵ بیر و بۆچوونی نووسەردایە، بە پێی وتەی فیردەوسی لە شانامەدا، ئەو سەدکەسەی کە بە هۆی ئەرمایل و گەرمایل لە دەستی نەحس و خوێنمژیی زوحاك نەجاتیان بوو، کورد

بوون و هەنووکە جیل و تۆرمەی ڕەچەڵەکی کورد لەوانن.

فیردەوسی ئەڵێت:

... ازاین گونه ماهیان سي جوان
ازیشان همي یافتند روان
چوگرد آمدندي ازیشان دو ویست
برآنسان که نشناختندي که کیست
خورشگر بریشان بز و چند میش
بدادي وصحرا نهادیش پیش
(کنون «کُرد» ازآن تخمه دارد نژاد
کزآباد نیاید بدل برش یاد)
بود خان هاشان سراسر پلاس
ندارند دردل ز یزدان هراس. .. (١٦)

مێژوونووسان و ئوستوورەوانانی ئێرانی و ڕۆژهەڵات ناسانێ کە لە سەر ئوستوورەی (زوحاك) و ئاخێزگەی سەرهەڵدانی دواون و توێژینەوەیان لەسەری کردووە، لەو باوەڕەدان کە: زوحاك (ئەژیدەهاك) لە وڵاتی (بەورێ) هەمان مەملەکەتی بابێل، هێز و دەسەڵاتی پەیدا کرد و بوو بە حوکمڕەوای ئەریەنوەیچ). (١٧). ئەم وشەیە لە فورسی(فارسی) هێخامەنشیدا (بابیرۆ) بووە، سۆنگەی سڕینەوەی (ل)ی بابێل لەم دوو بابەتەوە ئەوەیە کە لە ئەلفۆبێی ئەوێستایی و هێخامەنشیدا پیتی (ل) وجوودی نیە و لەم ڕووەوە لامی ئەسڵی وشەکە لە هەردووشوێندا بە (ر) گۆڕدراوە. (١٨)

ناوەندی دەسەڵاتداریی زوحاك بە وتەی ئەوێستا شاری (کویریەنته) یە لە نزیکی بابێل، کە ئەکرێ بە نێوی (کەرەندی) ئێستا هەڵیسەنگێنین. بە بڕێ ڕیوایەتی ئیسلامی، زوحاك لە بابێل حکوومەتی کردووە و بینا بەو شتەی کە لە (بوندەهێشن) دا هاتووە، زوحاك لە بابێل قەسرێکی بە نێو(کۆلینگ دوشێت)ی بیناکردووە(١٩). (بڕوانە: پوورداوود، کتێبی یەشتەکان). (دارمەستەتێر) هەوڵی ئەوەی داوە کە نێوی (کۆلینگ دوشت)ی کە لە سني ملوك الارض چاپی گۆنۆواڵد ص ٢٣ (کلنگ دیس) دا

هاتووه (کویریەنتە) لە یەك ئەسڵی بزانیّ. (٢٠) (بڕوانە: زەند ئەوێستا، دارمەستێر، ج ٢ صص ٥٨١ – ٥٨٢).

بە هەرحاڵ ئێستاکە (کویریەنتە) هەرئەو(کرێند)ە بیّ یان قەسرێك لە بابێلدا، زۆرگرینگ نییە، بەڵکوو گرینگ ئەوەیە کە لە کۆی ئەو ڕیوایەتانە ئەوەمان دەس دەکەوێت کە: زوحاك (ئەژیدەهاك) یەکیّ لە ڕیجالە دەسەڵاتدارەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئێران(کوردستان، جەخت لە نووسەری ئەم وتارەتە) بووە و وەك ڕوونە لە (ئاشوور) یان (کلدە)وە هێرشی بردوتە سەر ئێران و کاواتی زاگرۆسی داگیرکردووە و هەروەها کە ئەزانین پێش دامەزرانی دەوڵەتەکانی ماد (هاوکات لە گەڵ دەسەڵاتدارییان) و هەخامەنشی، ئێران چەندجار کەوتوتە بەر هێرش و پەلاماری سوپای ئاشووری و کلدانیەکان کە لە خوێنڕێژی و چەپەڵکاری و دزێویدا، بەناوبانگ بوون. لەم هێرش و شاڵاوە دڕندانەدا ئێرانیەکان لە زەینیانداگەلیّ چیرۆك و ئەفسانەیان درووست کردوە، کە نموونەی ئەوانەش چیرۆکی (زوحاك و کووشی فیلّ ددان)ە و پاشان بە شێوەی سیمبول و هێما، لێی قۆستراوەتەوە. لە ڕۆژگارانیّ کە ئێرانیەکان، مێژووی (کلدە و ئاشوور)یان لە بیرکردبوویەوە، (زوحاك)ەکان بە نەژادی عەرەب، کە لەگەل خێڵەکانی سامی و ئاشووری و کلدانیدا لە یەك ڕەگەز بوون، دەرهاتن، و نەسەبیان بە (تاز)ەوە، گریّ درا، بەنا بە ڕیوایەتی ئێرانیەکان، زوحاك، بڕبڕە پشتی (تازی)ەکانە. یانیّ: عەرەبەکان(٢١).

ناوەڕۆك و کاکڵەی ئەو بەڵگە و بابەتە مێژوویی–ئوستوورەییە ناوبراوانە و ڕوانگە و بۆچوونی مێژوونووس و میتۆلۆژیستی ئێرانی، (دکتۆر زەبیحوڵا سەفا) لە سەرئەم بابەتە، ئاوا تەتڵەی ئەکەین:

١) بە پێی ئەو بەڵگە و بۆچوونە، شوێنی سەرهەڵدانی زوحاکی، ڕۆژئاوای ئێران(کوردستان)ە.

٢) ئوستوورەی (زوحاك)یان بە کەسایەتیەکانی مێژوویی ئاشوور و کلدانی زانیوە کە ئەو دوو دەسەڵاتە، ڕابەڕا ئێرانیان خستبووە ژێر پەلاماری خۆیانەوە. بۆیە پەیتا

پەیتا هێرشی ئاشووریەکان بۆسەر خاکی کوردستان و بەتایبەتی هورامان بۆهەموان ڕوون و ئاشکرایە.

٣) فیردەوسی گیانبەختکەرانی ئەرمایل بە (کورد) دەزانێ و لەسەرئەوە پێداگری دەکات.

٤) نێوی ئەو ئاوایی و شوێنەوارانە کە لە هوراماندا هەن، تاکە بەڵگەن بۆ وتەو بۆچوونەکانی ئەو لێکۆڵەران و توێژەرانە، کە باسیان لە سەر ئاخێزگەی سەرهەڵدانی زوحاك کرد، لە پانتای زمان ومێژووی هورامانیشدا ئەم ئەم جێ پێیانە بە ڕوونی دیارن. بەڕای من، مەڵبەند و ئاخێزگەی زوحاك (بوری، بابیرۆ، بابێل) کە ئوستوورە ناسەکان ئاماژەیان پێدا، هەمان: بارا، بیر، بوێرە، (بیارێ و بێرواس)ە لە جوغرافیای ئێستای هوراماندا، چوونکای:

٥) (بیارێ) شارۆچکەیێکە لە هورامانی لهۆنی ئێراق و (بێرواس) ، گوندێکی بچووکە لە باکووری رۆژاوای بیارەی هورامانی لهۆنی ئێران، کە لەباری مێژووییەوە، تەمەنێکی زۆرکۆنیان هەیە. لێرەدا بۆ بەڵگاندنی پەیلواکەم، و ڕوون کردنەوەی بابەتەکە لە ڕوانگەی مێژوویی–زمانناسی یەوە، کورتە باسێك دەهێنمەوە:

بە وتەی مێژوونووسان (بێر، بێرواس) لە زەمانەی (لۆلۆییەکاندا) بەشێ لە خاکی زاماو، کوردستانی ئێراق: سلێمانی و حەڵەبچە و خورماڵ و... بووە و لە زەمانەی ئەسکەنەری مەقدوونیدا ئاوەدان کراوەتەوە و ناوەندی دەسەڵاتداریێ بووە (٢٢).

پێش‌تر سەبارەت بە هێرشی ئاشووریەکان و کلدانیەکان وتەی مێژوونووسان سەبارەت بە سیاسەتی هەجە و هێرشیان بۆ ئێران ئاماژەیەکمان دایە و لێرەدا سەبارەت بە هورامانیش ئاماژەیەکی کورت ئەدەم: سارگۆنی دووەم (٧٢١ ـ ـ ٧٠٥ پ. ز) لە یەکێ لە یادگارانەکانیدا، لە بارەی دەس بە سەراگرتنی و داگیرکردنی هورامان، ئاوا ئەڵێت: بۆ بەدەس هێنانی هەرێم و دارایی هورامان، دەسم دایە زەوت و زەبریی سان و سەرانی ناوچەکە، تا ئەوەی کە بە زەبری گورز و گۆپاڵم ڕێگای پڕلە کەند و سەختی کوێستانەکانم تەخت و هەموار کرد و... (٢٣)

لە مێژووی کورد و کوردستاندا نووسینی محەمەدئەمینی زەکی (٢٤) ئاماژە کراوە کە (بیارە یان بیارێ) بە شێوەی (بارا) بووە. ئاشوور ناسیرپاڵی دووەم لـە یـەکـێ لـە یادەوەرییەکانیدا بە هێرشی خۆی بۆ ئەم شارە ئاماژە ئـەکـات و بـەم شـێوە وتەکـەی زەکی بەگ دەچەسپێ، ناسیرپاڵ دەڵـێ: لـە وڵـاتی لۆلۆییـەکانـدا ٢٥ شـارم داگـیر کردووە، ئەمەش ناوەکانیانە: بارا (بیارێ) ، دغارا، بابیت، کاگری، زیمڕی، ویـنی و... (٢٥)

لە دەرووبەری شاری بیارە (بیارێ) هەندێ شوێن و شوێنەوار هەن کە هێشتا بەو نێوە کۆنەوە دەیناسن، کە ئەوەش پێمـۆرکی ڕاسـت بـوونی ئـەو بۆچـوونەانەمان بـۆ دەردەخات وەك: قەڵاوگاورا (قەڵای گاورەکان) ، قەڵاوئاشووری (قـەڵـای ئاشـوور) ئاسنەوەرد (لە یەسنای ئەوێستا) یان ئاسـنەوەی لای مـەریـوان و تافگـەی دێـوەزنـاو (دێویەسنا) لە هورامانی ژاوەرۆدا لە کوردستانی ئێران.

((لۆلۆ)) لە وشەدا بە مانای ئەشکەوت نشین و کوێستانی یە و... لە هورامانـدا لە زمانی سەرزارەکیدا هێشتا وشەی لۆلۆ و ڕولە بە شێوەی زینوو بـەکـار دێ و بـە مانای چالاك و زیرەکە (٢٦). وەکوو کەسێ، کەسێکیتر بە هۆی بوێری و دلێری لە ئەنجامی کارێکا تاریف بکات و بە کینایە و درکە بە ئەو ئەڵێت: بەخوا لۆلەن یـان بـە خوا ڕۆڵەن، یانی: دلێرە، زیرەکە و بوێرە.

هەڵسەنگاندنی نەریتی جەژنی سەدە و جەژنی پیری هورامان لە چەند خاڵێکدا:

١) هەبوونی سۆز و شایی و نەشات و سەما لە هەردووجەژنەکەدا.

٢) زۆربەی دەقی مەراسێمەکە، لە شەودا بە ڕێوە دەچێت.

٣) داگیرسانی ئاور و ئیهتمام بـە پـێ کوتـان و سـەما و هـەڵپـەڕکـێ، بـەم واتـا سیمبولیکەوە کە ئاور ئاخر سەرما و سڵەوەی بەجێماو لە زستان، ڕاودەنێ و جێژوان و زەمینە بۆ هاتنی نەورۆز خۆش ئەکات.

٤) ڕۆیشتن بۆ دەشت و سارا و بەڕێوە بردنی ئاهەنگی جێژن، (لە هورامانـدا بـۆ

بەڕێوە بردنی دابی کۆمسا) کە لەم وتارەدا ئاماژەی کورتی پێدراوە.

٥) بە چراوە لە شەواگەڕان و سەردان لە ماڵەکان و خواستی شت لێیان، گەڕی کڵاوەڕۆچنی، لە ئاهەنگی جەژنی پیری هوراماندا.

٦) هەردووجەژنەکە تەقریبەن لە دەیەمی ڕێبەنداندا، سەد ڕۆژ و شەو ماوە لە زستانی گەورە، دوای چلە گەورە، دەس پێدەکات، بەوباوەڕە کە دوای چلە گەورە زەوی دەم بازئەکا و بە دزیەوە نەفەس دەکێشێت و دەڕوات بە دەم نەورۆزەوە، هەنووکە لە هوراماندا زاراوەیەك هەیە، بەو بەفرە کۆنە کە لەو کاتانا لە عەرزدا ماوەتەوە، ئەڵێن: (وەروەو سەوڕۆی، وەروەو سەد ڕوەی) یانی: بەفری سەد ڕۆژە، بەفرێ کە لە سەر زەوی ماوە (لە دەی ڕێبەنداندا هەتا نەورۆز: سەد ڕۆژ و شەوە). ئاخر هورامان تا ئەو کاتە، زستانێکی سەخت و درێژخایەنی بە بەفرێکی قورسەوە تێپەڕاندوە، هەر بۆیە سەد ڕۆژ و شەوێ کە هێشتا لە زستان دەمێنێت سەخت نایگرن و خۆیان بۆ هاتنی نەورۆز (٢٧) و بەهاری سەری ساڵ، تەیار و ئامادە دەکەن.

لێرەدا بە بۆنەی هەمێت و بایەخی ئەم ئاهەنگە کۆنە کە لە درێژەی مێژوو و فەرهەنگی ناوچەدا و لە سەر خەڵوە و بارەگای پیرشالیاری هەورامیدا لە ئاوایی هورامانی تەختدا بەڕێوە دەچەێت، ئاماژەیەکی کورت و هەواڵ ئامێز دەدەین: (٢٨).

مانگی ڕێبەندان بە هۆی لە ئامێزگرتنی (جەژنی سەدە) لای ئێرانیەکان و (جەژنی پیرشالیار) لای کوردان، چ لە مێژووی هاوچەرخدا و چ لە دیرۆکی کۆن و ئوستوورەیدا، لە زۆرلایەنی مێژوویی و فەرهەنگی و سیاسیەوە، مانگێکی مانەوەیی و پیرۆز کراوە. هەرچەن جەژنی سەدە ئێستا لای ئێرانیەکان بەڕێوە ناچێت بەڵام جەژنی کەون و مانەوەیی (کۆمسا و پیرشالیار) لە هورامان هەموو ساڵێك بەرپا دەبێ و لای خەڵکی ناوچە بە شێوەی ئەکتیڤ و زینوو هەرماوە و لەم مانگە پیرۆزەدا و لە ماوەی دووحەفتەی بەینابەیندا بەڕێوە دەچێت. ریزبەندی ئەم بەڕێوە چوونەش بەم شێوەیە:

١) خەبەر، هەواڵ ٢) کۆتە کۆتە ٣) کڵاوەڕۆچنی ٤) سەربڕینی کاوڕ (زەبحی حەیوان) ٥) سەما و شایی و چێشت خواردن ٦) کۆبوونەوە لە ماڵی پیر (خەڵوەی

پیر) و دابەزاندنی وەعز و وتار و شێعر خوێندنەوە ٧) بەڕێوەبردنی تربێ.

کورتەیەك لە سەر ئەوحەوت بابەتە:

١) خەبەر(هەواڵ): لە بارەی بنەما و سەرهەڵدانی ئەم دابە، لە نێو دەمگۆی جەماوەردا، پەیلواگەلی جۆراوجۆر هەیە، کە پێویست بە هاوردنی لێرەدا ناکات. بەڵام ئەوەی جێی متمانەو بڕوای هەموانە و هەر وەها کە ناوەڕۆکی مەراسیمەکە ئەمە ئەسەلمێنێ، خەبەر، تەنیا فەلسەفەی، تەیارکردنی زەمینەیە بۆ دابەزاندنی مەراسیمی سەرەکی پیر و کەوا جەماوەر خۆیان ئامادە بکەن بۆ پیرۆزکردنی ئەم رووکردە ئەفسانەییە، لە رابردوودا وەك ئێستا، کەرەسەو ئامێری راگەیاندن نەبووە، کە رەهەندی خێرایی بدا بە جەژنەکە، کەوابوو بەگەڕان و خۆدەرخستن، ویستوویانە، فەلسەفەی زەماوەن بە خەڵکی راگەیەنن.

٢) کۆتە کۆتە: دوای بەڕێوەچوونی بەشی هەواڵ و زەمینەی ڕاگەیاندن، بە ماوەی یەك حەفتە تا عەسری ڕۆژی چوارشەممەی حەفتەی دوایین هیچ کارێ ناکرێت، لە ئێوارەی ئەوڕۆژا دەمەو تاریك ولێڵی هەوا، منداڵانی ئاوایی دەس ئەکەن بە کۆتە کۆتە و گەڕان بە کۆڵاناندا و لە هەرماڵێ نەختێ شتی خوادەمەنی وەك، کاکڵە و مێوژ و تووە وشکە و ئاجیل و... وەرئەگرن و هەنێ لەو ماڵانەش بە هۆی کەمتەرخەمی و کۆن بوونی داب و ڕەوشەکە ئەم دابە بە شتێکی بیدعەتی ئەزانن و پەرێزی لێ دەکەن، بڕێکیش بە حورمەتەوە لەم دیاردە دەڕوانن و ئەم دابەش تائێستا هەر بەڕێوە چووە و هەمووساڵێك لەوکاتەدا دەس پێدەکات.

٣) کڵاوەڕۆچنێ: ئەم دابەش لە ڕووی فۆڕمەوە درووس هەروەك کۆتە کۆتە یە، بەڵام لە نێوان خەڵکدا ئەم قورب و وەجاهەتی فرەترە و زۆررینەی خەڵك کڵاوڕۆچنێ، مەنهەجیتر و رەواتری دەزانن لەکۆتە کۆتە، چوون لە بنەمایەکی فەرهەنگی–مێژوویی و تایبەتیتر بەشدارە. لە باری چەندی و چۆنیەتیشەوە، کڵاوڕۆچنێ لە پای کۆتە کۆتەدا بەربڵاوتر و بەپێزترە بۆیە لەم بەشەدا زۆربەی لاوانی ئاوایی سەرپیر کۆدەبنەوە و لە کۆڵان و گەڕەکەکاندا بە دەسەکانی دوو نەفەرە و سێ

نەفەرە و ... بڵاو دەبنەوە و لە پشت درگاکاندا رادەوەستن و ئەم وتە هێماییە دووپات ئەکەنەوە: (کلاورۆچنێ بە کورِ و کناچێ شادێ بیدی، یانی: خاوەن ماڵ بە کورِ و کچێك شاد بنەوە) ئەم دێرە هێمایی و سیمبولیکە بەفەرِ و یومنی لەدایك بوونی پیرشالیارە و ئاواتی بەختەوەری و گەشەمەندییە بۆ یەکەکانی جەماوەر. خەڵکیش بە هۆی ئەو رووکردە بە فەرِ و بەرەکەتەوە، تابتوانن بە جوانی و بەرِووی گەشەوە، بە پیرییەوە دەچن و بە هێما بەخششیان ئەدەنێ و هیوا و تامەزرۆ لە دڵیاندا دەچێ و سەوز دەبێ.

٤) سەربرِینی کاورِ (کوشتنی حەیوان) : ئاییني زێبح لە بەیانی رِۆژی چوارشەممەدا دەس پێدەکات، دوای تەواوبوونی یاسای کلاوەرِۆچنێ، هەرکەسێ کە لە دەسەڵاتیا هەبێ هاوکات کاورێ یان حەیوانێ، ئامادە دەکات و بەرەو بارەگای پیر (وەراسان) دەیبات. لەم بەشەدا یەکەمین زێبح بەپێی یاسای دیاریکراو دەبێ لە لایەن تایەفەی پاشاوە (تایەفەو پاشایا) کە لە رِۆژی هەوەڵەوە هەر لە قەدیم و نەدیمەوە باوبووە دەس پێدەکات و بەرەودوا کاورەکان لە ژێر چاودێری زیرگەوان (موتەوەللی بارەگا) زێبح ئەکرێن و پلە پلە جیای ئەکەنەوە و هەرکەس بە مەبەستی تەبەرِوك قسمێ هەڵئەگرێت و ئەیکا بە چێشت.

٥) ئاییني تاڵەبانی و سەما و چێشت خواردن: هاوکات لە گەڵ نوێژی عەسری هەمان رِۆژدا (چوارشەممە) وەراسانەو پیری (بارەگای پیر) پرِدەبێ لە حەشیمەت، خەڵك لە هەموو لایەکەوە بە مەبەستی زیارەت رِوودەکەنە ئەوجێیە و بە زکر و سەما و شێخانە و دەف لێدان کەش و هەوایەکی مەعنەوی و ئیشراقی پێك دێنن.

هاوکات لە گەڵ ئەو ئاهەنگە ئیشراقی و شهودیەدا، چێشتێك کە پێشتر دروست بووە (ئاشی نەزری ـ یان ـ ولۆشە تشێ = جۆرە شۆربایەکی کۆنی زەمانی پیرشالیارە کە لە گەنمی کوتیاو پێك دێ)، لە بەین خەڵکەکەدا بەشی ئەکەن و هەرکەس بە تیانە و قاولەمەوە بەشی خۆیان وەرئەگرن و لە کاتی زێکرەکەدا بە یومنی تەبەرِك ئەیچەشن. ئەم ئاهەنگە تا ئێوارە ئیدامەی دەبێ و هەر لە بەیانی رِۆژی دوایش

دووباره، زێکر و سەما و خواردن دەس پێدەکات هەتا بانگی مەغریب.

٦) کۆبوونەوە لە وەراسان ـ یان ـ بارەگای پیر: دوای ئاهەنگی زێکر و سەما و چێشت خواردن خەڵك دەسە دەسە بەرەو بارەگای پیر (خەڵوەی پیر) دەبنەوە و لەوێدا بۆدانیشتن قاڵی و نەوگ ڕائەخەن و دەس ئەکەن بە نوێژ خوێندن و گوێدان بە وەعز و وتار و شێعرخۆندنەوە، لە شەمیمی ئەو فەزا ئەهوورایی و مانەوییەوە کەڵك وەرئەگرن و دەس بە دەس لە کڵاشی پیر و باقی ئاسەوارەکانی دیدەن و زیارەت دەکەن، یەکێ لە بەرەکاتی ناو ئەو خەڵوەیە ئەوەسە کە لەوقەوارە پچووکەدا ئەو حەشیمەتە جێی دەبێتەوە و بۆهەمووان جێی سەرنج و ڕامانە کە ئەم جێیە لە خۆیدا بە لەونێکی مۆعجیزە ئاسا بە بێ پێزانین هەراو دەبێتەوە.

٧) تربێ: حەفتەیەکیتر دوای ئەو ئاهەنگانە، ڕۆژی پێنج شەممەی داهاتوو، خەڵکی هورامان پێکەوە بە تێکڕا بەرەو بارەگای پیران (بەتایەت پیرشالیارە سیاوە و...) ڕێدەکەون و بە زێکر و دۆعاکردن هەریت و پەیمانیان نوێ ئەکەنەوە. ژنان لەوڕۆژەدا (گێتە مەژگێ = کولێرە مەژگە) درووس ئەکەن و لە ئاهەنگی تربێدا لە نێوان هاوسێ و زیارەتکەراندا، بڵاوی ئەکەنەوە.

ئاهەنگی کۆمسا:

بەردێکی سەختە لە نزیکی خەڵوەکەی پیرشالیاردا هەیە، کە ساڵانە خەڵکی هورامان و زیارەتکەران، لە کاتێکی دیاری کراودا ئەچنە پاڵی و بە مەبەستی تەبەڕوك بە پیکێ لێی ئەشکێنن و و زەینی جەماوەر وا دەڵێ: کە بەردەکە بۆساڵی دوایین وەکووخۆی لێدێتەوە و گەورە دەبێتەوە دووبارە دێن و لێی هەڵدەوەرێنن، خەڵك لە پارچەی ئەم بەردە (کۆمسا) بۆ بەرەکەتی مەشکەکانیان کەڵك وەر ئەگرن و لەوباوەڕەدان کە ئەو بەردە دەبێتە هۆی زیادکردنی کەرەی مەشکەکەیان. پیرمەحموودیش یەکێ لەو پیرانەیە کە هوراماندا بەناوبانگە و بە پیری کۆمسا مەشهوورە و لە تەنیشتی ئەو بەردەدا نێژراوە و ئارامی گرتووە.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١- نیکیتین ڤاسیلی، کورد و کوردستان، وەرگێڕان: محەمەدقازی

٢-هەمان سەرچاوەی پێشوو

٣- منصوری خالد، ئاوێنە ژمارە ٢٨ و ٢٩، یوند زبان کُردی با زبان های کهن ایرانی

٤- بە نموونە دەتوانین ئاماژە بدەینە قەواڵەکانی هورامان:

زۆربەی هەڵکنراوەکانی شاهانی ساسانی، وێڕای بە زمانی فارسی ناڤین بە زمانی پارتیش نووسراون و هەم بە زمانی یۆنانی. کۆنترین ئـەم ئاسـەوارە ، قەواڵـەکانی هورامانـە کـە بـۆ ساڵەکانی ٨٨ و ٢٢ و ٢١ ی پ ز دەگەڕێتـەوە ، لـە چـاخی «فـەراتیش» یـان فـەرهادی چوارەم، کە سێ دانە پێست بوون ساڵی ١٩٠٥ دۆزراونەتـەوە لـە تەنگیبـەری ژاوەرۆ لـە لایەن دوکتۆر سەعید خان گەییونەتە دەست پرۆفیسۆر «ئیلیس منس E.H.Mins و کـاولی A.Couley» ئەم قەواڵانە، لە بارەی کڕین و فرۆشتن و مامەڵـەوە بـووە، کـە هـەم نـاوی کڕیار و هەم ناوی فرۆشەر و ناوی شاهیدان، نووسراوە . ئـەو قەواڵانـە، بـە پێـی وتـەی د. پ.خانلەری، محەمەد ئەمین هۆرامـانی و دوکتـۆر جـەمال ڕەشـید، بـە دوو زمـانی یۆنـانی و پەهلەوی وەرگرتە لـە ئـارامی (هـۆزوارێش) نووسـراون کـە هەنـدێ واژە و دەسـتەواژەی هورامی ئێستای تێدایە:

وەکوو: مەی وان، زەڕین، زەڕ = پوول ، ڕەزەوان=باخـەوان ، هەمـە، ئیـك: (یـەك)، چش، چارە.

دکتر جەماڵ ڕەشید لـە کتـێبی لێکۆڵینـەوەی زمانـەوانی وڵـاتی کوردەواریـدا دەڵـێ: ئـەو قەواڵانەی کە لە گوندی پاڵنگان دۆزراونەتەوە، سێ دنك پێستی ئاسکە، کـە دنکێکیـان بـە خەتی ئارامی کۆن لە هەشت دێڕدا نووسراوەتەوە و دەگەڕێتەوە بـۆ سـەردەمی(فـراتیس) یـا فەرهادی چوارەم(٣٨) پێش زایین لە ئەمپراتوری پارتەکان. لە لایەن دوکتـۆر سـەعیدخانەوە لە شێخ عەلائەدین وەرگیراون و دانەیەکیان گەییوەتە، دەست پرۆفیسۆر (ئیلیس مێنس) و ئەویتریان ناردراوە بۆ (ا.کاولی).

دکتر ناتل خانلری لەم بارەوە دەنووسێ:

ئەم دوو سەنەدە بنچاخی مامەڵەی ملکییە بە دوو زوان: یەکێ یۆنانی و ئـەویتر پەهلـەوانیك وەرگیراو لە ئارامییەوە، کە لە هوراماندا دۆزراونەتەوە و بە سەر پێستی ئاسکەوە نووسراون.

تاریخ زبان فارسی ج ١ ص ٢٠٧

محەمەد ئەمین هورامانی لەم بارەوە هەر ئەم وتەیە دووپاتکردۆتەوە.

وێڕای ئەمانە،(هێشتا واژەی (زەڕ) بە جێی پوڵ لە نێو خەڵکی هوراماندا بە کاردەبرێ و ئەو کاتیشە هەمان مانای بەخشیوە.

(مێژووی بەراوردکاری زوانی کوردی ل ١٢٩ م . ا هورامانی)

٥- رشید د.جمال کتێبی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی وڵاتی کوردەواریدا

٦- ملا صالح حکیم، ئاوێنە، ژ .١٩و٢٠، ل ٤٢ وتاری (جیٚ پێیی یونانییەکان لە کردستان)

٧- منصوری خالد، ئاوێنە ٢٨و٢٩ پیوند زبان کردی با زبان های کهن ایرانی

٨- بەکر دلیر، ئەشکەوتەکەی گوندوك، بغداد ١٩٥١

٩-فەرهنگی خاڵ، ب.٢ ،١٩٥٩

١٠- زرێبار، ژ: ٥٨ و ٥٩ وتاری زاری ئوسپ ، وەرگێڕان ئەنوەر قادر محمد

١١-لەم بارەوە بڕواننە وتاری (ئاخێزگەی سەرهەڵدانی زاراوەکان و پێوەندی زوانی هورامی و ئازەری کۆن) ،گۆڤاری رامان، ژمارە ١٣٠، ٢٠٠٨/٣/٥

١٢- لە لێتۆژینەوەی دەستە واژەی مەریواندا پەیلواگەلی جۆراوجۆ هەنە و هەر لەم کتێبەدا بە تەسەل باسی لە سەر کراوە، لێرەدا ئاماژەیەك دەدەین:

بە واتەی خالیدی مەنسووری مەریوان:

مەریوان لە: میسراوان- میتراوان- مێهراوان- مێهرەبان= مێهر +بان پاشگری شوێن، میسراوا: شهر و جای میسرا و میترا و مێهر و... هاتوە. ئارشاقاوان، واغارشاوان و میرئاوا .

کاك حکیم ملا صالح پێیوایە: مەریوان لە وشەی یونانی (مەریوٚن) گیراوە کە لە یۆناندا کوڕی(مولوس) خەڵکی (کرت) بوە لە شەڕی (تروا) عاشق (ئێدوٚمنه) بووە و سەرکردەی هێزیی (کرت)ی بە ئەستۆوە بووە و گۆرانیبێژ و سەماکەر لەو کەسانە بووە کە خوازیاری (هلن) بووە. ئاوێنە ژمارە ١٩ و ٢٠ وتاری (جیٚ پێیی یونانییەکان لە کوردستان).

لە(توحفه موزەفەریه)دا مەریوان بە مانای (مێهرەبان) هاتوە.

دێهخودا دەڵێ:

مەریوان(مار+ایوان)ە شوێنێك کە ماری زۆرە.

لە زاری شەقامیشەوە مانای جۆراوجۆری بۆ داتاشراوە: بۆ وێنە مەریوان یانێ شوێنی (مر، مراوی).

سەرەڕای ئەمانە بە پەیلوای من(وان) بە واتای (ئاو) ، (گـۆم) یـان (سـفەتییَك بـۆ ئاو) کە گۆمی زرێبار لـە ناو دڵی دەشتی مەریواندا باشتر لـە سەر ئـەو پێداگرییـەو نرخانـدنی بەڵگەکان سوورترمان دەکات . بەشی هـەوەڵی (مـەریوان)یـش: (مـەڕ ، مـار ، مـاد)ە کـە ئاڵوگۆڕی زوانەوانی بە سەریدا هاتووە. کە واتە: مەریوان(مەر، مار، ماد+ وان) یانێ شـوێنی سەرسەوز و ئاوخێزی مادەکان. زرێبار(زری، زەریا، دەریا، گۆم، گۆل+ پاشگری بار، شوێن، رۆخ و ...) باشترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە.

١٣- عبدالرزاق عبدالرحمن محمد: سەربوردێکی هۆرامان و سـەردانێکی تـەوێڵێ، ٢٠٠٥_ نشراحسان، و هورامان (یادها و یاد بودها) ، ئەحمەد نەزیری

١٤- لە زۆر شوێنێکی تردا باسم لـە سەر تایبەتمەندییەکانی کردووە، بڕواننە: گۆڤاری رامان، ژمـارە ١٢٩، ٢٠٠٨/٢/٥، وتـاری کرکـەی هورمزگـان ... و لـە وتـاری دواییـدا ئـەو نووسراوە ئەهێنینەوە.

١٥- بهار د. مهرداد، جستاری چـند در فـرهنگ ایـران، سەرچـاوەی سـەرەکی: گۆڤـاری چیستا، ساڵی ئەوەڵ ژمارە ٦، رێبەندانی ١٣٦٤

١٦- ژول مول، شاهنامەی فێردەوسی، تهران ،١٣٦٩، انتشارت و اموزش انقلاب اسلامی، ب١

١٧- صفا د. زبیح الله ، حماسه سرایی در ایران، ل ٤٥٦

١٨- دارمستتر جیمز، زند اوستا، ب.٢

١٩- پورداود، یشتها

٢٠- دار مستتر جیمز، زند اوستا، ب.٢

٢١- صفا د. زبیح ... ، حماسه سرایی در ایران

٢٢- رستم ایوب، رۆژنامە کوردستانی نوێ، ژ. ١٩٢٦

٢٣- گۆڤاری هەزار مێرد، ساڵی یەکەم، ژ، ١٩٩٩

٢٤- زەکی بەگ محەمەد ئەمین، مێژووی کورد وکوردستان

٢٥- عبدالرزاق عبدالرحمن محمد، سەربوردێکی هۆرامان و سەردانێکی تەوێڵێ

٢٦- هورامانی د. محمدامین، گۆڤاری ئاوێنە، ژ.١٦، ١٣٧٣

٢٧- بە وتەی مێژوونووسان کۆنترین نیشانەو رەگی جەژنی نەورۆز کە لـە ئاسیای رۆژئاوادا

بەرچاو دەکەویٚ دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی بنەماڵەی (ئور)، کە لە شوێنێکیتردا ئاماژەمان پێکرد کە چۆن هۆرامانیان داگیر کرد. لەو سەروبەندەدا(هەزارەی سێی پێش لە زایین) هەرساڵە لە هەوەڵی بەهاردا، جەژنێك پیرۆزکراوە، جەژنەکەیش بریتی بووە: نێوان خواژنی ئاو(الهە) و خوای باروەری(Dumuzi خوای «شەهیدکراو» و«بەرەکەت» لە شارستانێتی (بابێل) پێوەندی پیرۆزی هاوسەرێتی، دەهاتە ئەنجام، لەم مەراسیمەدا کاهێنەی مەعبەد، لە جێی خواژن(الهە) و (شا)یش بە ناو خوای باروەری (دوموزی) نەخشیان دەگێڕا. هۆی پیرۆزکردنی ئەم رۆژە، بیرئانیی سەرکەوتنی (ئیێ ئا،Ea ئەدا، یان ئێنکی، Enki،خوای باروەری و سامان بەخشی و هێمای ئاوەز و دیاریکەری چارەنووس) بە سەر (ئەپسۆ ، ئەپۆش ، (Aposخوای وشکی و نەزۆکیدا بوە. (Ea) ، هەمان وشەی (ئەدا، Eda)ی هۆرامییە بە مانای دایك. یان کانی تاڤگەی (بلْ (Bil لە هورامانـدا، توخمێکی بە جێماوی سومەرِی بووە(بەناو: بعل) بەمانای خوای ئاو و باران و زا و زیٚ کە لە گەڵ دێوی وشکی و نەزۆکیدا بە شەرِ هاتووە و شکستی پیٚ هێناوە. بە وتەی مێهردادی بەهار، ئەم جەژنە پاشان لە لایەن (بابێل)یەکانەوە پاراستراوە و (Eda ئەدا و Enki) گۆڕراون بە (مەردۆك)، دواتریش لە ئەوێستادا بوونەتە(تیشتەر و ئەپۆش). بڕواننە: بەهار،مێهرداد.د، جستاری چند در فرهنگ ایران باستان، انتشارات فکر روز، ل۲۱۷

ئەم بەڵگە مێژووییانە بەراورد بکەن لە گەڵ توخمگەل و واژەگەلی ئوستوورەیی –مێژوویی: **ئادا، ئەیا،ئەدا : مادر، بلْ(تاڤگەی بەناو لە هورامان)**، اور (لە پێکهاتەی دەستەواژەی هۆرامان، بە مانای تەخت، فەانڕەوا، حکوومەت)، **ئەسپەریٚز** و باقی توخم ئوستوورەیی– تاریخی و نیمە تاریخییەکانی تری هورامان، کە لە دەقەکەدا لە بارەی سەرهەڵدان و ئاخێزگەی زوحاك و جەژنی پیر و سەدە و نەورۆز ئاماژەمان پێدا، پاشان لەم بەراوردکارییە ئەنجامگیری بکەن.

۲۸– مەحمودپور رەوف، گۆڤاری سروە، ژ ۱۱۷–۱۱۸

۲۹–ناتل خانلری د. پرویز، تاریخ زبان فارسی، ج۱، ص۲۰۷

۳۰– هۆرامانی د. محمدامین، مێژووی بەراوردکاری زوانی کوردی ص۱۲۹

۳۱– مارتن ورمازرن، ئایین میترا، وەرگێڕان، بزرگ نادرزادە

٣٢- دوستخواه جەلیل، اوستا، بەرگی،٢ ١٣٧٠، پەخشکاری مروارید

- زمانی سەرەکی ئەم وتارە، زوانی فارسییە، کاك موزەفەری یوسفی، وەریگێڕاوەتـەوە سـەر زوانی کوردی سۆرانی.
- ئەم وتارە لـە وەرزنامە ی هەورامان ژمارە ١١ ی ٢٠٠٨ تایبەت بە فیستیڤاڵی کولتووری هەورامان لـە چاپ دراوە.

هورمزگان

سەرەتای سەرهەڵدانی

لیریکای نڤیساری کوردی

لە نەهامەتیە مەزنەکانی کورد، بەداخەوە ئەوەتە بەو هەموو دەوڵەمەندیەوە، هێشتا مێژووی سەرهەڵدانی دیرۆك، ئەفسانە، ئوستوورە و شێعر و ئەدەبمان، بە روونی و سانایی وەك باقی گەلانی تر، ساغ نەکراوەتەوە. ئەمە لە ناخدا ئەتوانێ هۆکارێکی گەورەبێ بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی و ژیـن و ژیاری فەرهەنگیمان. ئەم بۆشایەش بۆ هەندێ هۆکاری چەسپێنراو دەگەڕێتەوە کە خستنەڕوویان مەجالێکی تری ئەوێ و دەرفەتێکیتر. بەڵام خۆیشمان کەمترخەمیمان کردووە و هەر کاتێکیش ویستبێتمان لە خۆمانەوە یان بە قۆستنەوەی لە دیتران بەڵگەیەکی مێژوویی بخەینە ڕوو لە جیاتی چەسپاندنی زانستی و ئاکادمی و شیکاری بەڵگەکە، خۆمان تەیار کردووە، لە جیاتی هێنانەوەی بەڵگەی ئەرێنی و ئیسپاتی و پۆزەتیو، بەگژ مەسەلەکەدا چووین و خۆمانی لێ دوور ئەخەینەوە. ئەم باسە کە خراوەتە روو و خەریکە بابەتێکی ڕۆژی بۆ تۆژینەوە، لێدەورووژرێ، بە هەواڵێکی تازە و چاوەڕوان نەکراوی ئەزانین و زۆربەیشمان سەرسام دەمێنین و ئەکەوینە وت و ویـرە: ئەمە چی بوو ئەمە لە کوێوەهات؟!

هۆرامانی مێژینە و ئەهوورایی و تاقانەی کوردەواری لە رەوەڕەوەی مێژوودا تاکوو ئێستا توانیویەتی پارێزەری داب و نەریت و ئەدەب و ئوستوورە و ئەفسانەو

دیرۆك و كەلەپووری نەتەوەییمان بێ. ڕەوتی زەمەن، گەردی بێ وەفایی زەمەن گێژەڵووكەی شاڵاوگەری نەیتوانیوە سیمای خاوێنی بشارێتەوە. ئەگەر ئەو هۆرامانەی نەبوایێ تا ئێستا هەندێ لە ئاسۆی مێژووەكەمان نادیار و پێوار دەمایەوە. ئەم مەسەلە تەنیا ئەدەب و شێعر و كەلەپوور ناگرێتەوە، بەڵكوو هەندێ چەمكی شارستانیەت و مەدەنییەت و مەزاتی تری ئەمرۆیی ئەگرێتە خۆ. یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی هۆرامان ئەوەتە: كە لەرەوتی مێژوودا سەربەرز و سەربەست ماوەتەوەو وتەسلیم و دەسبەسەر و ملكەچی هەندێ قەید و بەند و بەستنەوەی دابێ كۆن و سواو نەبووە، بەڵكوو لە فۆرم و ناوەڕۆكدا خولقێنەری لیریكاو جوانی و نوێكاری و نوێباوی و بزاوتوویی بووە.

لێرەدا نامەوێ لاوەكی و تەنیشتی لەمەسەلەكە دوور بكەمەوە. ئەمەوێ لە سەر دەقە شێعریەكەی «هورمزگان» دیالۆگ بكەم.

لە وتەیەكدا لە یەكەم كۆڕی گشتی دامەزراندنی «ئەنجومەنی ئەدەبی، فەرهەنگی بێسارانی» دا ئاماژەم بەم خاڵەكرد كە كركەی «هورمزگان» پێگەو بنەمای سەرهەڵدانی شێعری كوردی دەژمێردرێ. ئەویش بە پێی بەڵگەی زانستی و شەمی شیكاری و توێژینەوەی بابەتەكەو ئەو بەڵگانەی كە لە مێژوودا چەسپاوە و هەندێ لە خاوەنڕایانی كورد و غەیر كورد، باسیان لەسەر كردووە. ئێستا پێداگری ئەكەم لەسەر هەمان مەسەلە. بە پێشنیاری «مامۆستا مەلا ئیبراهیم مەردوخی» وتارێك لە كاك «ئەحمەدی شەریفی مەهابادی» ـ كە لە گۆڤارێكیتردا پێشتر لە چاپ درابوو ـ لە سیروانی ژمارە ١٨٥ دا بڵاوكرایەوە، تا باسەكە بخرێتە بەر تیشكی نیگای خاوەن پێنووسانەوە. ئاخافتنی لەسەر بكرێ و هەركە بە نۆبەی خۆی كارێكی شیاو و گونجاو لەم بەستێنەدا بكات. بۆیە ئەمن سەرەتا بووم بە ڕچەشكێنی مەسەلەكەو بە بۆ چوونی خۆم ئاوڕی لێ ئەدەمەوەوە و تا بەڵكوو دیترانیش بێنەوە دەنگ و كەلێنێكی نادیار لە مێژووی ئەدەبی گەلەكەمان ڕوون بكرێتەوە. بەڵام پێویستە بەر لە چوونە ناو ناخی دەقەكەی كاك ئەحمەدی شەریفی، بە دوو دۆزی سەرەكی ئاماژە بكەم.

الف: لە ئاستی ناوەڕۆکدا، دەقەکەی «هورمزگان» هەڵوێستی رۆحی و رەوانی ئەو گەلەیە بەرامبەر بە شاڵاوگەری دیتران. لەوا کە کاتی ئەو شاڵاوە رەنگە ئەو خەڵکانە هێشتا چێژی رۆئفەتی دیانەتی ئیسلامیان نەچەشتیێ بۆیان نامۆ و غەریب بووبیێ و بۆ بەرگری لە خانە و لانەی خۆیان، چەشنێك هەڵویستیان پیشاندابیێ، ئەمە بۆ هەر بوونەوەرێك نە تەنیا مرۆڤ ئاساییە، ئەگینا ئێستا مرۆڤی هۆرامی بەباوەڕترین و توکمەترین توخمی کورد دەژمێرریێ کە هەموویان باوەڕی پتەویان بە دیانەتی ئیسلام هەیەو فرەیش لەم بارەوە پێداگرن.

ب: لە باری فۆرم و رۆخسارەوە، دەقەکە بە شیعرێکی رەسەن و پڕ ناوەڕۆك و سانا و سادە و سەمیمی دەژمێریێ. کە ئەگەر گەرەکمان بیێ تایبەتمەندی و خسڵەتەکانی شیعری کوردی بدۆزینەوەو بیان پارێزین، دەتوانیێ ئەم شیعرە پێگەیەکی ئەستوور بیێ بۆ سەرهەڵدانی ئەم مێژووی شیعرمان. ئەو خسڵەتانەی کە لە سەدەکانی دواییدا لە لایەن بێسارانی مەولەوی و سەیدی و خاڵۆی کۆماسی و خانای قوبادی و مەلا پەرێشان... وەك داب و نەریتی ئەدەبی رەسەن و خاوێن بە دوور لە خسڵەتەکانی ئەدەبی بیانی (فارسی و عەرەبی) پارێزراوە. ئەمە وابزانم خاڵێکی زۆر بە قووەت و قەڵەو بیێ بۆ شێعری کوردی کە بە دوور لە قۆستنەوەی عەرووز و قافیەو قاوغی عەرەبیە. حزووری ئەم دەقە، نە تەنیا رادەی هونەری و جوانی ناسی هێرمنوتیکیدا بە ئەدەبیەکەمان دەبەینە سەرەوەو بەڵکوو دەبیێ بە دەسپێکی مێژووی تۆمارکراوی دەقی نقیساری کورد. بۆیە نابیێ قەت نکوولی لیێ بکەین. ئەیشکریێ ئەم خاڵە بە شانازی بزانین. چونکای فارسەکان کە مێژووی سەرهەڵدانی شێعریان تەنیا بۆ سیێ سەدە پاش ئیسلام هەڵدگەڕێتەوە. ئەویش هێشتا بە هەندیێ شك و شیمانە و گومانەوە، لە کاتێکدا ئەم دەقە حاشاهەڵنەگرە، ئێمە سیێ سەدە دەخاتە پێش ئەوانەوە. لە شوێنێتردا باس لە خسڵەتەکانی ئەو دەقە ئەکەم.

مامۆستا گۆران کە مافێکی زۆری بە سەر نوێکردنەوەی شێعری رەسەنی کوردیەوە هەیەو لەسەر ئەم حزوورە، لە روخسار و ناوەڕۆکی شێعری کوردیدا

تازەگەری و نۆژەنی نواند. خۆی بە میرات بەری مەولەوی و بێسارانی و بە تێکڕا ئەدەبی گۆران دەزانێ و ئاوا تیشك ئەخاتە سەر ئەم مەسەلە:

«مۆسیقای دەریاکانی عەرووز، بتەوێ و نەتەوێ، جۆرەوشکی جوینەوەو گرمەو ناڵەیەکی ئەۆ تۆی بە دەمەوەیە لە کاتی بیستندا شتێکی نوێ و نەبیستراوت پێ نابەخشێت. مەگەر هەر ئەوانەی پەسەندی بکەن کە خۆیان بەرهەمێکی زۆریان لەسەر ئەو تان و پۆیە چنیوە یان گوێچکەی چێژیان تەواو ئاشنای ئەو ئاوازو کێشانە بووە و وەك شتێك پێی راهاتوون. ئەمرۆ جگە لەوەش کە بە تاقیکردنەوە دەرکەوتووە لەگەڵ پێزی زمانەکەماندا ناگونجێت و ئەوەی زۆر لە بەرشانی زمانەکەمان خۆشە کێشی خۆماڵی فۆلکلۆریە... بەڵگەش بۆ ئەم راستە تێکرا هەموو شێعرەکانی مەولەوی و بەرهەمی ئەو شاعێرانەیە کە بە لەهجەی هەورامی و لە سەرکێشی (٥+٥) شێعریان هۆنیوەتەوەوە.

(کاروانی شیعری نوێی کوردی، کاکەی فەللاح، ل. ٣٥)

لێرەدا بۆ ئەوەی بچمە سەر باسەئەسڵیەکە، دەقەکەی «هورمزگان» لە کتێبی (سبك شناسي يا تاريخ تطور شعر فارسي) لە دوکتۆر محەمەد تەقی بەهار چاپی ١٣٤٧ لاپەڕە ٤٠ دەنووسینەوەوە و بەووردی باس لە خاڵە سەلبیەکانی باسەکەی ئەحمەدی شەریفی کە لە سەر شێعری هورمزگان کردوویەتی ئەکەم:

هورمزگان رمان، ئاتران کوژان
هۆشان شاردەوە گەورە گاوران
زۆرکەر ئەرەب، کەردنا خاپوور
گنانی پاڵە، بشی شارەزوور
ژەن و کەنیکان، وە دیل بشێنا
مێرد ئازا تلێی وەڕووی هوونینا
رەوش زەردەشترە ماننەوە بێ دەس

بزیکا نیکا هورمز وه هیچ کەس

لێرەدا من نامەوێ وتەکانی نێو وتارەکەی کاك ئەحمەد دووپات بکەمەوە. جارێ باس لە سەر مێژووی شێعرەکەو بە دەست چ کەسانێك کەوتووە و چ کەسانی نووسیویانەتەوە... باس ناکەم بەڵام باس لەر خاڵەسەلبییەکانی وتارەکە:

١ ـ کاك ئەحمەد لە بەشێك لەوتارەکەیدا، دەنووسێ: «شێعری هورمزگان هەر وەك دەبینرێ (قافیەی) هەیە و قافیەکەشی زۆر لە شێعرەکانی کتێبی (مزگانی) دوکتور سەعیدخان دەچێ. بەداخەوە ئێستا کتێبی مزگانیم لەدەستدا نیە، هەتا نموونەیەکی پێشکەش بکەم...

لەو وڵامدا ئەڵێین ئەگەر کاك ئەحمەد نموونەی لە بەردەست دا نیە ئەی چلۆن بڕیار ئەدا قافیەکانی ئەم دەقە لە قافیەی شێعری دوکتۆر سەعید دەچی؟! عەقڵیەت ولۆجێکی توێژینەوەی رێ بەم چەشنە لێکۆڵینەوە نادات.

٢ ـ کاك ئەحمەد لە خاڵی پێنجەم وتارەکەیدا دەنووسێ بۆ شێعرەکە قافیەی هەیە و پەنجەیی نییە؟ و چۆن دەبێ قافیەی شێعری عەرەبی هەبی؟

جارێ بۆ کاك ئەحمەد زۆر دوورە کە بڵێ شێعرەکە پەنجەیی نیە؟! ئەوشێعرە پەنجەییەو مامۆستا بەهاریش دانی بەم خاڵە داناو هیچ گومان لەمەدا نییە. هێنانەوەی قافیە بۆ ئەو شێعرە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم شێعرە دوایی و تراوەو بەڵگەش قافیەش بهێنینەوە، بڵێین چوونکە قافیەی هەیە کەوابوو هێجایی نییە.

دەبێ قافیە بۆ شێعری رەسەنی کوردی و بە گشتی زمانە ئێرانییەکان دیاردەیەکی قەرزی نییە کە ئێمە لە عەرەبەکان وەرمان گرتبێ. بەشێکی مووسیقای پاڵەکی شێعرەکە و بەشێکە لە خسڵەتەکانی شێعری پاڵەوی و سەردەمی ساسانیەکان بەم لاوە. نموونەشی لەشێعری پاڵەوی و زمانی دەری و هەر ئەم شێعرە هۆرامییەدا دەبینرێ. دوکتۆر خانلەری لە کتێبی کێشی شێعری فارسیدا لە لاپەڕەی ٢٩ دا لە قەولی «کریستین سین» ەوە دەنووسێ «لە یەکێکی تر لەبەشەکانی (بندهشن) دا کە سەرگوزەشتی تاقی مندالی (کیقباد) ە پێنج دێڕی ٨ هێجاییم دۆزیوەتەوە کە دێڕکانی

سێهەم و چوارەم لەم دەقەدا قافیەدارن».

عزیزالله حاتەمی لە کتێبی (میراث در ایران) لە وتاری ئێربری دا لاپەری ٣٢٩ دەڵێ: «ا.ج.ابری گوتوویەتی دەڵێن بارامی گۆڕ، شای ساسانی شاعیر بووە و قافیە ئەو دایهێناوە».

خاجە نەسیری تووسی لە لاپەڕەی ٦ی کتێبی (معیار الاشعار) دا دەنووسێ: «رەنگە قافیە لە هەندێك لە دێڕەکاندا و هەم بەیتەکاندا رەچاو کرابێ وەك چوارینەکان و ئورامنەکان». کە ئورامنیش چەشنێکە لە شیعری کۆنی پالەوی و بە تایبەت خسلەتی نەغمەی رەسەنی هۆرامی. مامۆستا موعین لە بورهانی قاتێعدا لە ژێروشەی «ئورامن» دا، دەنووسێ: «ئورامن چەشنێ شێعر بووە کە بە زمانی پالەوی کۆن وتراوە». دوور نییە ئورامن هەر بە گشتی شێوازی کێشی پەنجەی هۆرامییەو و بە تایبەتی کە مەبەست شێوەی شێعری گۆرانەو مامۆستا بەهاریش دان بەم خاڵەدا ئەنێ.

دوکتۆر شەفیعی کەدکەنی لە کتێبی مۆسیقی شێعردا لە لاپەڕەی ١١٢ ـ ١١١ لەم بارەوە دەنووسێ: ئەو هەموو وتانەی کە وتیان و وتمان بۆمان دەرئەکەوێ کە قافیە کەم تا زۆر هی ئێرانە و لە شێعری سەردەمی ساسانیەکاندا پەیدا بووە بە وتەکەی مامۆستا بەهار برێك وەك (سروودی خەسرەوانی) قافیەی نەبوە و برێکیش وەك (ئورامن) قافیەدارن.

٣ ـ لە بارەی چەشنی رێنووسی دەقەکە مامۆستا بەهار لە لاپەڕەی ٣٩ی کتێبی سبك شناسی شێعردا دەنووسێ: دەڵێن ئەم شێعرە بەخەتی پالەوی بووە بەسەر پێستی ئاسکیش نووسراوە و نێرراوە بۆ رۆژنامەی (شرق نزدیك) و لەوێدا بلاوکراوەتەوەو ئەمنیش دەقەکەم لە دۆکتۆر سەعید کوردستانی وەگرتووە ئەویش هاوکاری کرد و وەری گێڕاوە سەر زمانی فارسی.

٤ ـ مامۆستا بەهار بە لێهاتوویی زمانەوانییەوە دەقەکەی خوێندۆتەوە، چونکای پرۆفێسۆر و پسپۆڕ و زمانەوان بووە توانیویەتی دژوارییەکان سانا بکات، جگە لەمانەش دەقەکە ئەوەندە دژوار و سەخت نەبووە کەدوو پسپۆڕ نەیانتوانییێ

بیخوێننەوە و کاری لە سەر بکەن.

٥ ـ جیاوازی نێوان دەقەکە لە گۆڤار و کتێبەکاندا بە فارسی و کوردی ئەوە بووە کە هەر کام دوایی وەك ئێمە ناشارەزا بوون و فتوا بریاری قەبەیان داوە بە زەوقی خۆیان دەقەکەیان گۆڕیوە.

٦ ـ لە دەقە ئەسڵیەکەدا وشەی (ژەن Gan) بەکار براوە نەشەن ئەگەر (شەن) یش بێ هەر گۆڕراوی (ژەن) ەو ئێستایش لە هەورامیدا (ژەنی) بە کار دەبرێ و لە ئاویستایشی (ژەنی) یەو نە (غن).

٧ ـ لە تەواو زاراوەکانی کوردی لە روانگەی تەبارناسیەوە وەك یەکن و لە یەك بنەماڵەن.

وشەی گنان یا گنای یا گونای هەمان گوندی کرمانجی و بە هۆرامی ئێستا دەڵێن (دەگا) و لە بنەماڵەی زمانە ئێرانیەکانیشدا هەر (گوند) ە بە مانای شار یان لادێ یان ئاوایی. گوندی شاپوور کە لە عەرەبیدا بوەتە (جندی شاپور).

٨ ـ جگە لە مانەش ئەم دەستەواژەگەلەی خوارەوە کە ئاماژەیان پێدەکەین تەمەنیان لە روالەت و مانادا بۆ ئاوێستا و پالەوی کۆن هەڵدەگەرێنەوە کە ئەمە پیشاندەری رەسەنایەتی و مێژینەمەندی دەقەکەیە و نابێ حاشای لێ بکرێ:

ـ هورموزگان کە بە مانای پەرەستشگەو ئاورگەیە، وشەی هۆرامانیش برێك پێیان وایە هەمان مانایە. ـ بەڵام من پێموایە بە مانای نیشتنگەو تەختوو و فەنڕەوای ئوورە. بە تەسەل لەم کتێبەدا باسی لە سەر کراوە ـ .

ـ ئەتران، لە ریشەی ئاتر هەمان ئازەری پارسی و ئاوری سۆرانی و ئاویری هەورامییە.

ـ کوژان، لە چاوگەی کوشتەی و کوشیایۆ و یانی کوشتن و کوژاندنەوەو خامۆش کردنە.

ـ هۆشان، وێشان و خۆیان کە هەمان هۆیان (خۆیان) لەئەوێستایە.

ـ خاپوور، وێران کردن

ـ گنان کە ئاماژەمان پێکرد

ـ پاڵە، شار، بەرامبەرە لەگەڵ وشەی پەهلەوو پاڵەوانیش هەرلەم وشەوە گیراوە.

ـ بشی، بڕۆی، تابڕۆی لە ریشەی شیای و ڕۆیشتن.

ـ ژەن، کە ئاوڕمان دایەوە.

ـ کەنیکان: کەنی، کناچیٚ کەنیشك، کچ لە پالەویدا: کەنیك و لە ئاوێستاو: کئی نین و کنیا.

ـ بشینا، لە ریشەی شیای و شۆ و چوون و رۆیشتن.

ـ مێرد، (مرت) ی ئاوێستا، مەرد، دلێر، پیاو.

ـ تلێی، تل خواردن و تلاندنەوە.

ـ ژ: لە، وە، ئەزی فارسی

ـ هوونیا: خوێنین لەریشەی هوون ی ئاوێستاکە دەبێتە (ون) ی ئێستای هۆرامی یان خوێن و خون و خێن و...

مەریوان، مێهرەبان، مێهرەوان یا ... ؟

- شیکردنەوەیەکی زوانەوانی لە سەر دەستەواژەی مەریوان

زوان جگە لە پاراستنی دیاردەکانی کولتووری (فەرهەنگی) و کۆمەڵایەتی و هونەری و ئەدەبی هەر جەماوەرێك و نەتەوەییێك، رێگای ناساندنی هەوێنە شاراوەکانی ئەو کۆمەڵگا، کە گەردی کات و بێ وەفایی مێژووی ناڵەبار، دیمەنە راستییەکانیدا شاردۆتەوە، دیاری دەکات.

یاسای میتولۆژی (ئوستوورە، ئەفسانە و کۆنینە ناسی) ، لەسەر و سیمای هەر نەتەوەییێکدا جێ پەنجەی مێژوویێکی خاوێن و بە پیت و بەرەکەت بۆ ئەو جەماوەرە دەست نیشان دەکات، بەختەوەرانە وڵاتی کوردەواری هەر کون و قوژبنێکی لە سامانی جوغرافیایی دا، هەر وشەیێك لە یاسای زمانەوانی دا، هەر بەیت و باڵۆرەیێك لە ئوسلووبی فولکلۆردا، هەر شین و شایی یەك لە دوو تۆی دڵی گلێرگەکەیدا و... باس لە مێژینەیێکی پتەو و کۆن و بەرفراوان و رەسەنەندی ئەو گەلە دەکات.

زمانەوانی، وەك زانستێك لەسەر گۆڕان کاری دەنگ و وشە و رستە، دەتوانێ بە شێوەیێکی زانستی و قانوونمەند و لێکۆڵەرانە شان بە شانی بزاڤی مێژوویی، لۆژیکی زوان و شێوازە جۆراوجۆرەکانی واقیعی ژیانی ئەو گەلە پێناسە بکات. لە ئەنجام دا رێگای چارە و گەشە پێدان بۆ مایە نەمرەکانی ئەو سامانە بدۆزێتەوە.

بەداخەوە، ئەو کەند و کۆسپانەی کە لە سەر رێگای زمانی رەسەنی کوردیدا، دروست کراون نەیهێڵاوە بە باشی هەوێنە رەسەنەکانی بدۆزرێتەوە و چقڵی بن باڵایان

بژار بکرێ و سەرەنجام قەوارەی سروشتی و دیمەنی گەش و پرشنگداری خۆی بنوێنێ. ئێمەی وڵاتی کوردەواری، بۆ جێنەمان و گەیشتن بە کارەوانی پێشکەوتنخوازی زانست و پیشەسازی و ئەدەب و زوانی سەردەم، پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی زانستی و زمانەوانی و ئاکادیمیك هەیە. توێژینەوەی نا زانستی ناتوانێ، بەرەو ئاسۆی پێشکەوتنخوازیمان رابکێشێ، تەنیا بۆ ململانێ لەگەڵ ئەو هەموو دژواریەدا، تەیار کردنی خۆمان بە چەکی رەخنە و توێژینەوەی زانستییە. بە رای نووسەر، رەخنەگری کورد بۆ مەبەستی دەرخستنی سیمای راستییەکان لە دوو توی مێرگی بژار گرتووی ئاسەواری گەلەکەی، ئەبێ:

١ – بە شێوەی زانستی و زوانەوانی، بنەماڵەی زوانە هیندو ئەوروپایی و هیند و ئێرانییەکان بە تەواو بنچك و رەچەڵەکیەوە بناسێتەوە و توێژینەوەیان لەسەر بکات.

واتە: ئەلف) : شارەزاییەکی تەواوی لە بارەی یاسای فۆنۆلۆژی (زانستی گۆرانکاری وشە و دەنگەکان) یەوە هەبێ، وەکوو:

– جیا بوونەوەی دەنگێك بۆ دەنگێکی تر: پاش شێو، پارشێو

– جێ گۆڕکێی دەنگەکان: روانین: نوارین یا رفین: فڕین

دەنگ گۆڕکێ: ئاسمان، عاسمان

نەرم بوونەوەی دەنگەکان: ئەسپ، ئەسب

تواندنەوە: ئاهێر، ئاوێر، ئاور

کرتاندن: هوون، ون (خوێن) شێوەی هۆرامی

ب): شارەزایی لەسەر مۆرفۆلۆژی (رێزمان) : پێناسە کردنی بابەتە مەوزووعییەکانی رێزمان خستنە پاڵ یەك و چلۆنایەتی تێکەڵ بوون لە سازە جۆراوجۆرەکانی رێزماندا (ترکیبات) نواندنی ناو و کردار و جێ ناو و... لەسەر و سیمای تایبەتمەندیەکانی زوانی ئاڤێستا و بەراوردکردنیان لەگەڵ کەرەسە و ئامرازە جۆراوجۆرەکانی زوانی کوردی سەردەم و پێوەندیان بە زوانە کۆنەکانی ئێران و دراوسێدا.

٢ – شارەزایی لەسەر زانستی میتۆلۆژی (ئەفسانە شناسی) و ئاوڕدانەوە لە سەر و سیمای مێژووی فەرهەنگی ئەدەبی گەلی کورد. واتە: دەرخستنی رواڵەتی ئەو

پاڵەوانانەی کە بە هۆی دژایەتی کەسایەتییەکان، سیمای واقیعییان ون بووە و تواندراوەتەوە.

مەریوان و دەڤەری هۆرامان لە کوردستاندا، مێژینەیێکی درێژخایەنیان بە خۆیەوە دیوە. لە ناو وڵاتی کوردەواریدا ئەم دووانە، وەك چرایەکی رووناك لە نێو تاریکی و شەوە زەنگی داسەپاوی مێژووی کورددا دیارن و نەناسراو نین. لە سەر هورامان پێشتر تا رادەیێك رواڵەتی باری زوانی/مێژوویيمان دەرخست. بە پێی ئەوە کە ئەم دوو ناوچە نزیکی یەکن و هەندێ کاردانەوەی مێژووییان بە سەر یەکدا هەبووە، باسێك مێژوویی زوانەوانی لە بارەی مەریوانەوە دەورووژێنین، رەنگە بە شێوەی گشتی باسیان لە سەر کرابێ، بەڵام نە بە شێوەیێکی زانستی و زوانەوانی.

بۆ وەگەڕ خستنی ئەم مەبەستە روو دەکەینە یەکێك لەو وتارە پڕ بایەخانە کە لە رووی زوانەوانییەوە خۆی بە قەرەی مەریوان داوە، وتارەکەی کاك (خالیدی مەنسووری)یە بە ناو و نیشانی: مەریوان، مێهرەبان، مێهرەوان و... ؟ کە لە گۆڤاری ئاوێنەی ژمارە ١٦ / ل: ٨ و ٩ کە لە ساڵی ١٣٧٣دا بە چاپ گەیشتووە. بەش بە حاڵی خۆم کەڵکم لەو وتارە وەرگرتووە. نووسینی ئەم چەند دێرە بە مانای رەت کردنەوەی بیر و بۆچوونەکانی کاك خالید نیە، تەنیا مەبەست دەرخستنی تێبینییەك لەسەر ئەو وتارەیە و ئەمە رای منە نە بڕیار.

تێبینی هەوەڵ:

هەر وەها کە لە مەڕ ئوستوورە ناسییەوە (میتۆلۆژی) دەرم خست: ئەفسانەی زرێباری مەریوان و قەبری دەروێش و چیرۆکی زوڵم و ئەستەمکاری سەرکردەی ئەو شارە نوقم بووە، هەموویان لەسەر بنەمایێکی مێژوویی دروست بوون. بەڵام رواڵەتی رووداوەکان بە هۆی «گووشاندن و تێکەڵ بوون لەگەڵ لق و پۆی رادەبەدەری خەیاڵات و روئیاکانەوە»، گۆڕانکاری یان بەسەردا هاتووە و ناوەرۆکی سەرەکی ون بووە. تەنیا راستییێك خۆی دەنوێنێ: «بێ ئاکامی و بێ بنەڕەتی داگیر کردن ئەستەمکارییە و بەردەوامیی خەڵك».

بەڵام لەم رێگا دژوار و نهێنییەدایە کە ئەرکی لێکۆڵەر و توێژەرەوان، دێتە نێو کایەوە ئەویش بە هۆی دەرخستنی سیمای ناوەرۆکی ئەو کەرەسەو ئامرازە

ئوستوورەییانە کە لە ئاستی سیمبول و نیشانە و راز و رەمزدا خۆیان حەشار داوە، چەسپاندنی حەقانییەتی پایەداری ئەو گەلە بکات و ئاماژە کاتە سەر هۆیەکانی بێ ئاکامی و بێ بنەڕەتی، ئەستەمکاری و داگیرکردن.

کاك خالید، لە وتارەکەیدا ئاوا لە بابەتەکە ئەدوێ:

«مرۆڤ ... کاتێ ناتوانێ بە پرسیارەکانی خۆی وڵام بداتەوە، داوێنی خەیاڵ دەگرێ و لەوێدا وڵامەکانی خۆی وەردەگرێ !»

زرێبار و قەبری دەروێش و داستانی زوڵم و زۆری سەرکردەکەی ... چی و چی ئەمانە هەمووی هیچیان پێ مۆری راستەکی مێژووییان لە پێدا نیە ...! ! ؟ ...

یان: «دوور نیە کە ناوی ڤیلیپووس (یان) بەزۆر داسەپاندبێتە سەر ئەو شارە ...؟»

(ئاوێنەی ژمارە ١٦ ساڵی ١٣٧٣ ل ٨ و ٩)

لە وڵامدا، دەڵێن: خەیاڵ و واقیعەکانی مێژوو (لە هەمان کاتیشدا پێوەندییێکی ئەوتۆیان لە بەدی هێنانی رووداوە ئەفسانەییەکاندا هەیە) دوو واتای جۆراوجۆریان هەیە.

مێژوو و کارکردنی لەسەر مەوزووعی زوانەوانی و سامانە خەیاڵییەکانی «ئوستوورە و ئەفسانە» تەنیا خەیاڵی رووت نیە. بابەتی ئەفسانە و ئوستوورە لە راستی دا کەرەسە و ئامرازێك بۆ وەدەرخستنی رووداوە مێژووییەکان دەژمێرێن، کە لە گەڵ زێدەرۆیی و چڕی و خەسێتی و گەورەکردنی رووداوەکەدا، تێکاڵاون و سیمایان بە هۆی دژبەری عەقڵیەتی ئێمە لەگەڵ ئاوەزی ئەو مرۆڤانەی کە ئەم ئەفسانەیان پێکهێناوە، تەماوی و ناواقیعی ماوەتەوە و بۆ سەردەمی ئێمە باوەڕپێکراو نایەنە هەڵێنجاندن. بەڵام دەبێ بینە بەهانەیێکی مەوزووعی - نیوە مێژوویی بۆ دەرخستنی تارادەیەك بەستێنی راستییەکانی ئەو سەردەمە کە ئەفسانەکە خولقاوە. مەڵبەندی خەیاڵەکەی کاك خالید «زرێبار و قەبری دەرویش و شاری نوقم بوو و پیرۆکی ئەستەمکاری سەرکردەکەی کە گوایێ: هیچیان پێ مۆری راستەکی مێژووییان لە پێدا نیە ! ! ؟ لە لاییێکی ترەوە: «راستەکییەکەی لێ وەردەگرێ ! ! ؟» ئەگەر پێ‌مۆری راستەکییان لە پێدا نیە ئەبێ بۆ وڵامی راستەکی لێ وەردەگرێ ؟

بـەڵێ، ئەفـسانەی شـاری نـوقم بـووی زرێـار و قـەبری دەروێـش و کێـوی فەیلەقووس، هەر وەها کە کاك خالیـد ئامـاژەی پێـداوە: «بـاس لـە زوڵـم و زۆر و ئەستەمکارییێك دەکات» کە دەروێش نوێنەری چینی چەوساوە و زوڵم لێکـراوی ئـەو گەلـەیە، بە قەولی کـاك خالیـد: «راکێـشانی مـرۆڤ بـەرەو سـەردەمی ئیلکـساندری مەکدوونی و هیلینییەکان» لەو لایـشەوە، بـە بۆچـوونی ئـەو، ئەمانـە هیـچیان نابنـە پێ‌مۆری راستەکی مێژوو ! ! ؟ لە ئەنجام دا: هـۆی نـاوزەدکردنی فەیلـەقووز (فیلـی پووس) بەسەر ئەم مەڵبەندە یان چیادا (بە داسەپاندن) دەزانێ.

ئێستا بۆ نواندنی پێ‌مۆری راستەکی مێژوو لـە ناوچـەدا و ئیـسپاتی مێژینەمەنـدی «فەیلە قووز» و (نە داسەپاندنی) چاوێك دەخـشێنین بـە کتێبەکـەی دوکتـۆر جـەماڵ رەشید – لێکۆڵینەوەیێکی زمانـەوانی دەربـاری مێـژووی وڵـاتی کـوردەواری – دا و ئاماژە ئەکەینە سەر بەڵگە مێژووییەکان، لـە بارەی ئەم مەڵبەندەوە.

نووسەر لـە لاپەڕەی ٤٠١ و ٤٠٢ ئاوا ئاوڕ دەداتەوە:

«لـە سـاڵی ٣٢٦ (پ. ز) ئەسـکەندەر کـوڕی فیلیپـی مەکـدوونی چـاوی لـە رۆژهەڵات بڕیبوو. لـە ناوچە کوردنشینەکان بە شێوەیێکی یەکسەر زۆربـەی ناوچـەی کوردەواری بەند بوون بەم هێزانـەوە، بـە تایبـەت هێـزی سـلووکیان. بـەڵام یەکـەم جەنگی فراوان ساڵی (٦٥ پ. ز) لە ناوچەی کوردونین (هـەولێر) لـە بـەینی هێـزی (رۆم و پارس) دا دەستی پێکرد. تا وای لێهات، لە سەر دەمی ئوردی دووهەم (٥٧ – ٣٧ پ. ز) لەشـکەری رومـانی لـە ژێـر سـەرکردەی (ئیڤیـستا کراسـا) گەیـشتە (میزوپۆتامیا) و ناوچەییکی زۆری وڵاتی کوردەواری داگیر کرد ...

جێ پێی ئەسکەندەر لە مەریواندا، بڕێك ناوی ئاوایی و خودی شاری (مەریوانـە) ئەو ناوانە، لە ئاستی فۆنۆلۆژی و دەنگ ناسـیدا لەسـەر بنـەمای (یۆنـانی و هیلـینی) بونیات نراون (سەڵەسی، مەسۆ، کێلۆ، وڵەسمت و نژمار ئاواییـەکانی دەور و بـەری مەریوان) کۆتایی ئەو ناوانە، وەکوو کۆتـایی نـاوی شـارەکانی (لۆلـۆیی و ئاراسـی و یۆنانی) لـەیەك یاسا و قانوون پێڕەوی دەکەن ... وشەی «پێنجـوێن Peng – ion یـانێ پێنج یۆنانی Penzلە ئاسەواری یۆنانیدا بە مانای نزیك بە هەزار سـاڵ پـێش سـەردەمی سلووکی گوتراوە ...» .

پوختەی ئەم لایەنە ئاوا دەبڕمەوە:

ئەفسانەی زرێبار و قەبری دەروێش و داستانی زوڵم و زۆری سەر کردەکەی، پێمۆڕێکی راستەکی و واقیعییە، نە داتاشین و نە داسەپاندن ! ؟ بەڵام دیمەنی رووداوەکان، بە هۆی تێپەڕبوونی زەمان و تێکەڵ بوون و گوشاندنەوە، (ئمادینە) و هێمائامێز کراون و شاردراونەتەوە.

تێبینی دووهەم:

لە روانگەی کاك خالیدەوە، مەریوان وشەیێکی کۆکراوەیە:

میسراوان – میتراوان – مێهرەوان – مێهرەبان ... مەریوان

کە واتای قامووسی وشەکە دەبێتە: شاری میسرا، شاری میهر، میراوا، میهراوان، خۆلاسە شارێك کە (میسرا – میترا و مێهر و) پەرەست بوون.

پاشگری (وان) بە (ئاباد و ئاوا) دەسەلمێنێ: بە مانای شارۆچکە و ئاوەدانی، تەنیا بەڵگەکەیشی کتێبی (کاروەندی کێسرەوی) یە (بڕوانن لاپەڕەی ۲۹۷ ی ئەو کتێبە) بۆ نرخاندن و سەلماندنی بۆچوونەکەی ئاماژە دەکاتە سەر ئەم بەڵگانە:

ئارشاقاوان، واغارشاوان، میرئاوا، مێهرئاباد و...

گومان لەوەدا نیە کە بە پێی یاسای زوانەوانی: ئەم وشەگەلە، دەنگ گۆڕکێ (ابدال) بەسەریاندا دێ، دەنگی (و، v) کۆنترە پاشان لە فارسی نوێ و سۆرانیدا دەبن بە (ب، b):

ئارشاقاوا ئارشاقاباد

میرئاوا میرئاباد

واران باران

وەرزگران برزگران

هەنگوین هەنگبین، انگبین

فریو فریب

کە وابوو ئەم گۆڕانکاییە زوانەوانییە، ناتوانن ببێتە بەڵگە بۆ بابەتە مەوزووعی – تەحقیقییەکەی کاك خالید، ئەگەر ئەم یاسا لە وشەی مەریواندا رەچاو بکرێ پاشگری وان دەبێتە (بان) کە تەنیا یەکێ لە مەدلوولەکانی (وان) یان (بان) یان یەکێ لە

پەیلواکانی (مەریوان) دەگرێتەوە.

دوای پشکنینی فەرهەنگەکان و کتێبەکان لەبارەی مەدلوولی پاشگری (وان) بەم ئاکامە گەیشتم:

١ – (وان) بەواتای نگابان و پارێزەرە

گەلەوان گەلەبان

دەروان دەربان

پاسەوان پاسبان

دەشتەوان دشتبان

پشتیوان پشتیبان

٢ – (وان) ناوی شارێکە لە وڵاتی شروان و تورکیە و فەلاتی ئەرمەنستان و لە رۆژهەڵاتی گۆمی (وان) .

٣ – سیروان: سیر + وان. سیر (پڕ رەنگ، سەوزی پڕ رەنگ، سیری) + وان (ئاو یان سفەتی ئاو) ، سیروان = ئاوی پڕ رەنگ.

٤ – وشەی «وان» لە زوانی یافسیدا بە واتای (ئاو) یان (گۆمە) کە ئەمە نزیکمان دەکاتەوە بە پاشکۆی (وان) کە گۆمی (وان) ە و هەر وەها ناوی دوو گۆمی تر بە ناوی (سەڤان Sevan و توپراڤان Toporavan)

٥ – لە فەرهەنگی «دهخدا» ، نووسراوە: وان: یانێ سەرچاوەی ئاو، کانی ئاو، جێگای ئاو. بۆ بەڵگە ئێستا لە (ئازەربایجان) دا جێگایێکی ناسراو بە ناو (شش وان) هەیە کە بە واتای (شەش کانیاوە) یان شەش رووباری بەیەك گەیشتوو لە یەك گۆم دا. کە ئیستا ناسراوە بە (شیشوان) . لە شاری (نشوی) کە ئێستا بە (نخجوان) ناسراوە، گۆمێك هەبووە کە (ئاسکەکان، نێچیرەکان = پەزە کێوی) دەهاتن بۆ ئەو گۆمە بۆ ئاو خواردنەوە. راوچییەکان کە بە پارسی دەوترێ (نخجیروان) دەهاتن، حەیوانەکانیان راو دەکرد. کە دوایی ئەم شوێنە بە (نخجوان = قرتاندنی دەنگی «ر») ناوی دەرکرد، کە واتە (نەخجەوان) شوێنی ئاوخواردنەوەی پەزەکێوی. (بڕوانە فەرهەنگی دهخدا ژێر وشەی وان)

٦ – (وان) بە واتای سفەتی (ئاوی) یان (شین) کە واتایێکی تایبەتیە بۆ گۆمی

ورمێ. لەسەر دەمی یۆنانییەکاندا، بووەتە پاشکۆی گۆمی (سەوان Sevan) . نووسەر (مار) ئەم پێوەندییە بە گەلانی کۆچەرەوە دەزانێ کە بنچکی ناوی نەتەوەکەیان لە ریشەی (مان) جیا بۆتەوە.

٧ – کاك حەکیم مەلا سالّح: مەریوان لە مەریونە (Merion) دەزانێ. مەریونە لای یۆنانییەکان کوڕی (مولۆس) خەڵکی (کرت) ە کە لە شەڕی (تەروا) دا، دۆستی (ئیدومنە) بووە و سەرکردایەتی هێزی (کرت) ی لە ئەستۆ گرتووە،، یەکێکیش بووە لەوانەی کە خوازیاری (هێلێن) بووە.

(ئاوێنە ژمارە ١٩ ساڵی ٧٤)

٨ – دهخدا دەنووسێ: مەریوان، لە (مارین ەوە وەرگیراوە یانی جێگاییێك کە ماری زۆری بێ. (لغت نامە) – وا دیارە بۆچوونەکەی مامۆستا دهخدا لە مەبەستەکە زۆر دوورە.

ئەنجامی ئەم لایەنە مەبەست و پێداگری و ئاماژە کردنی ئەو بەڵگەنە ئەوە بوو کە بڵێین: ئەگەرچی شوێنگەی ئایینی (مێهر و میسرا و میترا) لە مەریوان و هۆرامان رەت ناکرێتەوە، بەڵام لانیکەم (مێهر و میسر) لە دەستەواژەی مەریواندا بە پەیلوای من بە پێی ئەو بەڵگە مێژوویانە کە پەیوەستن بە مەریوانەوە و بێ لێکدانەوەی باری زوانەوانی جێگای نابێتەوە. (وان) یش لە قامووسی پێکهاتەی وشەی مەریواندا هیچ پێوەندییێکی بە (ئاباد و ئاوا) ەوە نیە.

بە پەیلوای من (وان) بە واتای (ئاو) ، (گۆم) یان (سفەتییێك بۆ ئاو) کە گۆمی زرێبار لە ناو دڵی دەشتی مەریواندا باشتر لە سەر ئەو پێداگرییەو نرخاندنی بەڵگەکان سوورترمان دەکات. بەشی هەوەڵی (مەریوان) یش: (مەڕ، مار، ماد) ە کە ئاڵوگۆڕی زوانەوانی بە سەریدا هاتووە. کە واتە: مەریوان (مەر، مار، ماد+ وان) یانێ شوێنی سەرسەوز و ئاوخێزی مادەکان. زرێبار (زرێ، زەریا، دەریا، گۆم، گۆل+ پاشگری بار، شوێن، رۆخ و...) باشترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە.

مێژوو، کورد،
نزامی گەنجەیی
(؟ یا ٦١٤ –٦١٣ / ٥٣٥ ك م)

دەسپێك:

پلات فۆرمی ئەم وتارە، یادداشتەکانی ئەو دەمانەیە کە خوێندکاری خولی ماستەری ئەدەبیاتی فارسی بووم و نیزامی گەنجەویم دەخوێند. ئەو کاتانە بەخوێندنەوەی دەقەکانی نزامی هەستم بەوەی دەکرد کە رۆحێکی کوردانە لە فۆرماسیۆنی هۆنراوەکانیدا هەڵدەقوڵێ. لەم دانوساندنەدا، جاروبار تووشی هەندێ واژە و دەستەواژە و لێکدراوەی کوردی دەهاتم و لە پەراوێزی کتێبەکەدا دەمنووسینەوە. ئەم توخمە کوردییانە وایان لێکردم زۆرتر لەسەر دۆزەکە دراسە و راژەی ئەدەبی بکەم و بە پێودانگی لۆژیکی شیکاری بەکگراوندی راستەکی جەوهەرەزمانیەکە و پرەنسیپەکانی کوردبوونی ئەم شاعێرە فارسی بێژە پەرەناو و هەڵاوێرد بکەم. لەو بارەوە هەندێ سەرچاوەم پشکنی کە لەسەر هزری هونەری و ژیانی ئەم شاعێرە، شیکاری و لێکۆڵینەوەیان کردبوو. بە وردی ئەمخوێندنەوە و بۆچوونەکانم یادداشت دەکرد. بە خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانە کە برێکیان بوچوونی جیاوازیان هەبوو بۆ (ئەکدەش) ی بوونی نزامی ـ واتە دوو رەگە بوونی کورد و تورك ـ هەرکام بۆچوونێکی تایبەتیان هەبوو. (دوکتۆر زەرین کوب) لە «پیر گنجە

در جستجوي ناكجا آباد» و دوكتور بێهرۆزی سەروەتیان لە «آيينه غيب نظامي گنجه يي» دا، پێداگری لەسەر كاردانەوەی رۆحی زوانی دایكی (رەییسەی كورد) لەسەر دەقەكانی ئەو پێنج دەفتەرە شیعریە (خەمسەی نیزامی) دەكەن بە تایبەت لە تێكستی «لەیلی و مەجنوون» دا. تەنانەت پێیان وایە، لەوا كە نزامی بە شانازییەوە ناو لەدایكی و بنەماڵەكەی و خاڵە عومەر وەك دەسەڵاتدارێكی توكمە و ئەشرافی و سەرناس دەبات و لە لەیلیێ و مەجنووندا شینیان بۆ دەگێڕێ، بەڵام هەر بەو ریتم و هەست و سۆزەوە لە باوكی و بنەماڵەكەی ناو نابات، تەنیا بە رواڵەت باسیان دەكات و زوویش دەیانخاتە بۆتەی فەرامۆشییەوە.

بەڵام كەسێكی وەك «ر. آزاده «لە كتێبي» شرح زندگي و هنر نظامي گنجوي، انتشارات آكادمي علوم باكو، ١٩٧٩. م» دا دەمارگیرانە، پێداگری لەسەر «رۆحی تركانە» ی نیزامی دەكات كە گوایێ ئەمە شای ئەخستان بووە كە نیزامی هانداوە، كە بە زمانی پارسی شیعر بلێت و بۆ چەسپاندنی وتەكەی پەنا دەباتە ئەم دێرە شیعریە:

ترکي صفت وفاي ما نيست
ترکانه سخن سزاي ما نيست• (١) (ليلي و مجنون، ٣٥/٥).

لە راڤەی ئەم دێڕەدا، دوكتۆر سەروەتیان، پێیوایە كە «تركانە سخن» رۆحی تركانە «نیە بەڵكوو یانیێ» واچەی (سخن) ی تركانەیە. «لێكدانەوەی واتایی دێرەكە، ئاوایە: «ئەخستان شا داوای داهێنانی چیرۆكی لیلی و مەجنوون لە نزامی دەكا و نزامی بە دڕدونگییەوە چارەنووسی فێردەوسی دەخاتە بەرچاو بە نموونە دەیهێنێتەوە كە گوایێ پاش هۆنینەوەی شانامە و پاشگەزبوونەوە لە خەڵات بە پێی وەعدە، سوڵتان مەحموود غەدری لێكردوە. ئەویش دەترسیێ ئاوا غەدرێكی لێبكرێ. شا لە وڵامدا

دەڵێ: بزانە، وەفای ئێمە وەك سفەتی ترکی نیە - ئێمە وەك مەحموودی غەزنەوی بێ وەفا نین و تۆیش - نزامی - وەك فیردەوسی نیت کە لە مافی خۆی بێ بەش بوو، بێ بەش بیت. ئێمە (سخن ترکانە) واتە وتەی پاڵەوانی و رەزمیمان ناوێ، بەڵکوو داوای هۆنراوەی بەزمی و لیریکا Love lyric ی لەیلێ و مەجنوون - دەکەین». (٢)

بۆیەکانێ نووسەری ئەم وتارە لەم پارادۆکسە و دژەبۆچوونانە، کەڵك وەردەگرێ و سوور دەبێ لە سەر پێداگری کوردبوونی نزامی و رەنگدانەوەی رۆحی زمانی دایکی لەم ئەدەبە دەستەبژێر و شاکارە جیهانیەدا. هەرچەند نیزامی ئەو پێنج دەفتەرەی بە زمانی فارسی نووسیوە، بە راڤەکاری و شیکاری ئەو بەرهەمانە، وێرای باری ئەدەبی دۆزەکە، هەندێ لایەنی مێژوویی گەلی کورد و دەسەڵاتداریێی ئەم نەتەوە روون دەکرێتەوە. دەلوێ شارەزایانی مێژوو، لەم سووژە کەڵك وەربگرن و بەرگێکی تری زێڕین بە مێژووی نەتەوەیی گەلەکەمان موتوربە بکرێ.

بە پێی ئەو سەرچاوە مێژوویی و ئەدەبیانە کە لەم بارەوە نووسراون و رۆچوون بە ناواخنی دەقەکانی نزامیدا (بە تایبەت لەیلێ و مەجنوون) تا رادیەك توانیومانە ئەو رۆحە نەسرەوتە کوردانەی نزامی و بنەماڵەکەی و بەرگێك لە مێژووی کورد لەو سەردەمەدا کە تۆزێ بێوەفایی رۆژگار، شەمزاندبووی، نیشان بدەین.

دیمۆگرافی شاری گەنجە

(نێوان سەدەکانی ٣ تا ٦ی کۆچی مانگی)

شاری «گەنجە» کە زێدی شاعیر بووە، دەکەوێتە ئەوپەڕی رووباری ئەرەس لە ویلایەتی «ئەران» . ئەران دەڤەرێکی رازاوە و سەرسەوز و پڕ داهات کە پانتایی نێوان ئەرەس تا رووباری «کور» دەگرێتە خۆی. هەر لە مێژە ئەم ناوچە دەبێتە دونگەی تۆبەکاران و خوادۆزان و جیهادگەرانی توندڕۆ و دەمارگیری موسوڵمان. بۆ ئەوەی گەنجە لە سەر سنووری بەشێك لە دنیای ئیسلام و دنیای خاچ پەرەستیدا واقیع دەبێ، لە هەر ئاقارێکی ئیسلامییەوە، لە کورد و تورك و عەرەب و... لەم دەڤەرەدا بۆ

پاراستنی قەڵەمڕەوی ئیسلام و بەشداری لە جیهادی ئیسلامی، گلێر دەبنەوە. لەم سەروبەندەدا کە ویلایەتی فەلەستین و شام و میسر کەوتبوونە ژێر تازیانەی شاڵاوی دنیای خاچپەرەستییەوە، لە ئەراندا بە چۆڵەختێی دەوڵەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵات ـ بیزانس ـ مەسیحییەکانی رووس و گورجی و ئەرمەن پەیتا پەیتا لە ژێر تەنگە تاو و پاڵەپەستۆکی و رووکردی دەمارگیرانەی ئایینیدا، پەلاماری (گەنجە و شمکوور و بەیلەقان و بردەع و تفلیس) دەدرا و وێڕای کوشتن و بڕینی دانیشتوان، ماڵ و سامانیان تاڵان دەکرا. لە ئاوەها کەش و هەوا و ئەتموسفێرێکی کۆمەڵایەتی و دینی و فەزایەکی ئاڵۆسکاودا، سەرقاڵبوون بە وتنەوەی چیرۆکی کۆن و عاشقانە و غەنایی کە بە چیرۆکی گاوران و ئاورپەرستان و لادینان ناو دەبرا دۆزێکی دژبەر و هەڵویستێکی ناتەبا و رووکردێکی پەسەندنەکراو و ناساز دەدرایە قەڵەم. بەڵام نزامی بە پێچەوانەی ئاوەها فەزایەك، دەستی دایە نەریتشکێنی و شتی جیاواز وتنەوە، کە بتوانێ زاڵ بێ بە سەر ئەم دابە کۆن و رزیوەدا. سروشتی بوو کە لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و لەرزۆك و پۆپۆلیستی ئەو مەودا زەمەنیەدا، شاعیر بەلایەنگری وتنەوەی ئەفسانەی (زەند و زەردەشت و پەریان و نەریتی کۆنی موغان و تەنانەت نائەخلاقی و دزێو) ... تۆمەتبار بکرێ. بەڵام هەرکات کە شێعرەکانی بۆ جەماوەر دەخوێندەوە، وەك شێعرەکانی «سۆفۆکلس» کە لە دادگای ئاتندا لە سەر نەیاران و دژبەران و رەخنەگران، کاردانەوەی باشی هەبوو و تەسدیقی هونەرەکەیان دەکرد، ئەوانیش سەری کوڕنش و هەستی ئەرێنییان بۆ هونەرەکەی نزامی دا دەنەواند.

«کورد، دەیلەم، تورك و عەرەب لە چوار قوڕنەوە بۆ بەشداری بە قەولی خۆیان «جیهاد» خنرابوونە ئەم شارەوە. هەموو جۆرێ ئاکار و سەلیقە و داب و نەریتی تەنانەت دزێو و سەرسوڕهێنەریان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، هەندێکیان هەڵگری رق وکینەی دێرین لە هەمبەر یەکتر بوون. ڕێژەی کوردەکان لە چاو نەتەوەکانی دی، دەرکەوتی پتر بوو، تەنانەت لە دەسەڵاتی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا رۆڵی

بەرچاویان هەبوو. لە سیاسەتوانی و ولایەتداریدا، هەموویان بۆ کورد پیازیان پاك دەکرد و لە ژێر سێبەری ئەواندا بوون. ئەران یانێ جێگای ئارياييەکان و کەسانێك زمانیان ئاريايي بوو، یانێ زۆرتر مەبەست کوردەکان و زمانی کۆنی ئازەری بوو - نە ترکی - کە خۆی لە حەوزەی زمانەوانیدا باسێکی تری جیاوازە». (٣)

مێژووی دەسەڵاتداریێتی کورد لە ئازەربایجان و ئەرمەنستان و ئەبخاز و...

نزامی لە (هفت پیکر و شرفنامە) دا وێڕای تۆمارکردنی دۆخی کۆمەڵایەتی و جوغرافیایی ئاماژەی بە هەندێ چەمکی مێژوویی بە تایبەت مێژووی ئەسکەندەر کردوە. بە بۆچوونی ئەو لەو کاتەدا، ولایەتی (ئەبخاز و گەنجە و ئالان و ارگ و دەربەند) و... هەموویان سەر بە وڵاتی ئێران بوون. نزامی دەڵێ: لە ویلایەتی ئەبخازدا، کوردێکی بە ڕەچەڵەك مادی بە ناو (دەوال) ی، دەسەڵاتدار بووە و هەموو ئەرمەنستانیش لە ژێر سۆڵتەی ئەم سەرۆکەدا بووە و زۆریش ئازا و بوێر و هەڵکەوتە و ڕۆسەم ئاسا، بووە:

در ابخاز کُردیست مادي نژاد
که از رزم رستم نیارد بە یاد
(دوالي) بە نام آن سوار دلیر
برآرد دوال از تن تندشیر
دلیران ارمن هواخواه او
کمر بستە بررسم و بر راه او... (شرفنامە، ٣٥/٧٠)

لە شەڕێکدا کە ئەسکەندەر لە گەڵ ڕووسەکاندا دەیکا، کوردەکانی ئەبخاز و ئەرمەنستان بە سەرکردەیی و فەرماندارێتی و قارەمانێتی دەوالی باڵی دەسە ڕاسی لەشکری ئەسکەندەر دەبن. ئەگەریش ئەو کارەساتە لە زەمان ئەسکەندەردا ڕاست

نەبووبێ بەڵام لە زەمان خودی شاعێردا ڕەنگە ئەفسانەی ڕووت نەبێ و بەڵکوو کاکڵێکی مێژوویی بێ بۆ باس و ڕاڤەی باشتر کە دەکرێ بە وردی چاوی لێبکرێ. لەبارەی ئازایەتی و لێبڕاوی دەوالی و کوردە بەشداربووەکان لەم شەڕەدا کە هێزی نەیار دەهێننە تەنگەتاو، ئاوا دەدوێ:

ز پولادشان الماس تیغ
به خورشید روشن درآورد میغ
جداگانه از مرکب هر گروه
حصاري برآورد مانند کوه
دوالي و کُردان ایران زمین
سوي میمنه گرم کردند کین ... (ش. ن ١٨/٥٣)

به وتەی نیزامی هەر لەم شەڕە دەسبەیەخە و تاك بەتاکەدا، کوردەکان لەگەڵ پێکهاتەی سپای شاڵاوگەری ڕووس، قەراخانی، فەغفووری، خەزرانیەکان و... بەشەڕ هەڵدێن و لە ئاکامدا دوژمنان تێکدەشکێن و زۆربەیان دەکوژرێن و تووناوتوون دەکرێن:

دگر ره یکي روسي گربه چشم
چوشیران به ابرو درآورده خشم
سلاح آزمایي درآموخته
بسي درع را پرده بردوخته...
به یك ضربتش جان زتن برکشید
به جل برقعش برقع اندرکشید
دگر روسیي بست برکین کمر
همان رفت با او که با آن دگر ... (٤)

«لە ساڵەکانی ٣٣٣ ی کۆچی مانگیدا، بردەع کە ناوەندی کۆنی ویلایەتی ئەران بوو لە لایەن دزە دەریایی و شاڵاوگەرەکانی ڕووسەوە کاول کرابوو و پێشتر لە ساڵی ٢٤٠ کۆچی شاری گەنجەیش لە نێوان ڕێگای بردەع ـ تفلیسدا بونیات نرابوویەوە. پاش ساڵانێك لە هەموو بوارێکدا، ڕێژەی گەشکە و ڕسکان و پەرەسەندنی بە خۆیەوە دیبوو. ماوەی ٢٥٥ ساڵ (٣٤٠ تا ٥٩٥ ك) ناوەندی دەسەڵاتداریێتی کورد ـ

ڕەوادییەکان و ئەحمەد یەلیەکان و شەدادییەکان ـ دا بووە. لەم ماوەدا کە کوردەکان دەسەڵاتیان بەسەر گەنجەدا بوو، لە زۆر لایەنەوە گەشکەی کردوە و حەشامەتی لە ڕێژەیەکی زۆردا بووە، تەنانەت بوبووە ناوەندێکی سەرسنووری بازەرگانی ...» . (٥)

مێژوو پێمان دەڵێ کە ماوەی دوو سەدە و نیو لە دەسەڵاتدارێتی کورد لە ئازەربایجانی ئێران و شۆرەوی پێشوودا تەنیا بە گەنجە قەتیس نەمابوویەوە، بەڵکوو سانەکوردەکان جگە لە گەنجە دەسەڵاتیان بە مل ئەرمەنستان و ئەبخاز و هەردەوێڵ (اردبیل) و مەراغەدا و ... دەشکایەوە، لەم مەودا زەمەنیەدا دەسەڵاتێکی ئەوتۆی سیاسی و کەلتووریان هەبووە.

ڕەوادیەکان بە ڕەچەڵەك کورد بوون کە لە ناوینی سەدەی چوارەمدا «ئانی» ناوەندی ئەرمەنستانیان بەدەستەوە بووە و تەنانەت ئەم وڵاتەیان – واتە گەنجە – لکاندبووە سەر قەڵەمڕەوی ناوەندی خۆیانەوە. ئەم کوردانە بە پێی هەستیاری و هەڵوێستی خاڵی هاوبەندی ئایینی و دیانەتیەوە لە گەڵ سەلجوقیە تورکەکاندا هاریکاریان کردووە و دژ بە خاچ پەرەستەرۆمییەکان خەباتیا نواندوە. ناوی هەندێکیش لەم سانە کوردانە ئەمانەن:

محەممەد کوڕی شەداد (٣٤٠ ـ ٣٤٤ ك) ـ لەشکری کوڕی محەممەد (٣٦٠ ـ ٣٦٨ ك) ـ فەزلوون کوڕی محەممەد (٣٦٨ ـ ٣٧٥ ك) ـ مووسا کوڕی فەزلوون (٤٢٣ ـ ٤٢٧ك) و...

جگە لەمانە: مەنوچێهر کوڕی ئەبولسوار و کوڕەکانی فەزلوون و مەحموودی خۆشچێهر و کۆڕەکانی مەحمود کە تا ساڵەکانی ٥٩٥ ی کۆچی لە ئەرمەنستان بە ناو حکوومەتی شەدادیەوە، دەسەڵاتی سیاسیان هەبووە». (٦)

جگە لە دەسەڵاتدارێتی کوردەکان لە (گەنجە و ئەران و ئەرمەنستان و بردەع) و... دا لە ئازەربایجانی ئێرانی ئەمڕۆدا، بە تایبەت لە مەراغە، حکوومەتیان کردووە. ئەم سانە کوردانە بە «ئەحمەدیەلیان» ناسراو بون:

«ئەحمەدیەلیان بە رەچەڵەك كوردی رەوادین كە سەرلقی ئەم هۆزە» ئەحمەد كوڕی ئیبراهیم كوڕی وەهسوودانی رەوادییە». شاری مەراغە دەسەڵاتی سیاسی و كولتووری ئەم هۆزە بووە كە سەرەتای سالی شەشی كۆچی دەسەڵاتیان بە مل ئازەربایجاندا شكاوەتەوە و تا سەردەمی (طغرل) درێژەی هەبووە.

پاش ئەحمەد یەل كوڕەكەی (ئاقسنقەر) كە لە لایەن سوڵتان مەحموود لە سانەسەلجووقییەكانی عێراق پلەیەكی باڵای هەبووە، حكومەتی كردووە. پاش (ئاقسنقەر) كوڕەكەی (نصر الدین ارسلان آبە خاس بەگ) و پاشان (فلك الدین) و (علاء الدین) كۆرپە ئەرسەلان لەم بنەماڵەدا ناسراو بوون و دەسەڵاتیان هەبووە. كۆرپە ئەرسەلان لە سەردەمی (طغرل) دا دەسەڵاتی ئەوتۆی هەبووە و یەكێكیش بووە لە پێهەڵدان و پیاهەڵچنینەكانی (محمد و ح) نزامی گەنجەیی». (٧)

بۆ زانیاری تەواوتر بڕوانن سەرچاوەی سەرەكی ئەم باسە، تاریخ شهریاران گمنام، ئەحمەدی كێسرەوی. (٨)

نزامی ئەكدەشی

نزامی لە دەڤەری ئەران لە شاری گەنجە لە سالی ٥٣٥ ی كۆچیدا لە لە بنەماڵەیەكی سەرناسی تۆكمە و خاوەندەسەڵاتی كورد لەدایك بووە. ناوی ئەلیاس بووە و بڕێكیش بە ئووەیس ناوی دەبەن بەڵام بێ گومان هەڵەیە، باوكیشی ناوی یۆسف بە رواڵەت ترك زمان و دایكیشی «رەییسەی كورد» بووە كە ئەمە دەگەیەنێ كە نزامی دوورەگە بووە (باوك ترك و دایك كورد) كە خۆی لە خەسرە و و شیریندا بە «ئەكدەش» پێناسە دەكات:

نظامی اكدشی خلوت نشین است
كە نیمی سركە نیمی انگبین است (٩)

(اكدش) یانێ دوورەگە، مرۆڤ یان گیانلەبەرێ كە لە دوو رەچەڵەك پێكهاتبێ.

نزامـی خـۆی دەڵـێ: «نزامـی کـە ئێستا تـەنیا و گۆشەنـشینە، دوو رەگـە و دوو رەچەڵەکە" نیوێکی سرکەیە و نیوێکی تری هەنگوێن».

بە پێی دەروونشیکاری شیعرەکانی، بەوا کە بە راشکاوی ناوی لە تورك نـەهێناوە و تاریف و پیاهەڵدانی بۆ نەکردوون ئەو دیوە سرکەئامێزە، لـەتی بـاوکی بـوە" واتـە لایەنە رەچەڵەکە تورکەکەی. بەڵام بەوا کـە لـە شـیعرەکانیدا بـە شـانازییەوە نـاوی دایکی (رەییسەی کورد) دەبا و بە خاڵە عومەری کە بنەماڵەیـەکی سەرناسـی خـاوەن دەسەڵاتی کورد بوون دەنازێ، ئەو دیوە هەنگوێنە، کەرتی بنەماڵەی پڕ شانازی دایکی بوویێ کە کورد بوون:

گـر مـادر مـن رئـیسەي کُـرد
مـادر صفـتـانـه پـيش مـن مـرد
از لابـه گـري کـه را کـنم يـاد
تـا پـيش مـن آورد بـه فـريـاد
زان بـيشترست کـاس ايـن درد
کـان را بـه هزار دم تـوان خـورد
بـا ايـن غم و رنج بـي کـنـاره
داروي فـرامـشيست چـاره
ساقـي پـي بـارگـيم ريش است
مـي ده کـه ره رحيل پـيش است
آن مـي کـه چـو شور در سر آرد
از پـاي هزار پـر در آرد ... (١٠)

«ئەگەر ئاوا کە دایکم سەرۆکی کورد بوو، دایکانە لە لامدا ماڵاوایی کرد، ئـیتر گریان و هاوار بۆ کـێ بـەرز بکەمـەوە" کـە بـێ بـە هانامـەوە، خەفـەت لـە رادەی خواردنەوە پترە و قووڵایی ئەم کۆستە لە باڵای راستمان بەرزترە، جامی ژارئامێزی ئەم ژانە، تەنانەت بە هەزار هەناسە هەڵناڵووشرێ" کەوابوو ئەی ساقی ئەو شـەرابە پڕکـە کە دەمانباتەوە ئاسمانەکان».

لەم شێعرانەدا خاڵێکی بەرچاو و بەرجەستە دەبینرێ، ئەویش کـە لـە روانگـەی جوانی ناسی و بەرجەستەگی و فۆڕێگراندینگی واژەدا، دالـی (رەییـسەی کـورد) لـە

سەرروای شێعرەکەدا هێمایەکە بۆ دەلالەتی بەرجەستەکردنی رەچەڵەکی دایکی کە خاوەن دەسەڵاتدارێتی ئەوتۆ لەگەنجە و دەڤەرەکەدا بوون. بۆ ئەوەی دواتر دەسکاری شێعرەکەی نەکەن" رەییسەی کوردی سەروا هێناوە بۆ زەقی و راشکاوی و درێدونگ نەبوونی پەیامەکەی.

بەوەی کە بە کورد بوونی خۆی شانازی کردووە و پاش مەرگی خاڵە عومەری کە وەك دایکی نە تەنیا کەسایەتییەکی بەرز و هونەرمەند و خاوەن بەهرە و چێژی هونەری هەبووە، بەڵکوو هاندەر و هەڵخرێنەر و هاریکار و مایەی شانازی و هیوا بووە بۆ ئەو کە بە گورِ و گرێکی سۆزئامێزی تایبەتەوە، دەیلاوێنێتەوە و شینی بۆ دەگێرِی و نەبوونی ئەم کەسایەتییە لە بنامەڵەدا بە کۆستێکی گەورە و ژانێکی جەرگبرِ دەزانێ:

گر خواجه عمر که خال من بود
خالي شدنش وبال من بود
از تلخ گواري نواله ام
درناي گلو شكست ناله ام
نخلي كه به شهر خرمي كرد
آن شهد ز روي همدمي كرد
از شادي همرهان كشد مور
آن را كه ازو فزون بود زور
مي ترسم از اين كبود زنجير
كافغان كنم او شود گلوگير
ساقي ز خُم شرابخانه
پيش آر ميَي چو ناردانه
آن مي كه محيط بخش كشتيست
همشيره ي شيره ي بهشتيست. .. (١١)

«دیاردەی کورد لە دەڤەرەکانی گەنجە و ئەران و تەنانەت ئەرمەنستان و گورجستان، وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، لەو کاتانەدا نیشانەی دەستی باڵای دەسەڵاتدارێتی ئەشرافێتی کورد بووە کە چەشنێك باڵا دەستی توێژی کورد لەو

وڵاتەدا دەژمێردرا. کوردەکان لە بردەع و تفلیسدا خاوەن حەیسییەتی کولتووری توکمەی بەرچاو بوون. لەم ساڵانەدا (٥١٥ ك) کە تفلیس کەوتبووە ژێر سەیتەرەی گورجییەکان، رێژەی حەشیمەتی کوردان بەرچاو بووە، تەنانەت خۆیان لە قەومی (عاد) ەوە دەبەستەوە. لە بردەعدا دەروازەی شار بە ناو کوردەوە ـ باب الاکراد ـ نێودێر کرا بوو. کە تا ساڵەکانی دواییدا، بازاری حەوتوو لەو شوێنەدا ساز دەکرا». (١٢)

باری ئەدەبی دەڤەرەکە

وێڕای ئاڵۆزی و ناتەبایی باری پارادۆکسیکاڵی دەڤەرەکە بە هۆی نیشتەجێ بوونی کەمایەتییە جۆراوجۆرەکان، لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی کوردە شەدادییەکاندا، گەنجە ناوەندێك دەژمێردرا بۆ گەشە و سەرهەڵدانی شێعر و ئەدەبی فارسی. قوتابخانەی شێعری ئازەربایجان (شێوازی ئازەربایجانی) لەم سەر و بەندەدا لە لایەن خاقانی و فەلەکی شیروانی و موجیری بیلەقانی لە ژێر سەنتەرێتی شرواندا، لە فراژوو بوون و رسکاندا بووە. ئەم قوتابخانە لە ژێر کاردانەوەی ئەبولعەلای گەنجەوی هەڵایسابوو و بە دەمەتەقێی شاعێرانەی پوورخەتیی گەنجەوی و مەهەستی گەنجەوی شاعیران و بێژەرانی دەرباری سانی سەنجەر، ئەم شارەی کردبووە لانکەی رسکانی فەرهەنگ و ئەدەب و شێعر کە لە خانەبەندی شێوازناسی شێعری فارسیدا، ناسراوە بە (قوتابخانەی شێعری ئازەربایجان) ...

پاش ئەم سەروبەندە و لەژێر کاردانەوە و سێبەری ئاوا فەزایەکدا، ناوی نزامی گەنجەویش دەکەوێتە سەر زارانەوە. وێڕای هەبوونی ئەو حەشیمەتە شاعێرە، هەر کەسێك و غەریبەیەك دێتە ئەم شارە و بۆ ملك الشعرای شار دەپرسێ قامکی ئاماژە بۆ بنەماڵەی «ئەلیاس کوڕی یۆسف» درێژ دەکرێتەوە. نیزامی بە وتەی مێژوونووسان گوایێ لەم ساڵانەدا کونجی دووره پارێزی بۆ خۆی دیاری کردبوو – لە ئەدەبی فارسیدا ناسراوە بە ئەدەبی سەر ئەژنۆ (زانو) واتە تێڕامان و موراقەبە و سلووکی

رۆحی – بە قەولی زەرین کووب «لەم سەروبەندەدا ئەگەرچی نیزامی تەمەنی هێشتا چل ساڵانە بوو بەڵام قورسی و هەیبەتی پیاوێکی توکمەی بە ساڵاچووی لە گوتار و کرداریدا بەخۆیەوە گرتبوو. لە هونەری ئیستەتیك و ڕێتۆریك (جوانی ناسی و ڕەوانبێژی) شیعریدا، شێوازێکی بەرزی هەبووە کە کەس نەیدەتوانی لاسایی بکاتەوە. بە پێچەوانەی شاعێرانی سەردەم، تەنانەت لە قەسیدەوتنەوەدا کە دیاردەی شێوازی شێعری ئەو سەردەمە بوو، ستایش و پیاهەڵدانی بۆ دەسەڵاتدارانی نەدەکرد». (١٣)

قورسایی زمانی نازگماکی

کورد بوونی دایکی و بنەماڵەی دایکی کە روونکرایەوە و گوترا کە بنەماڵەیەکی سەرناس و خاوەن ژیار و ژیانی ئەو سەردەمە بوون و تەنانەت دەسەڵاتدارێتی ناوچەکەیان بە دەستەوە بووە و ئەم رووکردە کۆمەڵایەتی – مێژووییە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ چەسپاندنی چەشنێکی دەسەڵاتدارێتی ژن سالاری و مەدەنییەتی کورد لەو دەمانەدا کە مافی ئافرەتیان پاراستووە. سێبەری ئەم باڵادەستیەی ڕەییسە لەسەر هۆنراوەکانی نزامیدا دیارە. زمانی شێعرەکانی کە ئەگەرچی بەرواڵەت فارسین بەڵام بە پەیلوا و بۆچوونی نووسەری ئەم دەقە لە دوو روانگەوە لەم تێکستانەدا، کورد بوونی نزامی دەچەسپێ:

یەکەم هەڵوێستی نەستی و ناخۆئاگای کۆیی شاعیرانەی نزامی، هاوتەریب لەگەڵ هێمای ناوەرۆکی و واتایی کوردانە، بە زمانی فارسی. زمانی دایکی نزامی (زمانی توانستی) کوردی بووە بەڵام زوانی فارسی زوانی فەرمی شێعرەکانی بووە، ئەم ناتەباییە لە شێعرەکانیدا دەردەکەوێ کە دیارە زمانێکی قورس و ئیستعاری و ئیستەتیکی و مەدرێسی بەکار هێناوە نە زوانێکی ئاسایی کە دیاردەی گوتاری – شەقامی خەڵکی پێوە دیار بێ. بەڵام ئەم پرسە هێشتا ساغ نەکراوەتەوە کە ئایا نیزامی بە زوانی کوردی هونراوەی داناوە یان نا؟ ئەگەر نەیهۆنیوەتۆ، بۆ؟ لەواش کە کورد خاوەن دەسەڵاتی ناوچەکە بوون ؟ بەڵام ئەگەری وڵامی ئەم کێشە لە بەیتێکدا ئاوا بەیان دەکا:

کـا هن شمشیرم د ر سـنـگ بـو د
کـو ر ه   ي   آ هـنـگـریم تـنـگ بـو د (١٤)

«دەستەواژەی (آ هن د ر سـنـگ) درکە (کنایە) یە، واتە کوتاندنی ئاسن لـە بەرد، رەنگە هەر ئەوە بووبێ کە بـە هەڵوێـستی شـاعیرانە و نـەمادی واتـایی رۆحـی کوردانەوە دژوار و ئاستەنگ بووبێ، بە زمانی فارسی شیعر بڵێتـەوە، کوتانـدنی بـەرد لە ئاسن دروستڕە بۆ پەیامی درکەکە».

«بە پێچەوانەی قەترانی تەبریزی لـە شێعرەکانیدا بـە کێـشەی زوانـی فارسـی بـۆ خۆی کە ترك زوانە ئاماژە دەکات و ئەوە بوو بۆ راستکردنەوەی دارشتنی شـێعرەکانی پەنا دەباتە ناسرخەسرەو.» - بۆ زانیاری پتر بڕوانە سەفەرنامەی ناسرخەسرەو - بەڵام نزامی بە راشکاوی بەم رووکردە ناتەبا و پارادۆکسیکاڵە، ئامـاژەی نـەکردووە و وەك هەر ئازەربایجانییەك کە بە زوانی فارسـی دەری خوێندوێـەتی و لـەگـەڵ رمـووزی ئـەم ئەدەبدا ئاشنا بووە. مەبەست لـە کێشەکە، ناشارەزایی لـە زوانی فارسیدا بـووە ـ نـەك ئەدەبی فارسی ـ لـەم دانووساندنە هونەرییەدا، بـۆ شـکانەوە بـە مـل زوانـی فارسـیدا، ئازاری رۆحـی زۆری کێـشاوە و پێویـستی بـە قـامووس و کتێبخانـە و ئـامێری تـری فێرکاری زوانی فارسی هەبووە.» (١٥)

دووەم: هەندێ دەستەی واژەی کوردی لە (خەمسەدا) بە تایبـەت لــە لـەیلیٚ و مەجنوون و مەخزەندا کە نموونەیان لـە پاشکۆی ئەم وتارەدا پێشکەش دەکرێ.

نزامی تاقانە چیرۆك بێژی لیریکا (غنایی) ی فارسی

پێش لـە نزامی ئەگەرچی چیرۆکبێژی هۆنراوە باوی هەبووە و شاعیرانێك وەکـوو (ئەبولمۆئەیەدی بـەلخی، بـەختیاری، فێردەوسـی، عـەیووقی، عونـسوری و فـەخرەدین ئەسعەد گورگانی) و... لـەم پانتاییەدا خاوەنی ئەزموون و شـێوە و شـێوازی تایبـەتین، بەڵام خاڵێکی هەرە سەرەکی و شاز و بەرچاو کە نزامی لـە هێڵی هونەری و ئەدگار و شێوازی ئەوانیدی جیادەکاتەوە، شکانەوەی دەسەڵاتی ئیـستەتیکی و هۆنـەری بـە مـل چیرۆکبێژیدا بەچەشنی وردبینانە لـە پانتای لیریکا و ژانێرە بەزمییەکانـدا کـە نـە تـەنیا

ئەدگار و شێواز و ئوسلووبی خۆی جیا دەکاتەوە، بەڵکوو دەبێتە سەرچەشنێك بۆ ئەزموونی شیعری چیرۆکبێژی پاش خۆی ئەویش لە حەوزەی ئێرۆسئامێزی لیریکا و غنای عاشقانە (Lovelyric)) کە رەنگە دوای فەخرەدین ئەسعەدی گورگانی لە وەیس و رامیندا، یەکەی شاعیرانێك بێ کە دیاردەی ئێرۆسیەت و دیمەنە هەوەس ئامێزەکانی تەغەزول و ئەوینی دەرەکی لە پانتای رۆمانە شیعردا باو کردوە بەڵام نە بەو خەسییەتەوە کە لە دیمەنە راشکاوەکانی وەیس و رامیندا هاتووە...

لە سەدەی حەوت و سەدەکانی دواییدا، شاعیرانێك وەکوو (خواجووی کرمانی، ئەمیرخەسرەوی دێهلەوی، کاتبی تەرشیزی، جامی، هاتفی، مەکتەبی شیرازی، عورفی و وەحشی بافقی) و... لەسەر رێچکەی هونەری و هێڵی شێوازناسانەی نزامی بەرهەمی لیریك و بەزمی دەخوڵقێنن بەڵام هەر هەموویان لە جەغزی لاساییکردنەوە و ژاواندنەوی ئوسلووبی نزامیدا قەتیس دەمێننەوە. ناشتوانن دەقی جیاوازتر لەم ژانێرە شیعریەدا بئافرێنن. ئەم رووکردە هونەرییە رەنگە تەنیا ئەدگارێك بێ کە نیزامی بە خۆیەوە دەبینێ و سەرمەشق و سەرچەشنێك بن بۆ نەوەی پاش خۆی و تەنانەت ئەدەبی دەستەبژێری بەزمی جیهانی. هەر ئەم خاڵە تایبەتییە بووەتە هۆی ئەوە نیزامی لە پانتایی شێعری لیریکا و بەزمیدا بەشێوەی هۆنراوەی درێژ، لە ئەدەبی جیهانیدا خاوەن پەنجە و جێگا و شوێن بمێنێتەوە و دەقەکانی راڤە و ناسکاری بکرێن و وەربگێڕدرێنەتە سەر زۆربەی زمانەزیندووەکان وەك دەقەکانی خانای قوبادی بۆ کوردی هەورامی. تەنانەت لە لایەن سینماکارانی جیهانییەوە، سناریۆ و فیلمنامەیان لەسەر بنووسرێ و دەراوێك بۆ ئەدەبی فارسی بکاتەوە بە ناو ئەدەبی دراماتیك (نومایشی).

بێ گومان ئەگەر نزامی توانیویەتی بە چەشنێکی زیندوو و بزاوتوو چەمکی عەشق بۆ خوێنەران، ئاوا نیشان بدات ئەم کارە سەرگرتە لە تێکەڵی و ئامێتەیی هارمۆنیای فۆرم و واتایە. تاقە شاعیرێکە کە لەم ئەدگارە هونەرییەدا توانیویەتی سەرکەوتوو بێت. عەشقێك کە نزامی نواندوویەتی ئەگەرچی رووکردێکی گشتییە بۆ هەموان، رەنگە هەرکەس بە چەشنێك چێژی ئەوینی چەشکە کردبێت بەڵام کە بە

دیمەنەعەشقامێزەکانی ئەو (لە لیلیێ و مەجنوون و خەسرەو و شیرین) دا ڕۆدەچین و لێکیان تێرادەمێنین بۆمان دەردەکەوێ کە دەڵێی هەوەڵجارە کە ئاوا دەرکەوتێتی هەستیاری عەشق بەو خاوێنیەوە دەبینین و چەشکەی دەکەین. تەبایی و هارمۆنیای فۆرم و واتا رووکردێکی دەسەڵاتی هونەری نزامییە کە کاردانەوەی جادووانەی خۆی بۆ هەمیشە لە سەر دڵان و مێشکانی ئاخێوەرانی شێعری غەنائیەوە دادەنێ و هەتا هەتایی دەمێنێتەوە. هەر بۆیە لە پانتایی هونینەوەی هونەری چیرۆکبێژی و ڕۆمانە شێعریدا، نزامی گەنجەیی بووەتە داهێنەر و خوڵقێنەری زمانی تایبەتی و چەشنی دەربڕینی تایبەت بە خۆی لە پانتایی غەنا و ئێرۆس و لیریکادا.

نموونەی واژە و دەستەواژەی زوانی دایکی و راڤەکردنیان:

لێرەدا مەبەست بەدەستەوەدانی نموونەیە بۆچەسپاندنی باسەکە نەك ریزکردنی کۆی ئەو واژەو دەستەواژەگەلە کە لە پێنج دەفتەرەکەی نزامیدا هەن، ئەگینا پتر لەم توخمانە حزووریان هەیە.

گلالە کان :

گلالە، هەمان گلارە، گلێنە، گلێرە و بیلبیلەی چاوە، هەندێ لەکوردەکانی ئازەربایجان، گلارەی پێدەڵێن. گلالە بەپێی جێگۆڕکێ فۆنۆلۆژی (ل) بووەتە (ر). (کان) یش ئەمرازی کۆیە کە ئێستایش مۆرفێمێکی ئەکتیوی کوردییە، پاشگرە بۆکۆکردنەوە و واتاسازی ناوی تاك. چاوەکان، کوڕەکان، کچەکان و...

گوهر بە گلالە کان بر افشاند
وز گوهرکان شە سخن راند (١٦)
لیلي و مجنون (بند ٨/بیت٣/صفحە ٦٣)

گەوهەر (خوازەیە بۆفرمێسك) ی لە گلێنەی چاوان دەپژاند. واتە دەستی کرد بە گریان و باسی لە کوڕەکەی شا کرد. گەوهەری دووەمیش مەبەست کوڕەکەی شای ئەخستانە.

گلالە دار: سۆرانی گوڵاڵە، لە هەورامیدا (ل) گۆڕدراوە بە (ر) گۆراڵێ. لە

زمانی فارسیدا ئاوا دەستەواژەیەکمان نیە کە پێکهاتیێ لە: گوڵ+الە بەڵکوو لێکدراوێکی رووتی کوردییە.

باغ ار چە گل و گلالە داراست
از عکس رخت نوالە خوارست (١٧) ل . م
(١٩٢/٥١/٣٥)

ماندە شدن: ماندوو بوون، شەکەت بوون، مانیای هەورامی، خەسە بوون

چو ماندە شد از عذاب و اندوە
سجادە برون فکند از انبوە (١٨)
(ليلي و مجنون) بند ١٧ بيت ٢١ ص ١٠٣

گلالە: گوڵاڵە، لێرەدا خوازەیە بۆ بسك و زوڵف

چون دید کە دیلم است خاموش
کردش ز گلالە گوردین پوش (١٩) ل . م (٥٧ - ٨٤ - ٣١٥)

گلالە تاك: (زلف تاك) ـ خوازەیە بۆ گەڵامێو

بر فرق چمن گلالەی تاك
پیچیدە شود چو مار ضحاك (٢٠) ل . م
(٣٢٣/٧/٥٨)

(درکەیە بۆ گەڵا پێچراوە و وشك بووەکانی لقە مێو)

ناوك: ناوکی سۆرانی، نەهەی هەورامی، ناف، کونی تیر، جۆرێ تیرکە کونێکی ئاسنین وا لە ناوەڕاستیا.

با قد کمان این جهانگیر
در مجري ناوك افتد آن تیر (٢١) ل . م
(٥٧/٦/٤٣)

دل دادن در ... دڵ هاتن لە پێناو... تەعبیرێکی درکەئامێزی کوردییە: چۆن دڵت دێ ... لەم دێڕەدا دەڵێ: چۆن دڵت دێ بەناحەق خوێنی ئە دوو سە بێگوناحە برێژی.

دل چون دهدت که بر ستیزي
خون دو سه بیگنه بریزي (۲۲) ل. م (۱٦٤/۱٤/۲۱)

شوی کردن: شوو کردن، شووکەردەی هەورامی، مێردکردن

غمخواره ي او غمي دگر یافت
کز کردن شوي او خبر یافت (۲۳) ل. م ۳٥ – ٤ – ۱۸۹)

بگری: هەرمانی ئەمرکردنی دووەم کەسی تاك، بگری، گرەوە (هەورامی)

افتاد پدر از کار، بگري
بگري به سزا و زار بگري (۲٤) ل. م ۳۸ – ٥ – ۲۰٤)

گیا به جیي گیاه: **گیای کوردی**

این قوم گیاي آن کیانند
بر جاي کیان نگر کیانند (۲٥) ل. م ۳۸ – ٤۸ – ۲۰۷)

کلیچه: **کولیچە، کولیچێ ی هەورامی**

آورد سبك طعام در پیش
بریان و کلیچه از عدد بیش (۲٦) ل. م (٤٦ – ۲٤ – ۲٤۸)

دیار: دیدار، دیار، لێرەدا مەبەست ئەو تەعبیرەکوردیەتە کەدەڵێ: بۆ دیتنی زۆر تامەزرۆم یان دەڵێن دیارت نیە.

رنجور تنست یا تنومند
هستم به دیارش آرزومند (۲۷) ل. م (٤۷ – ۲٦ – ۲٥۲)

چون راه دیار دوست بستند
بر جوي بریده پل شکستند (۲۸) ل. م ۱٥ – ۲۷ – ۹۷)

مەولەوی لەم بارەوە دەڵێ:

دڵ دیار نییەن های نە کەردەبۆ

وە خزمەت ئازیز تەشریف بەردەبۆ (٢٩) (دیوان) ل ٢٣٦

سرین: سەرین، سەرنگای هەورامی، باڵشت

گه ریخت سرشك بر سرینش
گه دیده نهاد بر جبینش (٣٠) ل. م (٣٢٨/٧٩/٥٨)

سیماب سرین: خوازەیە بۆ سەری رازاوە، لێرەدا رەنگە مەبەستی ئافرەتی کڵاوزەڕدار بێ

شمشاد نسیم و ارغوان خد
سیماب سرین و خیزران قد (٣١) ل. م (٢٨٥/١٣/٥٣)

بوری: مەبەست ئەسپ یان هێسری مەیلەو سوور یان کاڵە، هێسرە بۆرێ یان ئەسپی بۆر

بوري به هزار زور مي راند
بيتي به هزار درد مي خواند (٣٢) ل. م (١٤١/٨/٢٥)

شیخانە: نسبەت بە شێخ، وەك شێخ، ئاکاری شێخانە، گۆرانی شێخانە

بر نجد شدي ز تيز وجدي
شيخانه و نه شيخ نجدي (٣٣) ل. م (١٤١/٩/٢٥)

شیوە / شیون: وەکوو / گریان، زاری

بر شوي ز شعري كه خواندي
در شيوه ي دوست نكته راندي (٣٤) ل. م (٣٠٠/٧٣/٥٤)

خال: خاڵ خاڵۆ، لاڵ لالۆ، لالە

گر خواجه عمر كه خال من بود
خالي شدنش وبال من بود (٣٥) (ليلي و

مجنون (۱۱/۳۰/۷٥)

نموونه له هەڵبژاردەی مخزن الاسرار دکتر بهروز پروتیان، انتشارات توس، ۱۳۷۲

زنگله: زنگوله، زەنگ، زەنگڵەی هەورامی

طفل شب آهخت چو برداية دست
زنگله ي روز فراپاش بست (۳٦) (بند ٤/ بيت٥/ صفحه ۷۷)

(کاتێ کە شەو وەك زارۆیەك دەستی ئەهاوێ بۆ دایکی، دایکیشی - بۆ سەرقاڵکردنی - هەتاو وەك زەنگڵەیەك بە پایەوە دەبەستێ.)

پله: پەلە، کەل و پەل، شتوومەکی پیرەژن، پارە و سەرمایەی کەم، بسك و گیسو، بەشی دووەمی جۆرێ ئەتباعە، وەك دەڵێن: شرە و پرە، چیز میز، قرت و فرت میتافۆرە بۆ شتی زۆر گچك و بێ بایەخ.

بر پله ي پيره زنان ره مزن
دست بدار از پله ي پيرزن (۳۷) م. ا (۱۱/۱٦/۱٤٦)

سرسری: سەرسەری، سەتحی، سەرچڵ، بێ بیرکردنەوە، وازوازی

چونکه نسخته سخن سرسري
هست بُرِگوهريان گوهري (۳۸) م. ا (۳/۱/٦۳)

پارینه: پار، پارەکە: ساڵی رابردوو

نوردل و روشني سينه كو؟
راحت و آسايش پارينه كو؟ (۳۹) م. ا (۱٥/٦/۷٥)

ژێدەر و سەرچاوەکان:

١. ثروتيان بهروز، ليلي و مجنون، ١٣٦٣، انتشارات توس

٢. ثروتيان بهروز، آيينه غيب نظامي گنجه اي، ص٢٩، ١٣٦٩

٣. زرين كوب عبدالحسين، پير گنجه در جستجوي ناكجا آباد، ص٨، زمستان١٣٧٢، چاپ مهارت

٤. ثروتيان بهروز، آيينه غيب، ص١٢

٥. پير گنجه در جستجوي ناكجا آباد

٦. صفا د. ذبيح الله، تاريخ ادبيات ايران جلد٢، صص٤٥و٤٤، تهران ١٣٦٦،

٧. همان منبع قبلي

٨. كسروي احمد، تاريخ شهرياران گمنام، ج٣، ١٣٠٨

٩. ثروتيان بهروز، آيينه غيب ... ١٠. ثروتيان بهروز، آيينه غيب، ص٢٢

١١. ثروتيان بهروز، ليلي و مجنون، ١٣٦٣، انتشارات توس

١٢. زرين كوب، عبدالحسين، پير گنجه در جستجوي ناكجا آباد، ص١٥

١٣. همان منبع قبلي

١٤. ثروتيان بهروز، مخزن الاسرار

١٥. آيينه غيب ... ص ١٥١

٢٨ - ١٦. ثروتيان بهروز، ليلي و مجنون، ١٣٦٣، انتشارات توس

٢٩. ديوانى مەولەوى تاوە گۆزى، ل٢٣٦

٣٥ - ٣٠. ثروتيان، بهروز، ليلي و مجنون، ١٣٦٣، انتشارات توس

٣٩ - ٣٦. ثروتيان، بهروز، گزيده مخزن الاسرار، ١٣٧٢، انتشارات توس

٤٠. آيتي عبدالحميد، داستان خسرو و شيرين، ١٣٦٣ تهران، سخن پارسي (٨)

٤١. يوسفي د. غلامحسين، چشمه ي روشن، انتشارات علمي

٤٢. هەنبانە بۆرينەى مامۆستا هەژار مۆكريانى

٤٣. خمسه نظامي گنجه يي

٤٤. زرين كوب د. غلامحسين، باكاروان حله، انتشارات جاويدان، ٢٥٣٥.